

**پڕۆفیسۆر محەمەد شەعبان:**

**کێشەی ئێمە و ناوەند جگە لە کێشەی خاک، یاسای نەوت و گازە و تەنیا بە پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی چارەسەر دەبێت**


# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٤٤)- (٥)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٢


# گۆڕینی ئەقڵییەتی حوکمڕانی

## دوایین دەرفەتە لە بەردەم ئیسلامی سیاسیی شیعە لە عێراقدا

دەبێت چارەسەری کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەو جۆرە بێت کە سەرۆک بارزانی پێی ڕازی بێت

سەرۆک بارزانی بە هەموو لایەکی ڕاگەیاندووە بەو ئەقڵییەتەی لە دوای ٢٠٠٣وە حوکمڕانی پێ کراوە، هەرگیز حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو نایەتە ئاراوە






# داستانە مێژووییەگەی کۆڕێ

## ٤٥

ڕۆژی ٧ی نیسان ١٩٩١ ڕژێم بە فیرقەیەکی زرێپۆش و بە تانکی (تی ٥٥) هێرشێکی گەورەی کردە سەر مەسیف سەلاحەدین، چونکە تانکەکانی جۆری (T72) لەگەڵ هێزەکانی پاسەوانیی کۆماری لە ناوی شاری هەولێر و دەوروبەری جێگیر کرابوون، ئەو هێزەی ڕژێم فیرقەی بیست و حەوت بوو. هێرشەکەی دوژمن زۆر خێرا و خافڵگیرانە بوو. هێزەکانی بەرە هەر زوو پاشەکشەیان کردبوو بۆ دەربەندی کۆڕێ. هەتا ئەو کات هێشتا ڕێوشوێنی پێویست نەگیرابووە بەر و دابەشکردنی شوێن و ئەرکەکان تەواو نەکرابوو کە هێزەکانی عێراق لە مەسیف بەرەو کۆڕێ شۆڕ بوونەوە و بەرەو دەربەندی کۆڕێ کەوتنە ڕێ.

سەرەتا تەنیا بیست و چوار پێشمەرگەی هێزی بارزان لە دەربەندی کۆڕێ بوون، ئەوانیش مەردانە دەست و بازوویان هەڵ کرد و سەروەری و سەرکەوتنێکی گەورەی مێژوویییان تۆمار کرد،دوای شەڕێکی قورس و دەستە و یەخە، خوای گەورە دەرفەت و یارمەتیی داین دوای دوو کاتژمێر لە شەڕەکەدا هێزەکانی ڕژێم بەشێوەیەک شکان، کە ئەوان هەر بە خەیاڵیشیاندا نەهاتبوو و، ئێمەش پاش ئەو هەموو داڕووخان و بێهیواییە چاوەڕێی سەرکەوتنێکی لەم چەشنەمان دەکرد، پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێت: «همة الرجال تقلع الجبال».

هێزەکانی ڕژێم لە داستان و بەرگرییە مێژووییەکەی کۆڕێدا تووشی شکست و زیانی گەورە هاتن. زیانەکانی دوژمن لە ئەنجامی شەڕەکەدا بەم شێوەیە بوو:

– بەجێهێشتنی شێست و سێ جەنازە.
– دەسکەوتنی چوار دەبابە.
– سووتانی یەک دەبابە.
– حەفتا چەکی کلاشینکۆف کەوتە دەست پێشمەرگە.
– سێ سەیارەی سەربازیی جۆری زیل و جێب قیادە، کەوتنە دەست پێشمەرگە.

# چاپکراوی نوێ




له بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، کتێبی (ژێردەستە دەتوانێ قسەبکا؟) له نووسینی گایاتری سپیڤاك و وەرگێڕانی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر سەنگەر حاجی، کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، کتێبەکە باس لەوانە دەکات که به ژێردەستەو پاشکۆو پەراوێزو خەڵکی جیهانی دووەم و سێیەم و چوارەم ناویان دێ، ئەمانە دەکرێ ئافرەت بن و بچەوسێنرێنەوە، یان بەندە بن لەبەر هەژاری و ڕەنگی پێستیان، یانیش یاریزانێکی تۆپی پێ یان باسکە بن، له دونیای پۆستمۆدێرندا خوێنیان کرِدرابێت و مامەڵەی ژێردەستەییان لەگەڵدا بکەن. نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە که جۆرێکی ژێردەستەیی و پاشکۆبوون و پەراوێزبوون هەیه که له هەموو ئەمانە سەختتر و بەرفراوانترو درێژخایەنتر و کارەساتبارترە، ئەویش نەبوونی دەوڵەتە، چونکه که نەتەوە دەوڵەتی نەبوو، هەموو ئەو جۆرە بەندایەتی و ژێردەستەییانە و بگرە زیاتریشی بەسەردا دەسەپێنن.

وەرگێڕی کتێبەکە دەڵێت: لەبەر سێ هۆ وەرمگێڕاوە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی باسی خەڵکی ژێردەستەو پاشکۆو پەراوێزخراو دەکات، جا پاساو و هۆکاری ژێردەستەبوونیان هەر چییەك بێت، یان بووبێت، کورد نەتەوەیەکی ژێردەستەو پاشکۆو پەراوێزخراوە، بۆیە پێویستە ئەم کتێبە بخوێندرێتەوە، تا پتر دڵنیا بین که ئێمە ژێردەستەین و هێشتا ئازاد نین و ئازادیش نابین تا دەوڵەتمان نەبێت. هۆی دووەمی وەرگێڕانی ئەم کتێبە ئەوەیە، سیڤاك فەیلەسووفێکی پۆست-کۆلۆنیاله باوەڕی بەوە هەیه که ئەم ڕۆژهەڵاتەی ئێمەی تێدا دەژین، نه ئێمە دروستمان کردووە و نه ئێمە بڕیاری لێ دەدەین و نه ڕای ئێمە وەرگیراوە له کاتی دروستکردنی، ئێمەی کوردیش گەورەترین نەتەوەیین که زۆرترین کارەساتمان بەدەست کۆلۆنیالیزم و ئیستیعمار چەشتووە و زۆرترین باجیشمان داوەو دەدەین. نووسەر له کۆتاییدا دەڵێت: هۆکاری سێیەمیش بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا ئەوەیە که خودی نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەموو ئەمانەی لەسەرەوە نووسیویەتی ویستوویەتی بیلێت.

دەستخۆشی له دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و دکتۆر سەنگەر حاجی دەکەین بۆ ئەم کتێبە دانسقەیە، به هیوای بەرهەمی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ










لەم ماوەیەدا نووسەری بەتوانای کورد(حەمە سەعید حەسەن) پێنج کتێبی چاپ کردووە، کە یەکێکیان چاپی یەکەمە بە ناونیشانی(ڕۆمان وەك ناسنامە) کە بابەتی ڕەخنەی کلتوورییە، نووسەر لە بەشێکی ئەم بەرهەمەدا ئاماژە بەوە دەکات کە وەك چۆن ڕۆماننووس بۆ خوێندنەوەی دەوروبەر و دونیا، پێویستی بە مەعریفەیەکی قووڵ هەیە، خوێنەریش ئەگەر خۆی بە مەعریفە تەیار نەکردبێت، ئەستەمە لەو نووسەرانە تێبگات کە قووڵ و جیاواز دەنووسن. هەروەها دەڵێت: ڕۆمان پرسیار دەورووژێنێت، بۆ ئەوە نانووسرێت، شتێك بسەلمێنێت. ئایین و ئایدیۆلۆجیا بە چەسپاندنی چەمکی پیرۆزەوە سەرقاڵن، بەڵام ڕۆمان پێمان دەڵێت: یەقین لوتکەی گەوجایەتییە.

کتێبی دووەمی نووسەر، ئەمەشیان چاپی یەکەمیەتی بەناوی(داعش فەزای گشتیمانی داگیر کردووە) کە بریتییە لە بیروبۆچوون، نووسەر لە (١٠٠) بابەتی هەمەجۆری فیکری ئەم بۆچوونانەی کۆکردووەتەوە، لەوانە بۆچوونی خەلیل عەبدولکەریم کە زانایەکی ئیسلامناسی میسرییە گەلێك کتێبی لەبارەی ئیسلامەوە نووسیوە، بەتایبەتی ئیسلام لە سەروەختی سەرهەڵدانیدا، قورەیش لە خێڵەوە بۆ دەوڵەتی ناوەندی، دەوڵەتی یەسروب، ئیسلام لە نێوان دەوڵەتی مەدەنی و دەوڵەتی دینیدا و ڕەگوڕیشە دیرۆکییەکانی شەریعەتی ئیسلام، جگە لەمە لە بابەتێکی دیکەدا باس لە ستۆکهۆڵم سینجرۆم دەکات کە بارودۆخێکی دەروونییە، تێیدا قوربانی سۆزی بەرانبەر بە جەلاد هەیە، هەروەها ئاماژەی بە(نۆستالجیا)کردووە وەك تامەزرۆیی بۆ نیشتمان و خەوبینین بە ڕابردوو و خۆزگە خواستن بۆ گەڕاندنەوەی ئەوسای لەکیسچوو.







نووسەر چەندین بابەتی دیکە لەم کتێبەدا دەخاتە ڕوو.

(هونەری نووسینی چیرۆك) کە چاپی دووەمی کتێبەکەی حەمە سەعید حەسەنە، لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە، نووسەر لەو باوەڕەدایە کە کتێبی چاك وا لە خوێنەر دەکات، هەست بکات، ئەوەی دیخوێنێتەوە، ئەزموونی خۆیەتی، ئەدەبی چاك لە ناکاو شتێکی گرنگمان وەبیر دێنێتەوە، کە پێشتر زانیومانە، وەلێ لە یادمان چووەتەوە، هەروەها دەنووسێت: هاوژینەکەی تۆلستۆی لە سەروەختی پاکنووسکردنی (شەڕو ئاشتی) دا، دەکەوێتە ئەتمۆسفێرێکی هێندە شاعیرانەوە، پێی وا دەبێت، ئەوە ڕۆمانەکە نییە کە هێندە جوانە، بەڵکوو ئەوە خۆیەتی کە هێندە زیرەکە، نووسینی جوان کارێکی تا بڵێیت سەخت و ئەستەمە، بۆیە هێندە کاریگەرە، سەرنجی هەر دێڕێك یان پەرەگرافێك لە نووسینێکی جوان بدەیت، وا هەست دەکەیت، نووسەرەکەی بە باشترین شێوە دایڕشتووە و هیچ ئەڵتەرناتیڤێکت بە خەیاڵدا نایەت، لەوەی نووسەر باڵاتر بێت.

چاپی سێیەمی کتێبی (یەکێتیی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟) هەر لە بەرهەمەکانی حەمە سەعید حەسەنە کەوتە بەر دەستی خوێنەرانەوە، باس لە دیرۆك و مێژووی دامەزراندن و چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد دەکات، ئەو دەنووسێت: ئەم یەکێتییە یەکێك بوو لەو دەستکەوتە گرنگانەی گەلی کورد لە ئەنجامی خەباتێکی درێژخایەنی خوێناوییەوە بە دەستی هێنا بوو، ئەو یەکێتییە هەر لە سەرەتای دامەزراندییەوە کە بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە، لە ڕێی چالاکییە هەمەجۆرەکانییەوە، توانیبووی بە جەماوەری فراوانی کوردی بسەلمێنێت کە بوونی پێویستییەکی دیرۆکییە.

(هونەری ڕاوەژن) کە چاپی چوارەمیەتی کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، ئەم بەرهەمە یەکەمین کۆمەڵە ساتیرەچیرۆکی کوردییە، لە بەشێکی ئەم کتێبەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئایاری ٢٠٠٢دا، لە ڕاپرسیەکدا بۆ دیاریکردنی دە شاکاری ئەدەبی، بە درێژایی ئەو مێژووەی دەکەوێتە نێوان(هۆمیرۆس و تۆلستۆی)یەوە، کە گەورە نووسەرانی وەك میلان کوندێرا، کارلۆس فۆینتس، نادین گۆردیمیر و سەلمان ڕوشدی بەشدارییان تێدا کردبوو، دۆن کیخۆتە، ساتیرە ڕۆمانەکەی سێرڤانتس (١٥٤٧-١٦١٦) لە شاکارەکانی شەکسبیریش زیاتر دەنگی هێنا، لە ناوەڕاستی ئەپریلی ٢٠٠٥دا سەرکۆماری ڤێنزویلا بڕیاری دا یەك ملیۆن لە دۆن کیخۆتەکەی سێرڤانتس چاپ بکرێت و ببەخشرێتەوە.

لە ڕاستیدا دەتوانین هەر پێنج بەرهەمی نووسەری بە توانای کورد (حەمە سەعید حەسەن) بخەینە خانەی کتێبە هەرە بەنرخ و دانسقەو نایابەکانەوە، جگە لە داڕشتن و شێوازی نووسین و زمانە پاراوەکەی، سەرچاوەی زۆر گرنگن بۆ خوێنەر و توێژەران، لە کۆتاییدا ئەوەندە ماوە کە بڵێین دانەیەك لە هەر یەکە لەو پێنج کتێبانە گەیشتووەتە (گوڵان)، وێڕای دەستخۆشی لە نووسەر، گرافیك و دیزانی هەمووشیان لەلایەن هاوکارمان (لوقمان ڕەشیدی) یەوە بە شێوەیەکی هونەری و زانستیی پێشکەوتوو کراوە.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر، لەپێناو دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.




## دکتۆر سەباح سوبحی:



### ژینگەیەکی ئارام لەناو پەرلەمانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دروست بووە

## پرۆفیسۆر جەیمس لیبۆڤیج:



### پوتین خۆی تووشی گۆشەگیری کردووە و زەحمەتە دادن بە شکستی خۆیدا بنێت

## غەفوور ئەحمەد مەلا سوار:



### بە بڕی نزیکەی ٧ملیار دینار پرۆژەی ڕێگاوبان لە مێرگەسۆر جێبەجێ کراوە

## پرۆفیسۆر هوارد فیدرسپیل:



### بایدن پوتینی تووشی سەرسوڕمان کرد

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

مەلا محەمەدی شەڵماشی:



**جێگای داخە تەنیا کورد نەیتوانیوە بۆ دەوڵەت و سەربەخۆیی سوود لە ئایینی ئیسلام وەربگرێت**

نیشتمان هەڵەبجەیی:

**سەرکەوتنەکانم بە هۆی هاوسەرەکەم بووە**



**زیانە تەندروستییەکانی خۆراکی خێرا**



**درۆنێکی بچووک بە پەنجەیەک کۆنترۆڵ دەکرێ**



**پۆرترێتی نیشتمان.. سێ هونەرمەندی ناودار (فوئاد ئەحمەد، شەماڵ سائیب و تەحسین تەها)**



رەنا بەرەكات :

**هیوادارم بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکان بکەم**





مەلا محەمەدی شەڵماشی

زانای ئایینی و نووسەر بۆ گوڵان:

# جێگای داخە تەنیا کورد نەیتوانیوە بۆ دەوڵەت و سەربەخۆیی سوود لە ئایینی ئیسلام وەربگرێت

# دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ عێراق دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ژیایەوە

## بوونی ئەو هەموو حزب و لایەنە سیاسییە ئەگەر بۆ چاکسازی و کاری خێر بێت، زۆر بە بەهایە، بەڵام لە دژی براکەی لەگەڵ دوژمن ڕێک بکەوێت، شتێکی زۆر خراپە

**مەلا محەمەدی شەڵماشی ڕووناکبیر و کوردپەروەر و گەورە زانا و مامۆستای ئایینی و نووسەر و وەرگێڕی ڕۆمانی (بێسەرپەرشتان و بێنەوایان)، خاوەن قەڵەمێکی بەبڕشت و دەیان کتێبی ئایینی و مێژوویی و ئەدەبییە، کەسایەتییەکی دیار و ڕێزلێگیراوی ناو مامۆستایانی ئایینییە.**

**مەلا محەمەدی شەڵماشی خەڵکی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ساڵانی شەستەکانەوە هاتووەتە شاری سلێمانی، برای شەهید مامۆستا ئاوارەیە. مامۆستا بە درێژایی تەمەنی لە خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بووە و لاپەڕەکانی ژیانی پڕیەتی لە پەند و عیبرەت، لەگەڵ سەرکردە و کەسایەتییە دینی و نیشتمانپەروەرەکان و ڕۆشنبیر و شاعیرەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرێمی کوردستاندا ئاشنایەتی زۆری هەیە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەم زانایەی کورد ساز دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بەو پێیەی شارەزاییەکی باشت لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول و سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی و زۆر لە سەرکردەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا هەیە، سەرەتا پرسیارمان لەوەوە دەست پێ دەکەین، بۆچی لەو سەردەمەدا مەلا و مامۆستای ئایینی پێگەی خۆیان لە شۆڕشەکاندا بووە و لە سەرکردەکان نزیک بوون؟**

- لە مێژووی گەلی کورددا دەیان زانای بلیمەت و سەرکردەی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری لێهاتوو هەڵکەوتوون، بەڵام داگیرکاری وای کردووە بەرهەم و گەورەییان دەرنەکەوێت. کورد لە هەر چوار لاوە بە دوژمن دەورە دراوە و خۆیشی دوژمنی خۆیەتی و لە دەوری سەرکردەیەك کۆ نابنەوە و، بەردەوام پەرتەوازە و ناتەبان، لە سەردەمی پێشەوادا زۆر لە هۆزە گەورەکان دەیانگوت چۆن دوای مێزەربەسەر دەکەوین و ژێربەژێر لەگەڵ شا-دا پەیوەندییان دژی پێشەوا هەبوو. شێخ مەحموودی حەفید هۆزی کوردی ڕۆژهەڵات دەهات بەرگرییان لێ دەکرد، مەلا مستەفا بارزانی گەلەکۆمەکییەکی گەورەیان لێ کرد، ئەمە بە میراتی بۆمان ماوەتەوە و لە هەمووشی خراپتر کورد، هەست بە خۆکەمزانین دەکات. من بە حوکمی ئەوەی باوکم زیاتر لە ٥٠ ساڵ مەلای مزگەوت و حوجرە بووە و ساڵێك دوای شەهیدبوونی پێشەوا منیش چوومە ناو فەقێتییەوە، سەردەمی پێشەوا و مەلا مستەفام لە بیرە و، ئەو بارودۆخەم بینیوە و تێیدا ژیاوم. ئەو کات لە گوندەکەمان لە (شەڵماشی) لە سنووری سەردەشت کە دەکەوتە ناو جوگرافیای سنووری کۆمارەوە قوتابخانەی لێ نەبوو. لە گوندەکەمان ١٥ پێشمەرگەی لێ بوون، بە نۆرە دەچوونە ئەرکی پێشمەرگایەتی، زەمەنێکی جوان و پڕ بوو لە کوردایەتی و دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری، ئەو زەمەنە بۆ یەکەمین جار لە کۆماری کوردستان زمانی کوردی بە فەرمی کاری پێ کرا و، خەڵکی و بەتایبەت ئافرەتان چوونە قوتابخانە. لە بیرمە پێشەوا یەکەمین سەرکردە بوو خێزانی خۆی ناردە

**مێژووی گەلی کورددا دەیان زانای بلیمەت و سەرکردەی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری لێهاتوو هەڵکەوتوون، بەڵام داگیرکاری وای کردووە بەرهەم و گەورەییان دەرنەکەوێت**

**کورد لە هەر چوار لاوە بە دوژمن دەورە دراوە و خۆیشی دوژمنی خۆیەتی و لە دەوری سەرکردەیەک کۆ نابنەوە و، بەردەوام پەرتەوازە و ناتەبان**

**هۆکاری سەرەکیی ڕووخانی کۆماری کوردستان خیانەت بوو لەلایەن هەندێک هۆزی گەورەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ژێر بە ژێر پەیوەندییان لەگەڵ شا هەبوو**

**لە دێیەکانی ئێران یارمەتی و کۆمەک کۆ دەکرانەوە و دەدرا بە ئەحمەت تۆفیق و دەنێردرایە خزمەتی پێشمەرگەکانی شۆڕش**

**لە ساڵی ١٩٦٨ کاتێک هاتمە سلێمانی یەک مەلا ناکۆکییان لە نێواندا نەبوو، هەمووان یەکگرتوو بوون، ئێستا دەیان حزبی ئیسلامی پەیدا بوون و حیساب بۆ کەس ناکەن**

قوتابخانە. من زۆرم پێ خۆش بوو پێشەوا لەگەڵ مەلا مستەفا بڕۆشتایە و شەهید نەبووایە، پێشەوا و مەلا مستەفا پەیوەندییان زۆر باش بوو، یەك زەڕە موخالیفی یەکتر نەبوون، مەلا مستەفا بارزانی ژەنەڕاڵێکی بەهێز و دڵسۆزی کۆماری کوردستان بوو، مەلا مستەفا زۆر تکای کرد پێشەوا لەگەڵیدا بڕوات، بەڵام لەگەڵی نەڕۆیشت، دواجار پێشەوایان لە سێدارە دا، هۆکاری سەرەکیی ڕووخانی کۆماری کوردستان خیانەت بوو لەلایەن هەندێك هۆزی گەورەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ژێر بە ژێر پەیوەندییان لەگەڵ شا هەبوو.

هەموو ئەم زاتانە و سەرکردە گەورانەی کورد ئەهلی مزگەوت و حوجرە و خانەقا بوون، مەلا و شێخ و مامۆستای ئایینی لە دەوریان بوون و زۆر فیداکار و چالاك و دڵسۆز بوون.لە شۆڕش و خەبات و حوکمداریدا زۆر سەرکەوتوو بوون، بەڵام خیانەتیان لێ کردن. شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموود و پێشەوا خیانەتیان لێ کرا، لە ناو کورد پیاوی وەکو مەلا مستەفا بارزانی نەبوو، تا کۆچی دوایی کرد، خانووی خۆی نەبوو تێیدا بێت. من لە نزیکەوە زۆر دەچوومە خزمەتی، لە زەمەنی مەلا مستەفا بارزانی مەلاکانی سلێمانی زۆریان چووبوونە دەرەوەی شار و لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بوون، کەم مەلا لە ناو شاردا مابوون، ئەوانیش پاڵپشتی و پشتگیرییان لە مەلا مستەفا بارزانی دەکرد، ئەویش ڕێزی زۆری لە مەلا و زانا و مامۆستای ئایینی دەگرت و هەر خۆی ئەهلی مزگەوت و ئیمان بوو. مەلا مستەفا بارزانی کە هاتەوە بۆ عێراق نەك تەنیا لە باشووری کوردستان، بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کورد ژیایەوە، زۆر لە ڕۆشنبیر و هونەرمەند و مەلا و کەسایەتی دیوی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش هاتنە لای مەلا مستەفا بارزانی، لە دێیەکانی ئێران یارمەتی و کۆمەك کۆ دەکرانەوە و دەدرا بە ئەحمەت تۆفیق و دەنێردرایە خزمەتی پێشمەرگەکانی شۆڕش. مامۆستا و مەلای کورد لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکانی میللەتەکەماندا بەشدار بوون، ئەوان بە جوانی خوداپەرست بوون و عیشقیان بۆ خواپەرستی هەبووە و، پاڵپشتیی میللەتەکەیان کردووە. مێژووی کورد بخوێنەوە بزانە چەند مامۆستا و مەلای کورد لە ناو شۆڕشدا بوون، تەنانەت خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانیش خیانەتیان لێ کردووە و درۆیان بە دەمیەوە کردووە، خۆی لە نزیکەوە بەمنی گوت بە ناوی منەوە درۆیان هەڵبەستووە لەسەر کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەو لە شاخ بوو، کاتێکیش گەڕایەوە نەفی عەرەبستانیان کرد و لە ناو مزگەوتی گەورە لەگەڵ حکومەتێکی دڕندەدا هەر ئەوەندەی پێ دەکرا. کەسایەتییەکی وەکو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس هەرچوار پارچەی کوردستان قەرزاری ئەون، کە خزمەتێکی وا گەورەی ئەدەبیات و زمانی کوردی کردووە.

*** ئایا دەتوانین بڵێین تا ئێستاش ئەم ڕۆڵەی مەلا و مامۆستای ئایینی بەردەوامە و هزری نەتەوەیی و ئایینی گرێدراوی یەکترن؟**

- دوای ساڵی ١٩٧٥ ڕۆڵی مەلا و مامۆستای ئایینی کەم بووەوە، ئەو کات مەلا و شێخ و زانای ئیسلام هەبوو ناکۆکییان لە نێواندا نەبوو، لە ساڵی ١٩٦٨ کاتێك هاتمە سلێمانی یەك مەلا ناکۆکییان لە نێواندا نەبوو، هەمووان یەکگرتوو بوون، ئێستا دەیان حزبی ئیسلامی پەیدا بوون و حیساب بۆ کەس ناکەن. ئەمە زۆر خراپە، خودای گەورەو میهرەبان لە قورئاندا دەفەرموێت : «لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا ۚ فَسُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ)»،. ئەو کات ئەم هەموو حزب و حزبایەتی و حزبی ئیسلامی و چەپە پەیدا نەبووبوون، تەنانەت حزبە ئیسلامییەکان و ئەو هەموو ڕەوتە ئیسلامییە بڕوایان بە یەکتر نییە، پێشتر لە شۆڕشی ئەیلوولدا هەموو مەلاکان بێ جیاوازی دوای مەلا مستەفا بارزانی کەوتبوون.

*** وەکو زانا و مەلایەکی ئایینی کە لە نزیکەوە مەلا مستەفا بارزانیت بینیوە، دەڵێن ماوەیەك ئەمری گرتنت بۆ دەرچوو بوو، ئایا ئەمە چۆن بوو؟**

- من کاتێك هاتمە سلێمانی و لە چەندین مزگەوتێکی ئەو شارە مەلا و گوتارخوێن بووم، تەنانەت ١٠ ساڵ لە خانەقای مەولانا خالید نەقشبەندی گوتارخوێن بووم، جارێکیان لە بەیاننامەی ١١ ئادار مەلاکانی سلێمانی چوونە خزمەتی مەلا مستەفا بارزانی و بە منیان نەگوتبوو، ئەگینا دەچوومە خزمەتی مەلا مستەفا لەگەڵ ئەواندا، کاتێك گەڕانەوە وتیان فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووە، بۆیە چوومە لای مەلا عوسمان کۆڵە لە دێی وەڵزێ، کە دێیەکی گەورەیە لە باڵەکایەتی، لەوێ داوام لە مەلا عوسمان کرد بمباتە لای مەلا مستەفا بارزانی، مەلا عوسمانی کۆڵە کەمێك بێدەنگ بوو، پێی وتم: بە قسەی من بکە و بچۆ سەر پردی گەڵاڵە و تەکسییەك

بگرە و سەری خۆت هەڵگرە، من زۆرم پێ ناخۆش بوو، بڕیارم دا بچمە لای جەنابی ئیدریس بارزانی لە گوندێك پێیان دەوت دیلمان، ئەو دەمە کاکە ئیدریس خێوەتگەیەکی لە تەنیشت حاجی ئۆمەران هەڵدابوو، کۆمەڵێ پێشمەرگەی زۆر لە دەوری بوون، لەژێر ڕەشماڵی ئەودا ڕێزیان لێ نام و کاتێك خۆم بە کاك ئیدریس ناساند، هەستا لەبەرمدا و پێمی وت مامۆستا خۆت هاتووی؟ ئیدریس بارزانی لە تەنیشت خۆیەوە دانام و ڕێزێکی زۆری گرتم، کاتێك ویستم بڕۆمەوە، گوتی: دەتبەمە خزمەتی مەلا مستەفا بارزانی. کاتێك چوومە خزمەتی ئەو زاتەش ڕێزی زۆری لێنام و نۆ شەو لەخزمەتیدا بووم. تەنانەت بارزانی لەگەڵ کاك ئیدریس منی ناردە مەولوودێکی بنەماڵەی خۆیان لە قەسرێ، کاتێکیش ناردیانمەوە زەرفێکیان پێم دابوو، پێم وابێ ٣٠ دیناری ئەو کاتەی تێدا بوو، کە زۆر بوو، پۆلیسێك دوو دینار مووچەی بوو، دواتر زوو زوو دەچوومە خزمەتیان و ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرتم.

*** لە سەرەتای قسەکانت باسی ئەوەت کرد میللەتی کورد نەیتوانیوە وەکو گەلانی دیکەی ناوچەکە، بەتایبەتی عەرەب و فارس و تورك، سوود لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەربگرێت، ئەمە هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- گەلی کورد لە هەموو گەلانی دیکەی ناوچەکە موسڵمانترە و بە ڕەسەنی و جوانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان وەرگرتووە، جێگای داخە تەنیا کورد نەیتوانیوە سوود لە دینی ئیسلام وەربگرێت بۆ دنیا و خۆشگوزەرانی و سەربەخۆیی، کورد لە هەموو نەتەوەکانی دیکە موسڵمانتر بووە و بۆ نوێژ و خواپەرستی لە هەموو نەتەوەکانی دی ئازاترن، بەڵام کورد سوودی سیاسی لە ئایین وەرنەگرتووە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ناوخۆیاندا یەکگرتوو نەبوون و بەردەوام شکستی کورد لەسەر دەستی خیانەتکاران بووە. کوردەکانیان دابەش کردووە بە ناو و ناوی جۆراوجۆری ئیمارات و میر و ناوچەوە، بۆ ئەوەی لە دەوری یەك سەرکردە و مەرجەعێك کۆ نەبنەوە و یەك نەگرن، هەر بە ناکۆکی و دژایەتیکردنی یەکتر بمێننەوە. ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیانی بە کورد نەگەیاندووە، ئەوە سەرکردە و لێپرسراوانی فارس و تورك و عەرەبن کە بە ناوی دینەوە زیانیان بە کورد گەیاندووە، کوردیش لە ناوخۆدا یەکگرتوو و تەبا نییە، تۆ سەیر بکە کورد بە گەورەکەی خۆی ڕازی نییە، کەچی عەرەبی عێراق چوون لە مەککە و مەدینە کابرایەکیان هێنا و پێی ڕازی بوون و کردیانە پاشای عێراق، تەنانەت ڕەخنە لە سەرکردەیەکی گەورەی کورد دەگرن کە سەلاحەدینی ئەیوبی بوو، خۆ لە زەمانی ئەودا قەومییەت نەبووە و هەموو موسڵمانان و دوژمنەکانیشی بە گەورە و بلیمەتیان داناوە. خواپەرستی و نیشتمانپەروەری دژی یەك نین، پێغەمبەر (د.خ) کاتێك کافرەکان لە مەککە دەریان کرد فەرمووی: «واللە إنك لخير أرض اللە وأحب أرض اللە إليَّ ولولا أن أهلك أخرجوني منك ما خرجت منك».

*** ئێستا میللەتەکەمان لە قۆناغێکی هەستیاردایە، کەچی حزبە کوردستانییەکان هەریەکەو لە لایەك گوتاری بۆ دۆخەکە هەیە. ئایا لەم بێ سەروبەرییەی ئێستادا ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی چییە و بۆ ئەرکی نیشتمانی دەبێت مامۆستایانی ئایینی چۆن هەنگاو بنێن؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام دژی فیتنە و ئاشووب و نانەوەی دووبەرەکییە، پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: «المُسْلِمُ أَخُو المُسْلِمِ لاَ يَظْلِمُهُ وَلاَ يُسْلِمُهُ...» واتا موسڵمان برای یەکترن و زوڵم لە یەك ناکات. بەڵام برا وەکو کوڕەکانی حەزرەتی نوح نەبێت، هەر خەریکی فێڵ و ئازاردانی یەکتر و کوشتنی یەکتر بوون، پێویستە کورد گەورەیەکی هەبێت و بە قسەی گەورەکەیان بکەن، نەك وەکو ئێستا کوڕ بە قسەی باوکی نەکات، پێویستە سەرنەکێشین بۆ خراپەکاری و گوێ لە مەلا و مامۆستای ئایینی و گوتاری هەینی ڕابگرن و جێبەجێی بکەن، نەك لەدوای نوێژ بیرمان بچێتەوە و ڕەفتارەکانمان ڕەفتاری موسڵمان نەبێت.

مەلا و مامۆستای ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەبێت پێشەنگ بن بۆ قسە و کاری چاکە، دژی نانەوەی بیدعەی خراپ و هزر و بیری توندڕەوی و بازرگانیکردن بە ئایین بن.ئیدعاکردن و بیدعەی خراپ زیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگەیەنێت. بوونی ئەو هەموو حزب و لایەنە سیاسییە لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر بۆ چاکسازی و کاری خێر بێت زۆر بە بەهایە، بەڵام حزب و لایەنی سیاسی دژی میللەتەکەی بێت و لە دژی براکەی لەگەڵ دوژمنەکانی ڕێك بکەوێت، ئەوا شتێکی زۆر خراپە. ئێمەش وەکو بەغدامان لێ هاتووە، دەیان حزبی سیاسی هەیە و کۆمەڵگە و موسڵمانانیان پەرش و بڵاوکردووە و دژی خەڵك و نەتەوە و حکومەتەکەشیانن.

گەلی کورد لە هەموو گەلانی دیکەی ناوچەکە موسڵمانترە و بە ڕەسەنی و جوانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان وەرگرتووە

ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیانی بە کورد نەگەیاندووە، ئەوە سەرکردە و لێپرسراوانی فارس و تورك و عەرەبن کە بە ناوی دینەوە زیانیان بە کورد گەیاندووە

کورد بە گەورەکەی خۆی ڕازی نییە، کەچی عەرەبی عێراق چوون لە مەککە و مەدینە کابرایەکیان هێنا و پێی ڕازی بوون و کردیانە پاشای عێراق

مەلا و مامۆستای ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەبێت پێشەنگ بن بۆ قسە و کاری چاکە، دژی نانەوەی بیدعەی خراپ و هزر و بیری توندڕەوی و بازرگانیکردن بە ئایین بن




# گۆڕینی ئەقڵییەتی حوکمڕانی

**دوایین دەرفەتە لە بەردەم ئیسلامی سیاسیی شیعە لە عێراقدا**


الله اكبر

**هەر وەک چۆن لە شەڕی دژی داعشدا، هێزەکانی حەشدی شەعبی خۆیان کرد بە خاوەنی سەرکەوتنەکانی دژی داعش و ڕۆڵی سوپا و پۆلیسی فیدراڵیان پەردەپۆش کرد، ئەمجارە لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت و ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی دەیانەوێت هەمان سیناریۆ، بەڵام لە بوارێکی دیکە دووبارە بکەنەوە و بەرنامە و سەرکەوتنەکانی حکومەتی «محەمەد شیاع سودانی» بە باڵای هێزەکانی حەشدی شەعبیدا ببڕن**

**دانانی ناوی «موهەندیس» بۆ کۆمپانیاکەی حەشدی شەعبی ئاماژە نییە بۆ «ئەندازیار» بەڵکو ئاماژەیە بۆ ناوی «حاجی مەهدی موهەندیس جێگری فەرماندەی گشتیی هێزەکانی حەشد» کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ و سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ لەگەڵ قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی «قودس»ی سوپای پاسدارانی ئێران، لە فڕۆکە خانەی بەغدا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کوژران**

دامەزراندنی کۆمپانیایەك بە ناوی «کۆمپانیای موهەندیس» بە سەرمایەی ١٠٠ ملیار دینار لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ دامەزراوەی «حەشدی شەعبی، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە هێزەکانی حەشدی شەعبی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سودانی بە حکومەتی خۆیان دەزانن و، دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایەش کە وەك دەڵێن لەسەر پێشنیاری قەیس خەزعەلی سەرۆکی عەسائبی ئەهلی هەقە، بۆ ئەوەیە بە شێوەیەکی ڕووکار فەسیل و گرووپەکانی حەشدی شەعبی بکاتە هێز و فاکتەرێکی کاریگەر لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەتی ئێستای عێراقدا، بەڵام لە ناوەرۆکدا بۆ ئەوەیە هێزەکانی حەشدی شەعبی کۆنترۆڵی جڵەوی حوکمڕانی لە عێراقدا بکەن، هەر وەك چۆن لە شەڕی دژی داعشدا، هێزەکانی حەشدی شەعبی خۆیان کرد بە خاوەنی سەرکەوتنەکانی دژی داعش و ڕۆڵی سوپا و پۆلیسی فیدراڵیان پەردەپۆش کرد، ئەمجارە لە پرۆسەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت و ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی دەیانەوێت هەمان سیناریۆ، بەڵام لە بوارێکی دیکە دووبارە بکەنەوە و بەرنامە و سەرکەوتنەکانی حکومەتی «محەمەد شیاع سودانی» بە باڵای هێزەکانی حەشدی شەعبیدا ببڕن، بۆ ئەمەش ئاماژە بە چەند خاڵێك دەکەین:

١. دانانی ناوی «موهەندیس» بۆ کۆمپانیاکەی حەشدی شەعبی ئاماژە نییە بۆ «ئەندازیار» بەڵکو ئاماژەیە بۆ ناوی «حاجی مەهدی موهەندیس جێگری فەرماندەی گشتیی هێزەکانی حەشد» کە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ و سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ لەگەڵ قاسم سولەیمانی فەرماندەی فەیلەقی «قودس»ی سوپای پاسدارانی ئێران، لە فڕۆکە خانەی بەغدا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کوژران.

٢. هێزەکانی حەشدی شەعبی بە سەرۆکایەتیی «مەهدی موهەندیس» خۆیان بە پاڵەوانی شەڕی دژی داعش و خاوەنی هەموو سەرکەوتنەکان بەسەر داعشدا لە قەڵەم دەدا، هەر بۆیە دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایەش بە ناوی «موهەندیس» واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە بەدیل و جێگرەوەی حکومەت و کەرتی تایبەتیش.

٣. کۆمپانیای «موهەندیس» کە لە ڕووی یاساییەوە بە سەرمایەی ١٠٠ ملیار دینار (کەمتر لە ٧٠ ملیۆن دۆلار) دامەزراوە، بەڵام لە ڕووی واقیعی پراکتیکییەوە زۆر لەوە گەورەترە و، وەك شرۆڤەکارانی ئابووری ئاماژەی پێ دەکەن، ئەم کۆمپانیایە دەبێتە گەورەترین کۆمپانیای «بونیادنانەوە لە عێراقدا» و تەنانەت باس لەوەش دەکەن کە بە ڕادەیەکی زۆر کەرتی تایبەت قۆرخ بکات و تەواوی پرۆژەکانی بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، ئەمەش جیا لەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکاتە خاوەنی «سەرمایەیەکی زەبەلاحی سەربەخۆ» لە هەمان کاتدا دەبێتە بەدیل و جێگرەوەی حکومەتیش.

هەڵوەستەکردنمان لەسەر دامەزراندنی کۆمپانیای «موهەندیس» لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پرۆسەی حوکمڕانی و جێبەجێکردنی دەستوور و هەنگاوهەڵگرتن بۆ دەوڵەتێکی «فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەیی» لە ناو ئەقڵییەتی ئیسلامی سیاسیی «سوننە و شیعە» جێگەی نابێتەوە و هەرگیزیش چاوەڕێی ئەوە ناکرێت کە ئەقڵییەتی سیاسیی «حەشدی شەعبی» بڕوای بەو پرەنسیپانە هەبێت، بەڵام ئەوەی ئەمجارە حکومەتەکەی محەمەد شیاع سودانی لە حکومەتەکانی پێشتر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی شیعە بە هەردوو بەرەی «تەیاری سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی» گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی مەترسییە سەرەکییە لەسەر ناوماڵی شیعەی عێراقە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی «تەیاری سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی» ئامادەباشیی ئەوەیان تیا نەبوو پێکەوە و بە هەماهەنگی ئەم پرۆسەیە ڕاست بکەنەوە، ئەوا کاتێك تەیاری سەدر لە پرۆسە سیاسییەکە کشایەوە، لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە دەیانەوێت جڵەوگیری ناوماڵی شیعە بکەن و لەم قۆناغەشدا کە حکومەتی عێراق یەدەگێکی گەورەی پارەی لەبەر دەستە، دەتوانێت

کۆمەڵێك هەنگاوی زۆر باش بۆ سێکتەرە جیاوازەکانی خزمەتگوزاری هەڵبگرێت، لەم کارەشیاندا سەرکەوتوو نابن، ئەگەر کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا چارەسەر نەکەن و، دەرفەتێکیش بۆ «عەرەبی سوننە» دروست نەکەن کە ڕۆڵێك لە ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکانی خۆیاندا بگێڕن.

ئەگەر بە شێوەیەکی وردتر خوێندنەوە بۆ ئاراستەی حوکمڕانیی حکومەتی محەمەد شیاع سودانی بکەین، ئەوا لە زۆر ڕووەوە پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا، لەو نەخۆشە دەچێت کە زۆر درەنگ هەستی بە «نەخۆشیەکی مەترسیدار» کردبێت و، نەخۆشەکە چۆن لە ترسی مردن ناچار دەبێت، ئەوەی دکتۆر لەسەر ڕەچەتەکەی بۆی دەنووسێت، وەك خۆی جێبەجێی بکات، ئەوا ئەم حکومەتی ئێستای عێراقیش کە زۆر درەنگ هەستی بە «نەخۆشییە مەترسیدارەکە» کردووە، ئەگەر ئەو بەرنامە وەزارییەی لەسەر ئاستی «یاسادانان و جێبەجێکردن» دایڕشتووە و لە پەرلەمان پەسەند کراوە، وەك خۆی جێبەجێی نەکات، ئەوا بۆ هەتا هەتایە دوا بزمار لە تابوتی حوکمڕانیی ئیسلامی سیاسیی شیعە لە عێراقدا دەدرێت.

## • گرنگیی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان خۆلادان لە هەڵبژاردنی پێشوەختە

بەپێی ئەو بەرنامە وەزارییەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سودانی بڵاوی کردووەتەوە، ئەنجامدانی «هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان» لە ناو تەوەری جێبەجێکردن هاتووە و حکومەت خۆی کاتی ئەنجامدانی دیاری دەکات، بەڵام هەر بەپێی هەمان بەرنامە «هەڵبژاردنی پێشوەختە» پێویستی بە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنەکان هەیە و دەبێت لەلایەن پەرلەمانەوە هەموار بکرێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە تۆپی هەڵبژاردنی پێشوەختە لە گۆڕەپانی پەرلەماندایە، نەك حکومەت. لەمەش گرنگتر ئەوەی لە هەڵوێستی هەموو لایەنەکانی «هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت» بە شێوەیەکی گشتی دەخوێندرێتەوە، هەست دەکرێت هەر سێ لایەنی «کوردستانی و عەرەبی سوننە و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» هەڵبژاردنی پێشوەختە، نەك هەر بە چارەسەری کێشەکانی نازانن، بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ نەسەقامگیری و پاشاگەردانیشی دەزانن، هەر بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە خۆلادانێك لە هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمان هەستی پێ دەکرێت، بەڵام پێداگرییەکی هەمەلایەنە لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکرێت، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش بایەخی لە ڕاددەبەدەری خۆی دەبێت و، وەك هەر سێ سەرۆکایەتی «کۆمار، حکومەت، پەرلەمان»یش جەختی لەسەر دەکەنەوە، دەبێت لە ساڵی داهاتوو (٢٠٢٣) ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام بدرێت.

هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەمجارەیان دوای ئەوە دێت کە لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ پەرلەمانی عێراق لەژێر گوشاری خۆپیشاندەراندا ئەنجومەنی پارێزگاکانی ڕەت کردەوە و، لەو کاتەوە هەتا ئێستا ئەنجومەنی پارێزگاکان «بێجگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان» ئەنجومەنێکی سڕکراون و بوونیان نەماوە. هەر بۆیە لە ئێستادا کە لایەنە سەرەکییەکانی هاوپەیمان بۆ پێکهێنانی ئەم حکومەتە دووبارە زیندووکردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە پێویست دەزانن و هەر سێ سەرۆکایەتی «کۆمار، حکومەت، پەرلەمان» جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی لایەنە سیاسییەکانی شیعە «چوارچێوەی هەماهەنگی» گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەکانی عێراق لە زیاتر «سەنترالیزەکردنی» دامەزراوەکانی دەوڵەت بووە، نەك لە «دی سەنترالیزم» کە دەسەڵاتێکی باش بۆ پارێزگاکان شۆڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی وەك حکومەتێکی لۆکاڵی کاروباری ڕۆژانەی هاووڵاتیان جێبەجێ بکەن.

ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراق بۆ گرنگیی ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی پەرلەمان بۆ دەرکردنی یاسای «ئەنجومەنی فیدراڵی» لە ماوەی شەش مانگدا، بەدەرچوونی ئەم

**پرۆسەی حوکمڕانی و جێبەجێکردنی دەستوور و هەنگاوهەڵگرتن بۆ دەوڵەتێکی « فیدراڵی و پەرلەمانی و دیموکراتی و فرەیی» لە ناو ئەقڵییەتی ئیسلامی سیاسیی «سوننە و شیعە» جێگەی نابێتەوە و هەرگیزیش چاوەڕێی ئەوە ناکرێت کە ئەقڵییەتی سیاسیی «حەشدی شەعبی» بڕوای بەو پرەنسیپانە هەبێت**

**هەست دەکرێت هەر سێ لایەنی «کوردستانی و عەرەبی سوننە و چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە» هەڵبژاردنی پێشوەختە، نەک هەر بە چارەسەری کێشەکانی نازانن، بەڵکو بە گەڕانەوە بۆ نەسەقامگیری و پاشاگەردانیشی دەزانن**

**ئەم بڕیارەی حکومەتی عێراق بۆ گرنگیی ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی پەرلەمان بۆ دەرکردنی یاسای «ئەنجومەنی فیدراڵی» لە ماوەی شەش مانگدا، بەدەرچوونی ئەم یاسایەش پارێزگاکان ئەوجا وەک پارێزگایەک بە سەربەخۆ، یان چەند پارێزگایەک لە چوارچێوەی هەرێمێکدا دەبنە ئەندام لەناو ئەنجومەنی فیدراڵی**

**گەیشتنی لایەنە سیاسییەکانی شیعە وەک لایەنی خاوەن دەسەڵات لە عێراقدا بەو قەناعەتەی کە چارەسەری دی سەنترالیزم (نا ناوەندییەتی دەسەڵات) ڕێگەیەکی باشە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، بە وەرچەرخانێکی گەورەی ئەقڵییەتی حوکمڕانی دادەنرێت**

**هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هێندەی بۆ بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی شیعە گرنگە، هێندە بۆ هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عەرەبی سوننە گرنگ نیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە فەوزای سەرەکی و کێشمەکێشی گەورەی پرۆسەی هەڵبژاردن زیاتر لەناو ماڵی شیعەدایە**

**ئەوەی لە سەرووی ئەمانەوە زۆر گرنگە بۆ ئایندەی عێراق، ئەو قەناعەتەی ئێستای «ئیسلامی سیاسیی شیعەی دەسەڵاتە» کە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی بە بێ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چیتر لە عێراقدا شیعە لە دەسەڵاتدا بوونی نابێت و هەرگیز حوکمڕانیشیان پێ ناکرێت**

یاسایەش پارێزگاکان ئەوجا وەك پارێزگایەك بە سەربەخۆ، یان چەند پارێزگایەك لە چوارچێوەی هەرێمێكدا دەبنە ئەندام لەناو ئەنجومەنی فیدراڵی و، پاشانیش ئەنجومەنی فیدراڵی هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران هاوسەنگییەك لەناو پرۆسە سیاسییەكە دروست دەكات و كۆڵەگەكانی «دی سەنترالیزم « بۆ هەرێم و پارێزگاكان پتەوتر دەكات و دیاردەی سەنترالیزەكردنی دەسەڵات كاڵ دەكاتەوە.

ئەگەر لەسەر ئەم ئاراستەیە شرۆڤەی ئەو خاڵانە بكەین كە لە بەرنامە وەزارییەكەی ئەم حكومەتەدا هاتوون، ئەوا ڕاشكاوانە هەست بەوە دەكرێت كە بنەمای ئەو ڕێككەوتنەی لە نێوان لایەنەكانی «هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت» بۆ پێكهێنانی ئەم حكومەتە كراوە، زیاتر بڕوابوونە بە فراوانكردنی دەسەڵاتەكانی «دی سەنترالیزم» و دووركەوتنەوە لە وەهمی «سەنترالیزم».

گەیشتنی لایەنە سیاسییەكانی شیعە وەك لایەنی خاوەن دەسەڵات لە عێراقدا بەو قەناعەتەی كە چارەسەری دی سەنترالیزم (نا ناوەندییەتی دەسەڵات) ڕێگەیەكی باشە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی عێراق، بە وەرچەرخانێكی گەورەی ئەقڵییەتی حوكمڕانی دادەنرێت و، بە سەرەتایەك دادەنرێت بۆ دووبارە كاراكردنەوەی یاسای «پێكهێنانی هەرێمەكان» لە عێراقدا، ئەگەر ڕەوتی ستراتیژیەتی حوكمڕانی لەم حكومەتی سودانیدا بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت، وەك ئەوەی بۆ دەركردنی هەر یاسا و بڕیارێك كاتێكی دیاریكراو دیاری كراوە، ئەوا لە ماوەیەكی كورتی یەك ساڵیدا گۆڕانكارییە ئەرێنییەكان لەسەر هەموو ئاستی دەوڵەت و هەرێم و پارێزگاكان ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ «ئەگەری خۆلادان لە هەڵبژاردنی پێشوەختە»، ئەوا هەڵبژاردنی پارێزگاكان لەلایەك دەبێتە مەحەكێكی باش بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەكانی شیعە «تەیاری سەدر و لایەنەكانی چوارچێوەی هەماهەنگی» وەزن و پێگەی جەماوەریی خۆیان دووبارە لەناو جەماوەری خۆیان بزاننەوە، لە لایەكی دیكەش ئەگەر وەك موقتەدا سەدر خۆی ڕایگەیاندووە كە بە تەواوەتی لە پرۆسەی سیاسی هاتووەتە دەرەوە و بەشداریی پرۆسەی سیاسی ناكات، ئەوا لە ئەگەری خۆ كشانەوەی تەیاری سەدر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان، بە تەواوەتی كۆی ئەنجومەنی «پارێزگا شیعەكان بە بەغداشەوە» دەكەوێتە ژێر كۆنترۆڵی لایەنەكانی «چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە»، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر تەیاری سەدر ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت، ئەوا لایەنەكانی چوارچێوەی هەماهەنگی بیانووی زۆریان لە بەردەست دەبێت، بۆ ئەوەی بۆ ماوەی چوار ساڵی داهاتوو درێژە بە حكومەتەكەی سودانی بدەن و خۆیان لە ئەگەری هەڵبژاردنی پێشوەختە لابدەن.

سەبارەت بە گرنگیی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگان بۆ هەر دوو پێكهاتەی «كوردستانی و عەرەبی سوننە»، ئەوا دەكرێت ڕاشكاوانە ئاماژە بەوە بكەین، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان هێندەی بۆ بەغدا و پارێزگاكانی دیكەی شیعە گرنگە، هێندە بۆ هەرێمی كوردستان و پارێزگاكانی عەرەبی سوننە گرنگ نیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە فەوزای سەرەكی و كێشمەكێشی گەورەی پرۆسەی هەڵبژاردن زیاتر لەناو ماڵی شیعەدایە، لەمەش زیاتر ئەوەی زیاتر كاریگەری دەبێت و گرنگە بۆ هەرێمی كوردستان، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانە لە ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان و لە سەرووی هەموو شیانەوە پارێزگای كەركووك بەتایبەتی كە لە هەموو هەڵبژاردنەكانی ڕابردوو بە ڕێگەی سندوقی دەنگدان ئەو ڕاستییە سەلمێندراوە كە ڕێژەی كورد لە كەركووك زۆرینەیە و لای سەركردایەتیی سیاسیی كوردستان بە گشتی و شەخسی سەرۆك بارزانی ناسنامەی «كوردستانیبوونی كەركووك» لە سەرووی هەموو شتێكی دیكەوەیە، بۆیە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك بە ڕادەیەك گرنگە وەك ئەنجامدانی ڕاپرسی دەبێت لەسەر ناسنامەی كوردستانیبوونی كەركووك و لە ئێستاشدا كە بەپێی بەرنامە وەزارییەكەی سودانی بە دەق هاتووە «تەرخانكردن و خەرجكردنی شایستەكان بۆ هەموو ئەوانەیە بڕیارەكانی لێژنەی

باڵای ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە و، دووبارە پێکهێنانەوەی لیژنەی باڵا لە ماوەی یەك مانگ دوای پێکهێنانی حکومەت»، لەمەش زیاتر کە دیسان هەر لە بەرنامەکەدا هاتووە، دەبێت ئەم حکومەتە دەقی ڕێککەوتننامەی شنگال جێبەجێ بکات و سەقامگیری بۆ شنگال بگەڕێتەوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە ئازادانە دەنگی خۆیان بدەن.

بۆ لایەنی «عەرەبی سوننە» بەتایبەتی ئەو پارێزگایانەی کە زۆربەی دانیشتووانەکەی «عەرەبی سوننەن» وەك نەینەوا و ڕوومادی و سەلاحەدین و دیالە، دیارە ئەم پارێزگایانە لە داوای بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق لە ٢٠١٩ ئەنجومەنی پارێزگاکانیان سڕ بووە و هیچ کارێکیان نەکردووە، بۆیە ئەنجامدانەوەی ئەم هەڵبژاردنانە جارێکی دیکە دەسەڵاتی حکومەتی لۆکاڵ بۆ ئەو پارێزگایانە دەگێڕێتەوە و، بە حوکمی ئەوەی عەرەبی سوننە ساڵانێکی زۆر لە (١٩٢٠ -٢٠٠٣) خۆیان باڵادەست بوون لە حوکمڕانیی عێراقدا، ئەزموونێکی زۆر گەورەی حوکمڕانییان هەیە و ئەگەر بواریان بۆ بڕەخسێت، دەزانن چۆن پارێزگاکانی خۆیان بونیاد بنێنەوە، ئەگەر دەرفەتی ئەوەشیان پێ بدرێت پارێزگاکانیان لە هەرێمێکدا کۆبکەنەوە، ئەوا دەتوانن لە ماوەیەکی دیاریکراودا گۆڕانکاریی بەرچاو دروست بکەن.

ئەوەی دەمێنێتەوە لەم چەند دێڕەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە لایەنی کوردستانی بەتایبەتی سەرۆك بارزانی پەیامی ڕاشکاوانەی خۆی هەر لە پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە بۆ پرۆسەی حوکمڕانی لە «عێراقی دوای ڕژێم» بە هەموو لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئەوکات و فەرمانڕەواکانی ئێستا ڕاگەیاندووە و لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١یشەوە، پێداگری لەسەر ئەوە کردووە کە بەو ئەقڵییەتەی لە دوای ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا لە عێراقدا حوکمڕانی پێ کراوە، هەرگیز حوکمڕانیەکی سەرکەوتوو نایەتە ئاراوە و ئەگەر دەتانەوێت حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو پیادە بکەن، ئەوا هیچ ڕێگەیەك لەبەردەمدا نییە، بێجگە لەوەی دەبێت ئەو ئەقڵییەتە بگۆڕێت، سەبارەت بە عەرەبی سوننەش کە خەریکە لە وەهمی دەسەڵات دێنە دەرەوە و بە تەواوەتی ئەمری واقیعی تازەی عێراق قبووڵ دەکەن، هەست دەکرێت ئەوانیش بەرەو ئاراستەیەکی دروست هەنگاو هەڵدەگرن و دەیانەوێت ناوچەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە، بەڵام ئەوەی لە سەرووی ئەمانەوە زۆر گرنگە بۆ ئایندەی عێراق، ئەو قەناعەتەی ئێستای «ئیسلامی سیاسیی شیعەی دەسەڵاتە» کە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی بە بێ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چیتر لە عێراقدا شیعە لە دەسەڵاتدا بوونی نابێت و هەرگیز حوکمڕانیشیان پێ ناکرێت.

## ● ئیسلامی سیاسیی شیعە تێڕوانینیان بۆ دەستوور و دەوڵەتی فیدراڵی

عەبدولکەریم سروش بیرمەندی گەورەی فارس، لە پەنێلێکدا کە بۆ قسەکردن لەسەر کتێبەکەی «ئەقڵ، ئیسلام، دیموکراتی» بۆی ساز کرابوو، ئاماژەی بە بانگهێشتێکی زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی کردبوو، کە داوایان لێ کردبوو چەند موحازەرەیەك لەسەر «ئیسلام و دیموکراتی» لە زانکۆکەیان پێشکەش بکات. سرووش لە دیدارەکەی لەگەڵ سەرۆکی زانکۆی هارڤارد، سەرسامیی خۆی پیشان دابوو بۆ داواکەی هارڤارد و بە سەرۆکی زانکۆکەی گوتبوو: «ئێوە داوای شتێکم لێ دەکەن کە هیچ نزیکییەك لە نێوانیاندا نییە، زمانی دیموکراتی – مافە -، زمانی ئایین – پابەندبوونە-، هەر بۆیە بە هیچ شێوەیەك لە نێوان ئایین و دیموکراسیدا لینك و لێکنزیکبوونەوە دروست نابێت.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری ئەو حزبە سیاسییانەی شیعە لە عێراقدا بکەین، ئەوا دەبینین بەشێکی زۆری حزبە سیاسییە ئیسلامییەکانی شیعەی عێراق بە تەنیا حزبی ئیسلامیی سیاسی نین بۆ ئەوەی لە وڵاتدا و لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵکو لەو حزبە ئیسلامییە شیعانەشن کە بڕوایان بە هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە هەیە.

لەم چوارچێوەیەدا کاتێك قسە لەسەر

**پێداگریی سەرۆک بارزانی لەسەر پاراستنی هەرێمی کوردستان و مافی گەلی کوردستانە، ئەوجا بۆ گەیشتن بەم ئاکامە، ئەگەر ڕێگەی ئەقڵ و لۆژیک بگیرێتە بەر، دەرگای ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی سەرۆک بارزانی کراوەیە و، ئەگەر هەمان هەڵەکانی ڕابردووش دووبارە بکەنەوە، ئەوا پێشتر سەرۆک بارزانی لە کاتی خۆی وەڵامی داونەتەوە**

**بەشێکی زۆری حزبە سیاسییە ئیسلامییەکانی شیعەی عێراق بە تەنیا حزبی ئیسلامیی سیاسی نین بۆ ئەوەی لە وڵاتدا و لە ڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵکو لەو حزبە ئیسلامییە شیعانەشن کە بڕوایان بە هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە هەیە**

**لایەنی بەرانبەرمان کە ئەمڕۆ حزبە ئیسلامییە شیعەکانی عێراقن، لە بنەڕەتدا نە بڕوایان بەو دەستوورە هەیە کە خۆیان دەنگیان لەسەری داوە، نە بڕواشیان بەوە هەیە کە عێراق دەوڵەتێکی «سکۆلاری دیموکراتی و فیدراڵی بێت**



جێبەجێکردنی دەستوور، یان بونیادنانی عێراق وەك «دەوڵەتێکی فیدراڵی» دەکەین، گرنگە پێشوەختە ئەو ڕاستییە بزانین کە لایەنی بەرانبەرمان کە ئەمڕۆ حزبە ئیسلامییە شیعەکانی عێراقن، لە بنەڕەتدا نە بڕوایان بەو دەستوورە هەیە کە خۆیان دەنگیان لەسەری داوە، نە بڕواشیان بەوە هەیە کە عێراق دەوڵەتێکی «سکۆلاری دیموکراتی و فیدراڵی بێت»، بەپێچەوانەوە لایەنە سیاسییە ئیسلامییەکانی شیعە قەت ئەوەیان نەشاردووەتەوە کە ئەوان هێندەی بڕوایان بە میتۆدی مەزهەبیی خۆیان هەیە، بڕوایان بە هیچ میتۆدێکی دیکە نییە.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتێك مامەڵە بکات کە خۆی بڕوای بەو سیستمە نییە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە ڕاشکاوییەکی سیاسی هەیە کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەین:

١. بڕیاری بوونی هەرێمی کوردستان بە هەرێمێکی فیدراڵی، بڕیاری پەرلەمانی کوردستانە لە ٤ی تشرینی یەکەمی **١٩٩٢**، ئەمەش واتە ١١ ساڵ پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشووی بەعس، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بڕیاری فیدراڵی داوە، پاشانیش هەموو هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە کۆنگرەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان ددانیان بە بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستاندا ناوە، ئەوجا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەسەر عێراقی تازەی دوای ڕژێمی بەعس ڕێککەوتنی کردووە و، گرنگە ئەو ڕاستییە ئاماژەی پێ بکرێت، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر ئەوە داوە کە عێراقی دوای ڕژێمی بەعس دەبێت دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت، نەك پەرلەمانی عێراق.

٢. سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی هەرێمی



کوردستان، تێکڕای ئەو دەسەڵاتانەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی و پاشان بووە بە پاکێجێك لە دەستووری عێراق و دەستووری عێراق بە فەرمی و یاسایی ئەو دەسەڵاتانەی سەلماندووە، ئەوا ئەو دەسەڵاتانە هەموویان بەرەنجامی ئەو بڕیار و یاسایانەیە کە لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٢-٢٠٠٣) لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەنگیان لەسەر دراوە و پەسەند کراون. هەر بۆیە ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقەوە بە هەرێمی کوردستان نەبەخشراون.

٣. سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە گشتی و چارەنووسی پارێزگای کەرکووك بەتایبەتی، تەنیا پرسە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە نووسینەوەی دەستووردا ڕازی بوو لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئەم ماددە دەستوورییە کە ماددەیەکە بۆ چارەسەری کێشەی بەشێك لە پارێزگاکانی دیکەش دانراوە، تەنیا تایبەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان نییە کە سڕکراوە و، بەپێی بەرنامە وەزارییەکەی محەمەد شیاع سودانی سەرلەنوێ کاری بۆ کراوە، بۆ ئەوەی هەم لیژنەی باڵای بۆ دابمەزرێننەوە و هەمیش ماددەکە سەرلەنوێ کارا بکرێتەوە.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێ کردن، ناوەڕۆکی واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، ئەوجا ئەو دەوڵەتە وەك لە دەستووردا پێناسە کراوە کە دەبێت «دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی بێت»، یان ئەو دەوڵەتە بێت کە ئەقڵییەتی ئیسلامی سیاسیی شیعە پێناسەی دەکات، ئەوا دەبێت بارودۆخی کوردستان تیایدا بارودۆخێکی تایبەت بێت و تایبەتمەندیی

**هەر لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ کەناڵی «ئەلشەرقییە» مالیکی گوتی: «ئەگەر دەستپێشخەریی سەرۆک بارزانی نەبوایە بە کشانەوەی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار و پشتگیریکردنی کاندیدی هاوبەش، ئەوا نەماندەتوانی گرێکوێرەی بەردەم پێکهێنانی حکومەت بکەینەوە»**

**هۆکاری سەرەکی بۆ شکستی مالیکی لە خولی دووەمی سەرۆک وەزیرانیدا، دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی ئاراستەی شێوازی حوکمڕانییەکەی لە حوکمڕانییەکی هاوبەش و هاوسەنگ و هەماهەنگییەوە بۆ ئاراستەی دیکتاتۆریەت و قۆرخکردنی بڕیاری بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەلایەن شەخسی خۆیەوە**

هەرێمی کوردستان لەناو دەستوور و یاساکانی دەوڵەتی عێراقدا لەبەر چاو بگیرێت.

لێرەوە کە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ بەرنامە وەزارییەکەی ئەم حکومەتەی ئێستای محەمەد شیاع سودانی دەکەین، بە شێوەیەکی زمنی پێداگریی سەرۆک بارزانی لەسەر ئەو واقیعە سیاسییەی هەرێمی کوردستان لەناو پرۆسەکە دەبینین و دەزانین لەسەر چ پرەنسیپ و ستراتیژییەك ڕەزامەندی پیشان داوە بۆ ئەوەی لایەنی کوردستانی بەشێك بن لەم حکومەتە، هەروەها لە گۆشە نیگای لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەشەوە، ئەوە دەخوێنینەوە کە ئەوانیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر کێشەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر نەکەن، ئەوا نە خۆیان دەتوانن حوکمڕانی بکەن و خاوەن دەسەڵات بن، نە هەرێمی کوردستانیش تەسلیمی ئیرادەی ئەوان دەبێت، هەروەك چۆن لە ڕابردوو هەموو ڕێگەیەکیان تاقی کردەوە و سەرەنجام هاتنەوە سەر ئەو ڕێگەیەی کە سەرۆك بارزانی لە ساڵی ٢٠٠٢ لە کۆنگرەی لەندەن پێی گوتن: «حوکمڕانیی دەوڵەت بە ڕق و کینەی ڕابردوو ناکرێت».

لەسەر ئەم ئاراستەیە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە پێداگریی سەرۆك بارزانی لەسەر پاراستنی هەرێمی کوردستان و مافی گەلی کوردستانە، ئەوجا بۆ گەیشتن بەم ئاکامە، ئەگەر ڕێگەی ئەقڵ و لۆژیك بگیرێتە بەر، دەرگای ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی سەرۆك بارزانی کراوەیە و، ئەگەر هەمان هەڵەکانی ڕابردووش دووبارە بکەنەوە، ئەوا پێشتر سەرۆك بارزانی لە کاتی خۆی وەڵامی داونەتەوە.

لەم دووڕێیانەی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کە حکومەتەکەی سودانی بە گڕ و تینێکی باشەوە دەستی پێ کردووە، جێگەی خۆیەتی بە چاوی گەشبینی و ئومێدەوە سەیری ئەدای ئەم حکومەتە بکەین و هیوای ئەوە بخوازین هەڵەکانی ٢٠ساڵی ڕابردووی حکومەت جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە و تەواوی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە چارەسەر بکرێت، کە هەموو لایەنەکانی ناو حکومەت ئیمزایان لەسەر کردووە.

### ● دووڕێیانی دوایین دەرفەت بۆ حوکمڕانی لە عێراقدا

نووری مالیکی بە دەنگە قووڵەکەی «Deep Voice» ناو پرۆسەی سیاسیی ناوماڵی شیعە دادەنرێت، ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو کارەکتەرەی کە لە سکاندڵی «واتەر گێت»دا توانی ڕیچارد نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٣ ناچاری دەستلەکارکێشانەوە بکات، بە هەمان شێوە، نووری مالکییش لە ماوەی یەك ساڵی کێشمەکێشی نێوان «تەیاری سەدر و چوارچێوەی هەمانگیی شیعە» سەرەنجام توانی موقتەدا سەدر ناچاری دەستکێشانەوە لە پرۆسەی سیاسی بکات.

نووری مالیکی لە دوایین چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەناڵی «ئەلشەرقییە» کە هەفتەی ڕابردوو پەخش کرا، ڕاشکاوانە نەك هەر باسی ئەم ڕۆڵەی خۆی دەکات، بەڵکو شانازی بەوەشەوە دەکات کە بۆ پاراستنی دامەزراوەکان و دامەزراندنی ئەم حکومەتە، ئامادەبووە دەست بداتە چەك و شەڕی لەسەر بکات، لەمەش زیاتر سووربوونی خۆی لەسەر پشتگیری و پشتیوانیی ئەم حکومەتە دەربڕی و وەك دوایین دەرفەت بۆ ڕزگاربوون لەم بارودۆخە خراپە وەسفی کرد و، هەروەها ڕۆڵی سەرۆك بارزانیشی لە یاد نەکرد و، هەر لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ کەناڵی «ئەلشەرقییە» مالیکی گوتی: «ئەگەر دەستپێشخەریی سەرۆك بارزانی نەبوایە بە کشانەوەی کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار و پشتگیریکردنی کاندیدی هاوبەش، ئەوا نەماندەتوانی گرێکوێرەی بەردەم پێکهێنانی حکومەت بکەینەوە».

مەغزای ئەم چاوپێکەوتنە و وەڵامدانەوەی مالیکی بۆ کەناڵی ئەلشەرقییە، ئەوەی لێ دەخوێندرایەوە کە خودی مالیکی ئەدای حکومەتی عێراق دەجووڵێنیت و ئاراستەی دەکات، بە تایبەتی وەڵامەکانی لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمانی عێراق و...هتد، بە شێوەیەکی زمنی ئەوەی بۆ بینەران ئاشکرا کرد کە زەحمەتە دوای ساڵێك هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت و، بە مانایەکی دیکە

کات کراوەیە بۆ ئەوەی حکومەتەکەی سودانی ماوەی یاسایی خۆی کە دەکاتە چوار ساڵ، تەواوی بکات.

هەڵوێست و قسەکانی نووری مالیکی بۆ ئەدای محەمەد شیاع سودانی وەك هەڵوێست و قسەی سەرۆك حزبێك بوو کە بیەوێت باس لە کاندیدەکەی خۆی بکات بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، ئەمەش ئەو مانایەی لای بینەر بەرجەستە دەکرد، بەوەی ڕاستە محەمەد شیاع سودانی ئێستا لە حزبێکی دیکەیە و کاندیدی لیستی دەوڵەتی یاسای نووری مالیکییش نەبووە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی پێشتر ئەندامی حزبی دەعوای ئیسلامی بووە و ئەزموونی کارکردنی لەگەڵ مالیکی هەبووە، کەسێکی متمانەپێکراوی مالیکییەو هەر لەسەر پێشنیاری مالیکییش کراوەتە کاندیدی لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، وەك چۆن نووری مالیکی لە پرۆسەی کێشمەکێش و ململانێ لەگەڵ موقتەدا سەدر توانی سەرکردایەتیی چوارچێوەی هەماهەنگی بکات و، وەك خۆی باسی دەکات، چۆن توانی یەکگرتوویی و یەکریزیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لە بەرانبەر موقتەدا سەدر بپارێزێت و، سەرەنجام گەیاندیە ئەوەی چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ کورد و سوننە هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دروست بکات و حکومەت بە سەرکەوتوویی پێك بهێنن، ئەوا لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی حوکمڕانییش هەمان ڕۆڵی هەیە و، زۆر لە چاودێران حکومەتەکەی سودانی بە حکومەتی سێبەری «مالیکی» ناوزەد دەکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە گرنگە شرۆڤەیەکی سیاسی بۆ ئاراستەی بیرکردنەوەی نووری مالیکی بۆ پرۆسەی حوکمڕانی لە عێراقدا بکەین و، ئەو پرسیارە بورووژێنین بەوەی کە ئایا نووری مالیکی دەیەوێت چۆن حوکمڕانیی عێراق بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێك دەدەینەوە:

١. نووری مالیکی دوو ئەزموونی چوار ساڵیی لە پرۆسەی سەرۆك وەزیرانی عێراقدا هەیە، لە چوار ساڵی یەکەمی (٢٠٠٦-٢٠١٠) نووری مالیکی وەك سەرۆك وەزیرانێکی سەرکەوتوو دەرکەوت، هۆکاری سەرەکییش بۆ سەرکەوتنەکەی ئەوە بوو لە چوار ساڵی یەکەمدا بڕوای بەوە هەبوو کە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق بە پشتگیریی کورد بە گشتی و سەرۆك بارزانی بە تایبەتی بونیاد دەنرێنەوە، بۆ ئەمەش سەرۆك بارزانی هاوکارییەکی باشی کرد لە پرۆسەی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، بە تایبەتی لە دووبارە بونیادنانەوەی سوپای عێراقدا، هەروەها مالیکی ئەوکات قەناعەتی بەو جۆرە بوو کە بە پەراوێزخستنی عەرەبی سوننە کێشەکان چارەسەر نابن، بۆیە دەرگای هاوکاریی بۆ عەرەبی سوننەش کردەوە و، ئەوە بوو توانرا بە دامەزراندنی هێزەکانی «سەحوە» و هاوکاریی هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورە بەسەر ڕێکخراوی تیرۆریستیی «ئەلقاعیدەی عێراق» بەدەست بهێنرێت.

٢. چوار ساڵی دووەمی ئەزموونی نووری مالیکی (٢٠١٠ -٢٠١٤) بە چوار ساڵی خراپ لە مێژووی سیاسیی مالیکی لە قەڵەم دەدرێت، جیا لەوەی خۆی وەك سەرۆك وەزیران ڕێگەی پێ نەدرا خۆی کاندید بکاتەوە، لە هەمان کاتدا عێراقیش کەوتە سەر لێواری هەڵدێر و نیوەی خاکی عێراق لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە داگیر کرا و، خەلافەتی بەناو ئیسلامی لەسەر ڕاگەیەندرا.

هۆکاری سەرەکی بۆ شکستی مالیکی لە خولی دووەمی سەرۆك وەزیرانیدا، دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی ئاراستەی شێوازی حوکمڕانییەکەی لە حوکمڕانییەکی هاوبەش و هاوسەنگ و هەماهەنگییەوە بۆ ئاراستەی دیکتاتۆریەت و قۆرخکردنی بڕیاری بەڕێوەبردنی دەوڵەت لەلایەن شەخسی خۆیەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە کورد و عەرەبی سوننە بەشێکن لەم وڵاتە و مافی خۆیان هەیە، بۆیە سەرەنجام ئەوەی بەسەر هات کە بە سەری هات.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئایاری ساڵی ٢٠١٨، لیستی دەوڵەتی یاسا بەراورد بە لیستی سائیرون بە سەرۆکایەتیی موقتەدا سەدر و هاوپەیمانیی فەتح بە سەرۆکایەتیی هادی عامری و تەنانەت لیستی نەسریش بە

**ڕاستە سەرۆک بارزانی بە پلەی یەکەم هەوڵ بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و داپینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر لە سەرەتای کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن و پاشانیش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا، ئامانجی ئەوە بووە کە عێراق سەقامگیر بێت و کێشەکانی چارەسەر بکرێت و گەلانی عێراق بە کامەرانی بژین**

**دەبێت چارەسەری کێشەکانیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەو جۆرە بێت کە سەرۆک بارزانی پێی ڕازی بێت، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریشدا نووری مالیکی هەر بەو جۆرە ڕەفتاری کرد**



سەرۆکایەتیی د.حەیدەر عەبادی، سەنگێکی ئەوتۆی لە ناو ئەو لیستانەدا نەبوو کە پاڵێورابوون بۆ ئەوەی حکومەت پێك بهێنن، بۆیە بەشداریکردنی ڕەت کردەوە و تەنانەت دوای دەستلەکارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی و دانانی مستەفا کازمییش، ئەندامانی لیستی دەوڵەتی یاسا بەشداریی حکومەتەکەی کازمییان نەکرد. بەڵام دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢١ لیستی دەوڵەتی یاسا لە دوای لیستی سەدر دووەم دەنگی هێنا، ئەم پێشکەوتنەی مالیکی لە بەرانبەر لایەنەکانی دیکەی شیعە وای کرد بیر لەوە بکاتەوە کە لە ناو لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە تەکەتولێك دروست بکات و بەرانبەر سەدر بوەستێتەوە، کاتێك سەدر هەستی بەمە کرد، خۆی لە چوارچێوەی هەماهەنگی کشاندەوە، هەوڵی دا لە دەرەوەی چوار چێوەی هەماهەنگی حکومەت پێك بهێنێت، بەڵام وەك بینیمان چوارچێوەی هەماهەنگی بە ڕێگەی پێکهێنانی «سێیەکی پەکخەر» ڕێی گرت لەوەی سەدر بتوانێت حکومەت پێك بهێنێت، بەمەش دەرگاکان بۆ مالیکی خرایە سەر پشت، بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی چوارچێوەی هەماهەنگی بکات و ببێتە کەسی خاوەن بڕیار لەو هاوپەیمانییەدا و، ئێستا هەر وەك کەسی خاوەن بڕیار لە ناو پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقدا خۆی نمایش دەکات.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، دوای دوو ئەزموونی چوار ساڵی، ئایا ئەم جارە نووری مالیکی لە سێبەرەوە دەیەوێت چۆن ئەم حکومەتە ئاراستە بکات؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین:

● پێدەچێت نووری مالیکی لە ئەدای چوار ساڵی دووەمی ماوەی سەرۆك وەزیرانەکەی ڕازی نییە و گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی وەزیرانیدا، ئەو ڕێککەوتنەی جێبەجێ بکردایە کە بە «ڕێککەوتنی هەولێر» ناسرابوو و، بە سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی دووەمی مالیکی ئیمزا کرا، ئەوا ئەو شکستە گەورەیەی بەسەر نەدەهات کە لە ساڵی ٢٠١٤ دوای سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش بەسەری هات.



● مالیکی زۆر باش دەزانێت هۆکاری سەرکەوتنی د.حەیدەر عەبادی وەك سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان لە شەڕی دژی داعش، هاوکاری و پشتگیریی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، هەروەها دەشزانێت هۆکاری شکست و کاندیدنەبوونەوەی بۆ خولی دووەم، دژایەتییەکانی عەبادی بوو بۆ هەرێمی کوردستان و شەخسی سەرۆك بارزانی.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە جار جار لە زاری هەندێك بەرپرسی باڵای چوارچێوەی هەماهەنگییەوە گوێمان لێ دەبێت کە دەڵێن: «هەتا کێشەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر نەکەین، ئێمە وەك شیعە ناتوانین لە عێراقدا حوکمڕانی بکەین». ئەم قسەیە کە زۆر لە قسە ڕاشکاوەکانی مالیکی دەچێت، مەغزایەکی دیکەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە دەبێت چارەسەری کێشەکانیش لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەو جۆرە بێت کە سەرۆك بارزانی پێی ڕازی بێت، لە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریشدا نووری مالیکی هەر بەو جۆرە ڕەفتاری کرد و، یەکەم جار هەوڵی دا شاندێکی هەمە لایەنە بنێرێتە لای سەرۆك بارزانی و گرێکوێرەی پرۆسەی سیاسی بە پێشنیاری سەرۆك بارزانی بکرێتەوە، پاشانیش هەر خۆی پێش هەمووان پێشوازی لە پێشنیارەکەی سەرۆك بارزانی کرد.

ئاکامی ئەم خوێندنەوەیە دەمانگەیەنێتە ئەم دەرەنجامەی کە ئاراستەی دووڕێیانەکەمان بە لایەکدا بۆ دیاری دەکات و دەڵێین: ڕاستە سەرۆك بارزانی بە پلەی یەکەم هەوڵ بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر لە سەرەتای کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن و پاشانیش لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا، ئامانجی ئەوە بووە کە عێراق سەقامگیر بێت و کێشەکانی چارەسەر بکرێت و گەلانی عێراق بە کامەرانی بژین، هەر بۆیە ئەگەر نووری مالیکی و حکومەتی ئێستای سودانی ئەم ئاراستە ڕاستە بگرن، ئەوا ئاراستە ڕاستەکەی دوو ڕێیانەکە دەگرن و ئێستاش بۆ ڕاستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی و خۆشگوزەرانیی تەواوی گەلانی عێراق زۆر درەنگ نییە.



د. سەباح سوبحی
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# ژینگەیەکی سەقامگیر لەناو پەرلەمانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دروست بووە

**دوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، کەشێکی تا ڕادەیەك ئومێدبەخش دروست بووە و، ئێستا سەرەڕای بوونی چەندین گرفت و تەحەددی، هەر دوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدان کێشەکان بە ئاراستەی خاوبوونەوە و چارەسەرکردن ببەن. ئەم پرسانە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ د. سەباح سوبحی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و لێردا دەقی دیمانەکە بڵاو دەکەینەوە.**

*** سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەفتەی ڕابردوو دوو جار سەردانی بەغدای کرد و، جیا لەوەی لەگەڵ سەرکردەی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان کۆبووەوە، لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی عێراق و ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراقیش کۆبووەوە، ئایا لەم کاتەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆچی دوو جار سەردانی بەغدای کرد و ئامانج لەم سەردانەی چی بوو؟**

- بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ چەند مەبەستێك دوو جار سەردانی بەغدای کرد، یەکەم، بۆ پیرۆزباییکردن لە محەمەد شیاع سوودانی بە بۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق، کە ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو وەك دەرهاویشتەی هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت کە ئەو حکومەتەی پێ دامەزرا و بەپێی ئەو هاوپەیمانییەش ئێمە ئیستیحقاقی خۆمان هەیە کە دەستنیشانمان کرد لە میانەی هاوپەیمانیتییەکەدا وەك مەرجێك بۆ دامەزراندنی، دووەم: بۆ جەختکردن لەسەر ئەو خاڵانەی کە کۆك بوون لەسەری لە میانی هاوپەیمانیتییەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قۆناغە هەستیارە، چونکە هەندێك دەوڵەت دەستتێوەردانی ناوخۆی عێراقیان کردووە، بەڵکو لەوەش زیاتر هێرشیان کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان کە ئەمەش پێویستی بە هەڵوێستێکی جددییە بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە لەدەست دەرنەچێت و هیچ دەوڵەتێك نەتوانێت چ بە هەڕەشە و چ بە دەستدرێژی کاریگەری بخاتە سەر بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی، سێیەم: سەردانەکە لەم بارودۆخە هەستیارەدا بۆ ئەوە بوو کە هاوبەشییەك دروست بکەن لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی لەسەر نارەزایی دەربڕین لەسەر ئەو دەستدرێژیکردنانەی کە دەکرێتە سەر هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی کە هەرێمی کوردستانیش خاکی عێراقی فیدراڵییە و بەرپرسیاریەتیی پاراستنی سنوورەکانیش دەکەوێتە سەر شانی بەرگری عێراقی فیدراڵ.

**هەندێك دەوڵەت دەستتێوەردانی ناوخۆی عێراقیان کردووە، بەڵکو لەوەش زیاتر هێرشیان کردووەتە سەر هەرێمی کوردستان کە ئەمەش پێویستی بە هەڵوێستێکی جددییە بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە لەدەست دەرنەچێت**

*** بەرنامەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی لە پەرلەمانی عێراق متمانەی پێ دراوە، دوو بەشە (تەنفیزی و تەشریعی)، ئەوەی پەیوەندیدارە بە کوردستانەوە، دەرکردنی یاسای نەوت وگاز و یاسای ئەنجومەنی فیدراڵییە، ئایا وەك پەرلەمان ئامادەن لەو کاتەی بۆی دیاری کراوە، ئەم یاسایانە تەواو بکەن؟**

- یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی پرۆژەکەی ئامادەیە کە لە خولی چوارەم لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە، بەڵام بە

**یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی پرۆژەکەی ئامادەیە کە لە خولی چوارەم لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کراوە، بەڵام بە هۆکاری سیاسی ئەو پرۆژەیە نەهاتووەتە ناو پەرلەمان**

**ئێستا کاتی ئەوەیە یاسایەکی نەوت و غازی بێلایەن و فیدراڵی دابنرێت بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی ئەو کێشەیەی کە تا ئێستا بە هەڵواسراوی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان ماوەتەوە**

**پێویستە سیاسەتمەدارانی عێراق دەست بکەن بە نەهێشتنی هەموو کێشە و گرفتەکان و ئەمەش لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش جەختی لەسەر دەکرێتەوە**

**ئەو پێوەرانەی بۆ دانانی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو دەگیرێن لە یاسای بودجە، یەکەم ڕێژەیە کە بۆ هەرێمی کوردستان ڕێژەی (١٢,٦٧) دانراوە کە ئێمە ئەو ڕێژەیە بۆ هەرێمی کوردستان بە دادپەروەری دانانین**

هۆکاری سیاسی ئەو پڕۆژەیە نەهاتووەتە ناو پەرلەمان و دەکرێت ئەوە ببێتە بنەمایەك بۆ کارکردن لەسەر پڕۆژەکە ئەمە خاڵێك. خاڵی دووەم پەیوەستە بە یاسای نەوت و غازەوە، کە بێگومان لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە تاوەکو ئێستا ئێمە کێشەمان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەیە، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە یاسایەکی نەوت و غازی بێلایەن و فیدراڵی دابنرێت بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی ئەو کێشەیەی کە تا ئێستا بە هەڵواسراوی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان ماوەتەوە. دەبێت سیاسەتی نەوتی سیاسەتێك بێت بۆ هەموو گەلی عێراق بێت، ئێمە بۆ دانانی یاساکان سەقفێکمان داناوە، چونکە بارودۆخی عێراق زۆر هەستیارە و لە لێواری دارمانی پرۆسەی سیاسییە و ئەوانیش دەرك بەو بارودۆخە خراپە دەکەن. بۆیە عێراق بەرگەی دواکەوتنی یاساکان ناگرێت و پێویستە سیاسەتمەدارانی عێراق دەست بکەن بە نەهێشتنی هەموو کێشە و گرفتەکان و ئەمەش لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش جەختی لەسەر دەکرێتەوە و لە چەندین بۆنە و کۆبوونەوەدا تەئکید لەوە دەکرێتەوە کە دەبێت پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا ئاسایی بکرێتەوە و کێشەکان بەرەو نەمان بچێت.

*** ئێستا شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستاندن لەسەر پرسی بودجەی ٢٠٢٣ لە بەغدان و چاوەڕێ دەکرێت لە بودجەی ٢٠٢٣ گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا چارەسەر بکرێت. ئایا پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٣ بۆ هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟**

- ئەو پێوەرانەی بۆ دانانی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو دەگیرێن لە یاسای بودجە، یەکەم ڕێژەیە کە بۆ هەرێمی کوردستان ڕێژەی (١٢,٦٧) دانراوە کە ئێمە ئەو ڕێژەیە بۆ هەرێمی کوردستان بە دادپەروەری دانانین، چونکە ئەمە پێوانەیەکی ڕاستەقینەیی نییە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو ئەمە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دانراوە، بۆیە ئێمە داوای زیاتر لەو ڕێژەیە دەکەین. خاڵی دووەم: پێدانی بودجە بەبێ هیچ فشارێکی سیاسی و ئێمە نابێت بەپێی میزاجی حکومەتی عێراقی هەڵسوکەوت بکەین و چاوەڕێی ڕێککەوتنی سیاسی بکەین، بەڵکو یاسا هەیە و دەبێت یاساکە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و بەشە بودجە و بڕی پارەی مووچەی هەرێمی کوردستان بەبێ هیچ بەربەست و ڕێگرییەك بگاتە هەرێمی کوردستان.

*** کۆمەڵێك پۆست کە ئیستحقاقی کوردە و پێشتر لای کورد بوون، بەڵام بە هەر هۆکارێك بێت، ئێستا ئەو پۆستانە لای کورد نین، ئایا وەك پەرلەمان بەرنامەتان هەیە ئەو پۆستانە وەك ئیستحقاق بۆ کورد بگێڕنەوە؟**

- لە ڕاستیدا دەستە سەربەخۆکان و چەندین پۆستی گرنگ وەك سوپاسالاری سوپای عێراق و چەندین پۆستی باڵای دیکە کە لەلای کوردبوو، لە دوای ساڵی ٢٠١٧ ئەو پۆستانە زیاتر بەرەو تەعریبکردن چوون و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بووە پێکهاتەی کورد لەو پۆستانە دوور بخەنەوە. بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆستانە ئێمە داواکاریی خۆمان پێشکەش بە محەمەد شیاع سوودانی کردووە، ئەویش خۆشبەختانە هاتووەتە پێشەوە و ڕاوبۆچوونی ئیجابی لەسەر ئەو بابەتە هەبووە. لەو پۆستانەی زیاتر لەلای ئێمە گرنگە دەستە سەربەخۆکانە کە دەبێت سەرۆکی دەستەکان پشکی کوردی تێدا بێت، وەك ئەوەی چۆن حکومەت پێکهاتەوە بەپێی پشکی هەر پێکهاتەیەك ئەوە دەبێت دەزگا سەربەخۆکانیش بە هەمان شێوە نوێنەرایەتیی ئێمەی تێدا بێت، چونکە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان دەستە سەربەخۆکان لەگەڵ بارودۆخەکە و ئەو کێشە و گرفتانەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، هاوکات پشکی کورد لە سوپادا زۆر گرنگە کە پێشتر سوپاسالاری سوپا و چەندین پلەی باڵای گرنگی سوپا لە پشکی کورد بوون، بەڵام بەداخەوە زوڵمیان لە ئێمەی کورد کرد و بەرە بەرە پۆستەکانیان لە ئێمە وەرگرتەوە. ئەگەرچی ئێستا نیازی عێراق ئاوایە کە کورد بێتەوە ناو سوپاوە و پۆستی گرنگ و باڵا وەربگرینەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە زۆر بەرژەوەندیی هاوبەشمان لەگەڵ یەکتر هەیە، لەوانە بە نموونە پاسەوانیی سنوور و ناوچە کێشە لەسەرەکان و بەرەنگاربوونەوە داعش و تیرۆریستان کە هەموو ئەمانە و لە زۆر لایەنی

دیکەش لە ڕووی سەربازییەوە پێویستیمان بە هەماهەنگی و هاریکاریی یەکتر هەیە.

*** لە خولەکانی پێشوودا لەناو پەرلەمانەوە زۆر دژایەتی مافەکانی هەرێمی کوردستان دەکرا، ئایا لە دوای ڕێککەوتنی هاوپەیمانی «ئیدارەی دەوڵەت»، ئەو ژینگەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و وەك پێشان دژایەتیی مافەکانی هەرێمی کوردستان ناکرێت؟**

- دەتوانم بڵێم دژایەتیکردن هەر ماوە، بەڵام کەمترە و دژایەتیکردنەکە لەبەر چەند هۆکارێکە کە گرنگترینیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە یەکەم: لە کاتی گەندەڵیکردن لەلایەن کەسانی دەسەڵاتداری عێراق بۆ شاردنەوەی گەندەڵییەکانیان هانا دەبەنە بەر دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی تەرکیزەکەیان لەسەر نەمێنێت. خاڵی دووەمیان: تێڕوانین و عەقڵییەتی شۆڤینی هەیە، بۆیە هەندێك جار وەك دژایەتی بەرانبەر ئێمەی کورد بەکاری دەهێنن. سێیەم: بوونی عەقڵییەتی شۆڤینی و قەومی، لە لایەکی دیکەوە بارودۆخی ناو پەرلەمان تا ڕاددەیەك باشتر و ئارامترە لە بەر ئەوەی بارودۆخێکی مەترسیدار لەناو ماڵی شیعەدا هەیە، کە ئەمەش فشاری خستووەتە سەر قەوارەکانی شیعە کە لەگەڵ کورد باش بن، چونکە لە کاتێکدا پێکهاتەی کوردیان لە دەست بچێت، ئەوە پڕۆسەی سیاسی لە عێراق بە تەواوی لە دەست دەچێت، لەلایەکی دیکەوە ئێمە لەگەڵ سوننە پەیوەندیمان باشە و کێشە و گرفتەکانی نێوانمان چارەسەر بووە، تەنیا چەند وردەکارییەك نەبێت، هاوکات کە هاوسنوورین لەگەڵ شار و پارێزگاکانی سوننە، بۆیە دەبێت هەندێ بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوانمان هەبێت، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئێستا ژینگەکەی ناو پەرلەمان ئارامە و لە جاران باشترە و لە هەوڵ و ئومێدی ئەوەشداین زۆربەی کێشەکانی نێوانمان کۆتایی پێ بێت.

*** پرسی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە کلیلی چارەسەری ئەو ناوچە کوردستانییانەیە کە پێی دەڵێن «کێشە لەسەر» جارێکی دیکە خەریکە تەفعیل دەکرێتەوە و بودجەی بۆ تەرخان کراوەتەوە، ئایا تاچەند گەشبینین بەوەی ئەم ماددە دەستوورییە جێبەجێ بکرێت؟**

- بڕیاری دادگای فیدڕاڵییە لە ساڵی ٢٠١٩ بە ڕاشکاوانە باس دەکات کە ماددەی ١٤٠ تا ئێستا بوونی هەیە و کارایە و هیچ کێشەیەکی لەسەر نییە و ئێمەش پشت بەو بڕیارە دەبەستین کە دووبارە ماددەی ١٤٠ بچێتەوە بواری جێبەجێکردنەوە، کە ئێستا بودجەی بۆ تەرخان کراوەتەوە، بۆیە لە چاوەڕوانیی ئەوەداین کە ئەو ماددەیە قۆناغەکانی وەك ئاساییکردنەوە و سەرژمێری و ڕاپرسی جێبەجێ بکرێت، لەم بارەیەوە ڕێککەوتنی شنگاڵیش کە بەستراوەتەوە بە ماددەی ١٤٠ئەوە نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە کە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەتایبەتی بوونی ئەو چەکدار و میلیشیاتانەی کە لە شنگاڵ و هەندێ شوێن هەن بوونەتە هۆکاری کێشە و ناکۆکییەکان، هەر بۆیە لەم خولەی پەرلەماندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ڕێگایەکی باش کراوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

*** یەکێك لەو کێشە گرنگانەی نێوان هەرێم و بەغدا، کێشەی مامەڵەی بانکییە لە نێوان هەرێم و بەغدا و، بانکەکانی حکومەتی فیدراڵی لقیان لە کوردستان نییە، بەمەش هاووڵاتیانی کوردستان لە چەندین ئیمتیاز بێبەش بوون، ئایا ئەم پرسە بووەتە بەرنامەیەك بۆ ئەوەی لە پەرلەمانەوە کاری لەسەر بکەن؟**

- شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هاتنیان بۆ بەغدا لەگەڵ پارێزگاری بانکی ناوەندی دانیشتن و باسی ئەو بابەتەشیان کرد، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە زۆر گرنگ و هەستیارە و باش دەزانین ئەنجومەنی بانکی ناوەندیی عێراق لە ئێستادا ئەنجومەنێکی سەربەخۆیە، بەڵام لە دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانیشە دەتوانێت فشاریان لەسەر بکات، لە کاتێکدا ڕێککەوتنێکی سیاسیشی لەسەر بکرێت، ئەوە دەتوانرێت لقی ئەو بانکانە لە هەرێمی کوردستانیش بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە لەو کاتەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە یاسای بودجەی عێراقی فیدڕاڵ دیاری کرا و بودجە بۆ هەرێمی کوردستان هات، ئەوە دەتوانرێت ئەو کاتەش لقی ئەو بانکانە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بکرێنەوە و هاووڵاتیانی هەرێمیش لێی سوودمەند بن.

**دەستە سەربەخۆکان و چەندین پۆستی گرنگ وەک سوپاسالاری سوپای عێراق و چەندین پۆستی باڵای دیکە کە لەلای کوردبوو، لە دوای ساڵی ٢٠١٧ ئەو پۆستانە زیاتر بەرەو تەعریبکردن چوون و هەموو هەوڵیان بۆ ئەوە بووە پێکهاتەی کورد لەو پۆستانە دوور بخەنەوە**

**لە کاتی گەندەڵیکردن لەلایەن کەسانی دەسەڵاتداری عێراق بۆ شاردنەوەی گەندەڵییەکانیان هانا دەبەنە بەر دژایەتیکردنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی تەرکیزەکەیان لەسەر نەمێنێت**

**بارودۆخێکی مەترسیدار لەناو ماڵی شیعەدا هەیە، کە ئەمەش فشاری خستووەتە سەر قەوارەکانی شیعە کە لەگەڵ کورد باش بن، چونکە لە کاتێکدا پێکهاتەی کوردیان لە دەست بچێت، ئەوە پڕۆسەی سیاسی لە عێراق بە تەواوی لە دەست دەچێت**



**پرۆفیسۆر محەمەد شەعبان**
**شارەزا لە بواری ئابووری بۆ گوڵان:**

# دەرفەتێکی باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا هاتووەتە ئاراوە

**هەرچەندە ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠٢٣ی عێراق، بۆ سەرەتای ساڵی داهاتوو دوا دەخرێت، ئەمەش یەکەمین خاڵە کە لە کابینەکەی محەمەد شیاع سوودانی کە لە ئەمساڵدا بۆی جێبەجێ نەکرێت، بەڵام بوونی بودجەیەکی نزیك لە ١٢٠-١٣٠ ملیار دۆلار و بەرزیی نرخی نەوت بە ڕاددەیەك، کە لە ماوەی تەنیا مانگێکدا عێراق زیاتر لە ٩ ملیار دۆلار داهاتی فرۆشتنی نەوتی دەست کەوتووە، کارنامەیەکیش کە چارەسەری کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێم و عێراق لەخۆ دەگرێت و، پاڵپشتیی لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەتی لە ڕێککەوتنی وەرەقەی لایەنە سیاسییەکان و پێشوازیکردنی شاندی هەرێم لە بەغدا و، بوونی ژینگەیەکی ئەرێنی بۆ گفتوگۆکان، ئەمانە هەمووی چەندین لایەنی پۆزەتیڤ و خاڵی بەهێزن بۆ حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و بەغدا.**

**بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی دیکەی پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستان و دانوستانی شاندی هەرێم لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراقدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر محەمەد شەعبان شارەزا لە بواری دارایی و ئابووری کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** وەکو شارەزا و پسپۆڕ لە بواری ئابووری و دارایی عێراق و کوردستان، ئایا دۆخی دارایی و ئابووریی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بەو پێیەی حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی دوای ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییەکان هات، بەتایبەتی ڕێککەوتنی کورد و سوننە لەگەڵ هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ئەم وەرەقەیەش بووەتە هەوێنی کارنامەی حکومەتی نوێی عێراق بە هەردوو تەوەری (جێبەجێکردن و یاسادانان)ـەوە، بەمەش حکومەتی نوێ دوای لێکتێگەیشتنێکی سیاسیی نێوان لایەنە سیاسییە سەرەکییەکانی هەرسێ پێکهاتەی شیعە و سوننە و کورد لەدایك بووە. سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دواتر شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوونی تا ڕاددەیەك لێکتێگەیشتن، هەمووی کۆمەڵە ئومێدێك دروست دەکات، تا چارەسەری کێشە ئاڵۆز و دۆسیە قورسەکانی گەندەڵی و ڕێکخستنەوەی ئابووری و چاکسازی و چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا هەنگاوی کرداریی گەورەی بۆ بنرێت، بگرە باشترین هەل لە بەردەستی لایەنە سیاسییە ناکۆکەکاندا بەردەست بووە بۆ چارەسەری کێشە قووڵ و ئاڵۆزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو. بەواتایەکی دیکە بە هۆی بەرزیی بەهای نەوت و بوونی پارەیەکی زۆر و ئیرادەی کەمکردنەوەی کێشەکان و ڕێککەوتنی سیاسیی کورد و هاوپەیمانی شیعە دەرفەتێکی باش هاتووەتە پێشەوە بۆ ئەوەی بتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن

*** مەبەستت هەلێکی باشە بۆ ئێمەی کوردیش، تا کۆتایی بەو هەموو کێشە ئاڵۆز و قووڵانەی نێوان ناوەند و هەرێم بهێنین؟**

- لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ناکۆکییە قووڵەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە ناکۆکیی ئاڵۆز و بەستەڵەکی سیاسیی گەورە دادەنرێت، ڕاستە ئێمە دەڵێین و ئەوان دەڵێن بەپێی دەستوور کێشەکان چارەسەر دەکەین، بەڵام هەموو وردەکارییەك لە ناو دەستووردا نەنووسراوە تا وەکو بۆ هەموو شتێك بگەڕێینەوە بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق، دەستوور قسە و مشتومڕی زۆر هەڵدەگرێت، بەتایبەتی لەسەر دۆسێی نەوت و گاز و زۆر مەسەلەی دیکەی سەروەری و حاکیمە و بودجە و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، ڕاستە کورد ڕۆڵی لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هەبووە و، بگرە ڕۆڵێکی کاریگەریشی لە ئەنجومەنی حوکم و دامەزراندنی عێراقی دوای سەدام هەبووە، بەڵام بەردەوام کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا کێشەی سیاسی و جێبەجێ نەکردنی ماددە و بڕگە دەستوورییەکان و بوونی عەقڵ و حوکمڕانییەکی مەرکەزی و زۆر جاریش ڕێکنەکەوتنی خۆمان بووە، ڕاستە عێراق لە ڕووی داراییەوە بە کۆمەڵێك هۆکار دۆخی دارایی ڕووی لە باشی کردووە، بەڵام کێشە سەرەکییەکەی عێراق تەنیا دۆخی دارایی نەبووە، بەڵکو نەبوونی عەقڵییەتی حوکمڕانی و هاوبەشییە لای نوخبەی

**ڕاستە ئێمە دەڵێین و ئەوان دەڵێن بەپێی دەستوور کێشەکان چارەسەر دەکەین، بەڵام هەموو وردەکارییەک لە ناو دەستووردا نەنووسراوە تا وەکو بۆ هەموو شتێک بگەڕێینەوە بۆ دەستووری هەمیشەیی عێراق**

**بەردەوام کێشەی ئێمە لەگەڵ بەغدا کێشەی سیاسی و جێبەجێ نەکردنی ماددە و بڕگە دەستوورییەکان و بوونی عەقڵ و حوکمڕانییەکی مەرکەزی و زۆر جاریش ڕێکنەکەوتنی خۆمان بووە**

**گفتوگۆی نێوان شاندی هەرێمی کوردستان و عێراق هەروا کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەوەی دواجار عێراق خواستی لەسەرە، دەبێتە هۆی بارگرانی بۆ سەر بودجەکەی، کە لەم بارودۆخەدا حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دارایی لە مەرکەز ئەوەیان پێ خۆش نییە**

**ئەگەر ئاستەنگ لە بەردەم فرۆشتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دابنێن، ئەوا دەبێت پشکی هەرێم لە بودجە بۆ سەرووی ١٤٪ بەرز بکەنەوە و هەموو ئەو قەرزانەش بدەنەوە کە هەرێم لە سەرەتی بیداتە کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان**

**ئەوەی بۆ ئێمەی کورد جێگای دڵخۆشییە ئەوەیە کە لە کارنامەکەی سوودانی باس لە ڕاگرتنی گشت ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی کراوە کە دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نەوتییەکان دراون**

دەسەڵاتدارانی عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە بەرانبەر هاوبەشەکەیان کە کوردە لە عێراقدا، خۆ چاکبوونی دۆخی دارایی عێراق و دەربازبوونی لە قەیرانی دارایی بۆ عەقڵییەت و ئازایەتیی عێراقییەکان ناگەڕێتەوە، هێندەی بۆ کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکی وەکو بەرزبوونەوەی بەهای نەوت و خەرجنەکردنی پارە بە هۆی حکومەتی کاربەڕێکەری کازمی لە کابینەی پێشوودا دەگەڕێتەوە. ئەمانە وای کردووە، بەهای دراوی قورس لە بانکی ناوەندیی عێراق بۆ نزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلار بەرز ببێتەوە، بەڵام ئەگەر حکومەتەکەی سوودانی ئیستغلالی باشی دۆخە داراییەکە بکات و لە بودجە پشکی کورد بۆ لە ١٤٪ بەرز بکاتەوە، ئەم باشییەی دۆخی دارایی لەدەست دەدات، بۆیە پێشبینییەکان هێشتا زەحمەتە بە تەواوەتی بخرێنە ڕوو لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان و دۆسێی نەوت و گازی هەرێم تاوەکو پشتییان پێ ببەسترێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە نەهێشتنی گەندەڵی و چارەسەرکردنی مەسەلەیەکی وا هەستیار و گرفتی چارەسەرنەکراوی نێوان هەرێم و بەغداوە هەبێت.

*** ڕەنگە باسکردنی دۆخی دارایی عێراق دوا جار بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی دارایی و ئابووریی ئەو وڵاتە بێت، کە کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت، دەکرێت بزانین پێشبینیی چی لە گفتوگۆ و دانوستانەکانی نێوان هەردوو لا، بەتایبەتی لەسەر بابەتە دارایی و ئابوورییەکان دەکرێت؟**

- لە ڕاستیدا گفتوگۆی نێوان شاندی هەرێمی کوردستان و عێراق هەروا کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی ئەوەی دواجار عێراق خواستی لەسەرە، دەبێتە هۆی بارگرانی بۆ سەر بودجەکەی، کە لەم بارودۆخەدا حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دارایی لە مەرکەز ئەوەیان پێ خۆش نییە، لە کاتێکدا ویستی چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشە خزمەتگوزارییەکانی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیان لە بەردەمدایە، ئەوەتا بەڵێنی دامەزراندنی گەنجەکان و کەمکردنەوەی هەژاری و بێکارییان داوە، ئەوانەی لەسەر شەقام دەنگی نارەزایەتییەکان پێك دەهێنن، کپکردنی هەموو ئەم دەنگە نارەزایەتییانە بە خەرجکردنی ملیارەها دۆلار دەبێت، خۆ ئەگەر ئاستەنگ لە بەردەم فرۆشتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دابنێن، ئەوا دەبێت پشکی هەرێم لە بودجە بۆ سەرووی ١٤٪ بەرز بکەنەوە و هەموو ئەو قەرزانەش بدەنەوە کە هەرێم لە سەرەتی بیداتە کۆمپانیا نەوتییە بیانییەکان، ئەمانە بڕە پارەیەکی زۆر و بودجەیەکی گەورەی پێویستە لە بارودۆخێکدا کەوا حکومەت بۆ خزمەتگوزاری و چارەسەری کێشەکانی بێکاری و هەژاری ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە.

*** باسی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و عێراقت کرد. ڕەنگ بێت لە دوای کێشەی خاك و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری کێشەی چارەسەرنەکراوی نەوت و گاز ئاڵۆزترین کێشە بێت، هەروەکو ئاماژەت پێ دا، ئایا حکومەتەکەی محەمەد شیاع سوودانی تاچەند نییەتی هەیە ئەم کێشەیە بە ئاراستەیەك چارەسەر بکات، وەك ئەوەی لە کارنامەکەیدا هاتووە ڕەچاوی بەرژەوەندیی عێراق و کوردستانیش بکات؟**

- لە کارنامەی حکومەتی نوێی عێراقدا ئاماژە بەو لیژنەیە کراوە کە پێویستە لە نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقدا پێك بهێنرێت، جگە لە یەکلاکردنەوە و پێداچوونەوە بە داهاتەکانی ڕابردووی نەوت و گاز، کار بۆ دارشتنەوەی ڕەشنووسی (یاسای نەوت و گازی فیدراڵی )یش دەکرێت، بەتایبەتی لەم یاسایە ئاماژە بەوە کراوە، لە ماوەی شەش مانگدا ئامادە بکرێت، ئەوەی بۆ ئێمەی کورد جێگای دڵخۆشییە ئەوەیە کە لە کارنامەکەی سوودانی باس لە ڕاگرتنی گشت ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی کراوە کە دژ بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نەوتییەکان دراون، کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن تاوەکو کاریگەریی خراپی لەسەر ئابووری نیشتمانی نەکات.

ناوەڕۆکی ناکۆکییەکانی نێوان ئێمە و ناوەند جگە لە پرسی خاك، یاسای نەوت و گازە و، تەنیا لە ڕێگەی دارشتن و پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی چارەسەر دەبێت، بە مەرجێك ئەو یاسایە بە دارشتن و تێپەڕبوونی لە پەرلەمانی عێراق بە ڕێگەیەك بێت، دەستکاری نەکرێت و، بەپێی خواست و ویستی هەردوو حکومەت بێت. یاسای نەوت و گازی فیدراڵی گرێکوێرەی ناکۆکییەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بە کرانەوەی ئەم گرێکوێرەیە، دەرگا لە بەردەم چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی دیکەی وەکو ماددەی ١٤٠ی

دەستووری و قەرزی کۆمپانیاکان و پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی فیدراڵی و یاسای خزمەتی مەدەنی و خانەنشینیی گشتی و زۆر بواری دیکە والا دەبێت. چەند ئێمەی ئابووریناسان گەشبین بین، لە بەر دەمی سیاسییەکاندا ڕەشبینی هەر هەیە، بەو پێیەی عێراق عەقڵییەتێکی مەرکەزی حوکمی دەکات و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت بڕوای بە فیدراڵی و هاوبەشی و چەمکەکانی دیکەی دەستووری و ئەو یاساو ڕێکەوتنانە نییە کە لەسەر ئەو بنەمایە عێراقی لەسەر دامەزرا و، کورد بەشداریی پێکهێنانی عێراقی نوێی کرد، تەنانەت ئەم مەرکەزی و عەقڵییەتە ڕەنگی داوەتەوە لەسەر بارودۆخە دارایی و ئابوورییەکانیش، ئەوەتا بودجەی گشتیی عێراق لەسەر بنەمایەکی مەرکەزی داڕێژراوە و بە ناوی بودجەی سیادی و حاکیمەوە بە مەرکەزی کراوە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت کورد ئاگاداری سیاسەت و پلان و بەرنامەی بانکی ناوەندی نییە، مەرکەزییەت و عەقڵییەتی داخرا و زاڵە بە سەر سیاسەت و بنەماکانی ئەم دەوڵەتەدا و بڕوایان بە فیدراڵی نییە، بۆیە پێویستە هەرێم هانی ناوەند بدات فکر و عەقڵییەتی فیدراڵی دەوڵەمەند بکات، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئەم ڕێگایانە بگرێتەبەر :

١- دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی پێویست بۆ چەسپاندنی فیدراڵییەت و مۆرکی فیدراڵی بە سەر تەشریعات و یاسا و دامەزراوەکاندا ڕەنگ بداتەوە.

٢- یاسای دادگای فیدراڵی و دامەزراندنی ئەم دادگایە بە شێوەیەك بێت، ڕەچاوی تایبەتمەندێتیی هەرێمی کوردستانی تێدا بێت.

٣- یاسای نەوت و گازی فیدراڵی بە ویست و خواستی هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بێت و، زامنی تێپەڕبوونیشی بدرێت لە پەرلەمانی عێراق بە بێ دەستکاری.

٤- ئەنجومەنی فیدراڵی دابمەزرێت، کە بە یەکێك لە بنەما و سیما دیارەکانی دەوڵەتە فیدراڵییەکان دادەنرێت.

٥- بانکی ناوەندیی فیدراڵی دەبێت لە ئەنجومەنەکەدا نوێنەرانی کورد بوونی کاریگەریان هەبێت، ئەو بانکە لقی سەرەکیی بە کۆمەڵێك دەسەڵاتەوە لە هەرێمی کوردستاندا هەبێت، هەر وەکو چۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەم شێوەیە بانکی ناوەندی هەیە.

٦- ئەرکێکی دیکەی قورس و نیشتمانی و نەتەوەیی دەکەوێتە سەر نوێنەرانی کورد لە بەغدا، من نازانم نوێنەرانی کوردستان تەنانەت بە سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك پەرلەمان و وەزیرەکان و پۆستەکانی دیکەی دامەزراوەکان و پەرلەمانتارانەوە سەرقاڵی چین؟ ئایا تەنیا لێدوان و دژایەتی و ململانێی حزبایەتییان بردووەتە بەغدا و لە دژی یەکتر قسە دەکەن؟ هەمووان مادام نوێنەرانی کوردن، واتا ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتییان بەرگریکردنە لە مافە دەستووری و یاساییەکان و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازیی نوێنەرانی کورد لە بەغدا بە ڕوونی دەردەکەوێت.

*** دواپرسیارمان سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە لایەنێکی سەرەکییە لە دانوستانەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لە ڕووی دارایی و ئابوورییەوە تا چەند چاکسازی و بەهێزیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی لە ئاراستەی گفتوگۆ و دانوستانەکان هەیە؟**

- ئێستا لە هەموو کات زیاتر بارودۆخی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزە، هەرچەندە حزبەکان لەسەر حیساب و خەزێنەی حکومەت ململانێکانیان یەکلا دەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی ڕۆژە سەختەکان بەڕێ بکات، ئێستا کاتی ئەوەیە حکومەت دوور لە حزبەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ میللەت و فەرمانبەرانی خۆیدا قسە بکات و، ئەو کار و چالاکییانە بکات کە ویست و خواستی خەڵکی لەسەرە، تەنانەت شێوازێك بدۆزێتەوە بۆ گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە و باشکردنی دۆخی خانەنشینان، گوناحی فەرمانبەران و کەسە دڵسۆزەکان چییە کە حزبەکانی کوردستان خۆیان سەرقاڵی پشك پشکێنی و دەستکەوتی ماددی کردووە، کاتی ئەوە هاتووە ئەرك و ماف پێکەوە جێبەجێ بکرێت، لە ڕۆژە ناخۆشەکان پێکەوە بووین و بەرگریمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش حکومەتی خەڵکە و زۆر لە هێزە سیاسییەکان و نەیارانی کورد لە ناوخۆی عێراق و وڵاتانی دراوسێمان چاویان بەم حکومەتە هەڵنایەت، ئەمەش زیانی گەورەی لەسەر خەزێنەی حکومەت و بەهێزبوونی حکومەت و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان هەیە.

**ناوەڕۆکی ناکۆکییەکانی نێوان ئێمە و ناوەند جگە لە پرسی خاک، یاسای نەوت و گازە و، تەنیا لە ڕێگەی داڕشتن و پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی چارەسەر دەبێت**

**ئێستا کاتی ئەوەیە حکومەت دوور لە حزبەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ میللەت و فەرمانبەرانی خۆیدا قسە بکات، تەنانەت شێوازێك بدۆزێتەوە بۆ گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە و باشکردنی دۆخی خانەنشینان**

**گوناحی فەرمانبەران و کەسە دڵسۆزەکان چییە کە حزبەکانی کوردستان خۆیان سەرقاڵی پشك پشکێنی و دەستکەوتی ماددی کردووە، کاتی ئەوە هاتووە ئەرك و ماف پێکەوە جێبەجێ بکرێت**

**بودجەی گشتیی عێراق لەسەر بنەمایەکی مەرکەزی داڕێژراوە و بە ناوی بودجەی سیادی و حاکیمەوە بە مەرکەزی کراوە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت کورد ئاگاداری سیاسەت و پلان و بەرنامەی بانکی ناوەندی نییە**

دیمانەی تایبەت



### پڕۆفیسۆر جەیمس لێبۆڤیج بۆ گوڵان:

# پوتین خۆی تووشی گۆشەگیری کردووە و زەحمەتە دان بە شکستی خۆیدا بنێت

**جەیمس هێنری لێبۆڤیج پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی و نێودەوڵەتییە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، تایبەتمەند و پسپۆڕی چەند بوارێکی گرنگی وەك تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی، دارشتنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەو شەڕە و چەند پرس و بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** چۆن لە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانیت، بە تایبەتی کە بۆ چەندین مانگە درێژەی کێشاوە و هەردوولا تووشی چەندین زیان و خەسارەتی گەورە بوونەتەوە، بە تایبەتی ڕووسیا لە ڕووی سەربازییەوە و ئۆکرانیاش هەم لە ڕووی سەربازی و هەم لە ڕووی ژێرخانەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بارودۆخێکی زۆر نالەبار و دژوارە. ئاشکرایە کە مایەی کاولکاری و وێرانکارییەکی زۆر بووە، بە تایبەتی لەسەر وڵاتی ئۆکرانیا و بگرە کاریگەرییەکەی لە ناوخۆی ڕووسیاشدا هەستی پێ دەکرێت، بە تایبەتی کە کاریگەری و دەرئەنجامی سزاکان دەرکەوتن و هاتوونەتە ئاراوە، ئەمە لە ڕووی ئابوورییەوە، دواتر ئەوەی سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تایبەت ناوزەدی کرد و بانگەشەی بۆ کرد، بەم شێوەیە لەلایەن خەڵکی ڕووسیا لێی ناڕواندرێت، مەبەستم ئەوەیە دوای ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری خەڵکی بانگ کرد بۆ نێو سوپا و دوای ئەوەی خەسارەت و زیانێکی زۆری سەربازیی کرد، ئەوا خەڵکی بە شێوەیەکی دیکە سەیری دۆخەکە دەکەن، هەرچەندە دڵنیانین لەوەی ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر دۆخی ناوخۆیی ڕووسیا دەبێت لە مەودای کورت و مامناوەنددا.

*** بۆچی ڕووسیا سەرباری ئەو هەموو خەسارەت و زیانە قورسانەی لێی کەوتووە، هێشتا پێداگرە لەسەر بەردەوامیدان و درێژەدان بە شەڕەکە و، بۆچی هەوڵ نادات ڕێگەچارەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دۆخەکە و زیانەکانی لەوە زیاتر نەبن؟**

- لە ڕاستیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین، لە ڕوانگەی ئەمنییەوە لەم پرسە دەڕوانێت، بە واتایەکی دیکە

**ئەو کەسانەی لە نزیکەوە لەگەڵ سەرۆک پوتین کار دەکەن، بوێریی ئەوەیان نییە هەواڵە ناخۆش و ڕاستییەکانی پێ بڵێن و تەنیا وتە و بڕیارەکانی ئەو پەسەند دەکەن**

ئەو هەر لە سەرەتاوە بەرگی بەرژەوەندیی ئەمنیی کرد بە بەر پرسەکەدا و، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ناتۆ دەیەوێت بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ڕووسیا بخاتە مەترسییەوە لە ڕێی بەرفراوانکردن و دەستڕۆیشتوویی خۆی بۆ سەر سنووری ڕووسیا، لە هەمان کاتدا سەرۆك پوتین ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە کەسانێك هەبوون بەرپرس بوون لە شکستهێنانی یەکێتیی سۆڤییەت، لەلایەکی دیکەوە ئەو کەسانەی لە نزیکەوە کار لەگەڵ سەرۆك پوتین دەکەن، بوێریی ئەوەیان نییە هەواڵە ناخۆش و ڕاستییەکانی پێ بڵێن و تەنیا وتە و بڕیارەکانی ئەو پەسەند دەکەن. واتە ئەو شتانەی پێ دەڵێن کە دەیەوێت ببیستێت، نەك ئەو شتانەی کە پێویستە بیزانێت. کەواتە ئەگەر لە ڕوانگەی کەسایەتیی ئەوەوە لەم پرسیارە ورد ببینەوە، ئەوا پێم وایە زەحمەتە کە پاشەکشە بکات، هەرچەندە لە ئێستادا لە ڕووی سیاسییەوە خۆی تووشی گۆشەگیریی سیاسی کردووە و زۆر زەحمەتیشە بۆی، کە بێ ددانپێدانان بە شکستی خۆیدا پاشەکشە بکات. مەبەستم ئەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانەی کە ڕای گەیاندبوو، ئەوا زەحمەتە دەرئەنجامێك قبووڵ بکات، ئەگەر دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆری خاکی ئۆکرانیا لە خۆ نەگرێت.

*** ئێوە لە میانەی وەڵامەکانتاندا ئاماژەتان بەوە کرد کە خەریکە لە نێوخۆی ڕووسیادا هەست بە کاریگەریی سزاکان دەکرێت، یان لە ئێستادا خەڵکی ئەو وڵاتە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەم سزایانەوە، بەڵام باس لەوە دەکرێت کە بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و غازەوە ڕووسیا داهاتێکی زیاتر بە دەست دەهێنێت و، ئەمەش وا دەکات بڵێین ئەو سزایانە کاریگەریی پێچەوانەیان لێ کەوتووەتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەو ڕێکار و سزایانە کاریگەرییان هەبووە، ڕاستە ڕووسیا وڵاتێکی ئابوورییە کە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، بەڵام ئەم سزایانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، بە تایبەتی بۆ دروستکردنی چەك و پیشەسازیی سەربازی و کەمبوونەوەی گەشەی پیشەسازیی سەربازیی ڕووسیاش، لە کۆتاییدا کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە دەبێت. دواتر سرووشتی سزاکانیش بە چەشنێکە کە کاتیان دەوێت بۆ ئەوەی کاریگەری دروست بکەن، هەرچۆنێك بێت ڕەنگە نەتوانین بڵێین سەپاندنی ئەم سزایانە و گرتنەبەری ئەم ڕێکارە ئابووری و داراییانە دژی ڕووسیا لەسەر ئاراستە و ئاقاری شەڕەکە کاریگەریی یەکلاکەرەوەی دەبێت.

*** وەك کەسێکی تایبەتمەند و پسپۆری بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چۆن وەسفی بارودۆخی ئێستای جیهان دەکەن، ئایا ئەوەی ڕوو دەدات شەڕێکی دیکەی ساردە، یان ئەمە تەنیا ڕکابەری و سیاسەتی نێوان هێزە مەزنەکانی جیهانە و شەڕێکی بە وەکالەتە؟**

- لە ڕاستیدا وەك کەسێك کە دیراسەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانم کردبێت و لە ئێستاشدا لە بواری ئەکادیمیدا ئەم بابەتە دەڵێمەوە، ئەوا ڕەنگە بتوانم بڵێم ئەوەی لە ئێستادا ڕوو دەدات هاوشێوەی ڕکابەری و ململانێی هێزە مەزنە جیهانییەکانە، کە لە سەدەی ڕابردوودا لە ئارادا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چەندین هێزی مەزنی دیکە هەن لە جیهاندا کە ئەم جۆرە سیاسەتە پیادە ناکەن، یان لەم جۆرە سیاسەتەوە نەگلاون، بەڵام ئەوەی سەرنج دەدرێت ئەوەیە کە لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردودا ڕووسیا بە چەشنێك ڕەفتار و سیاسەتی کردووە، وەك ئەوەی لە نێو شەڕێکی سارددا بێت، هەرچۆنێك بێت، نابێت ئێمە ڕەفتارێکی ناوازە و هەوڵاوێردی وڵاتێك بکەینە بناغە بۆ حوکمدان و بڕیاردان، چونکە ئەو هەڵسوکەوتەی ڕووسیا دژ و پێچەوانەیە لەگەڵ سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتانی دیکەدا. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کارێکی باشە کە ئێمە لە ڕابردوو بڕوانین و ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕووسیاش پێشتر- بە تایبەتی لە جەنگی دووەمی جیهانی- تووشی هەڕەشە و مەترسی بووە لەسەر بوون و بەرژەوەندییە ئەمنییەکان و، ئەوەش هۆکار بوو کە یەکێتیی سۆڤییەت و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بڕیار بدەن، سیاسەتی تایبەت بە خۆیان بگرنەبەر، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی ئەمنیی ڕەوایان هەبوو، بەڵام پوختەی قسەکە بۆ ئێستا ئەوەیە کە -هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد- ڕووسیا نیگەرانییەکانی خۆی وەك نیگەرانیی ئەمنی و بوونی هەڕەشە و مەترسی لەسەر بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی گوزارشت لێ دەکات، کەچی ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە نەك وڵاتانی ڕۆژئاوا نەبوونەتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ڕووسیا، بەڵکو لە ئێستادا خودی ڕووسیا خۆی بووەتە سەرچاوەی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ئەورووپا.

**سزاکانی سەر ڕووسیا کاریگەرییان هەبووە لەسەر بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، بە تایبەتی بۆ دروستکردنی چەك و پیشەسازیی سەربازی**

**ڕەنگە نەتوانین بڵێین سەپاندنی ئەم سزایانە و گرتنەبەری ئەم ڕێکارە ئابووری و داراییانە دژی ڕووسیا لەسەر ئاراستە و ئاقاری شەڕەکە کاریگەریی یەکلاکەرەوەی دەبێت**

**ئەوەی لە ئێستادا ڕوو دەدات هاوشێوەی ڕکابەری و ململانێی هێزە مەزنە جیهانییەکانە، کە لە سەدەی ڕابردوودا لە ئارادا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چەندین هێزی مەزنی دیکە هەن لە جیهاندا کە ئەم جۆرە سیاسەتە پیادە ناکەن**

**نەک وڵاتانی ڕۆژئاوا نەبوونەتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ڕووسیا، بەڵکو لە ئێستادا خودی ڕووسیا خۆی بووەتە سەرچاوەی هەڕەشە لەسەر ئاسایشی ئەورووپا**

*** پێت وانییە ڕووسیا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە شەڕێکە و قابیلی سەرکەوتن و بردنەوە نییە و ئیدی دەبێت بە چارەسەرێکی دیکە و گرتنەبەری گفتوگۆ و سازشکردن هەوڵی کۆتاییهێنان بەم دۆخەی ئێستا و یەکلاکردنەوەی ئەم شەڕە بدات؟ ئایا لە ئێستادا هەلومەرجەکە چەند لەبارە بۆ ئەوەی ئەم ڕێگاچارەیە بگیرێتەبەر؟**


- بە تێڕوانینی من ئێمە هێشتا نزیك نین لە هەلومەرجێکی لەم چەشنە کە تێیدا ئەم ئەگەرە و ئەم دەرئەنجامە بێتەئاراوە، بە چەشنێك هەردوولا لە ڕێی گفتوگۆوە بتوانن بگەنە ڕێککەوتن، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە هەڵوێستی ڕووسیا و ئۆکرانیا بە چەشنێکە کە یەك ناگرنەوە، چونکە ڕووسیا نایەوێت و خوازیاری ئەوە نییە پاشەکشە بکات و دەستبەرداری ئەو خاکانە بێت کە دەستی بەسەرداگرتوون و داگیری کردوون، لە هەمان کاتدا ئۆکرانیاش پێی وایە ئەگەر دەست لەم خاکانە هەڵبگرێت و سازشیان لێ بکات بۆ ڕووسیا، ئەوا دواجار ڕووسیا دووبارە بەکاریان دەهێنێتەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاکی زیاتر، کاتێك پێی وابێت کە هەلومەرجە سەربازی و سیاسییەکە لە بەرژەوەندیی ئەودایە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی ڕووسیا لەم بارەیەوە. لەبەر ئەوە ئۆکرانیا پێی وایە ناکرێت متمانە بە ڕووسیا بکرێت، کەواتە دەتوانین بڵێین ئۆکرانیا هیچ متمانەیەکی بە ڕووسیا نییە و پێی وایە هەر گفتوگۆیەك تەنیا ئاگربەست و ڕاوەستانی شەڕەکەی لێ دەکەوێتەوە، نەك ئاشتییەکی ڕاستەقینە، واتە ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا لە ئایندەدا بیر لە هێرش و داگیرکاری و دەستدرێژکاری نەکاتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هانی ئۆکرانیا دەدات بۆ ئەوەی ڕێگەچارەی دیپلۆماسی و گفتوگۆکردن وەك بژارەیەك بهێڵێتەوە و لەبەرچاوی بگرێت، بەو پێیە ئەمە هەمیشە ڕێگەچارەیەکی باش و گونجاوە بۆ ئەوەی بگیرێتەبەر، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەمریکا دوودڵە لەوەی گوشارێکی زۆر لە ئۆکرانیا بکات بۆ ئەوەی سازش بۆ ڕووسیا بکات.

**ئۆکرانیا هیچ متمانەیەکی بە ڕووسیا نییە و پێی وایە هەر گفتوگۆیەک تەنیا ئاگربەست و ڕاوەستانی شەڕەکەی لێ دەکەوێتەوە، نەک ئاشتییەکی ڕاستەقین**



**ئەمریکا هانی ئۆکرانیا دەدات بۆ ئەوەی ڕێگەچارەی دیپلۆماسی و گفتوگۆکردن وەک بژارەیەک بهێڵێتەوە و لەبەرچاوی بگرێت**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر هوارد فیدرسپیل بۆ گوڵان:

# بایدن پوتینی تووشی سەرسوڕمان کرد

**هوارد فیدرسپیڵ پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی ئۆهایۆ ستەیت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی بەراوردکاری، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئاراستە و ئاکامەکانی ئەم شەڕە و پرسی ئەوەی ئایا لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم شەڕەدا تا چەند هاوکارییە سەربازی و داراییەکانی ڕۆژئاوا بۆ وڵاتی ئۆکرانیا بەردەوام دەبن.**

*** وەك کەسێکی تایبەتمەندی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چۆن لە بارودۆخی ئێستای جیهان دەڕوانیت، بە تایبەتی لە بەر ڕۆشنایی درێژەکێشان و بەردەوامبوونی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە ئاشکرایە دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی لە سەرتاسەری جیهاندا ڕەنگیان داوەتەوە، بۆچی ڕووسیا سەرباری شکستە سەربازییەکانی هێشتا بەردەوامە لەم شەڕە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین پێیان وا بوو کە ڕووسیا ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی بووەتەوە (هەڕەشە و مەترسییەك کە لە ناتۆوە سەرچاوە دەگرێت بە تێڕوانینی ڕووسیا) و دەبێت پەرچەکردار و کاردانەوەی هەبێت بۆ ئەم هەڕەشەیە، بە تێڕوانینی من ئەمە لێکدانەوە و دیدێك، یان خوێندنەوەیەکی هەڵەی هەلومەرجەکەیە، بەڵام ئیدی ئەمە بیرکردنەوە و شرۆڤەکاریی ڕووسیایە و لەسەر ئەم بنەمایەش ڕەفتاری کردووە، واتە ڕووسیا پێی وایە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی وڵاتەکەی هەبووە، دواتر ئەگەر ئێمە ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوە، ئەوا حوکمڕان و بڕیاربەدەستانی ڕووسیا هەمیشە باوەڕیان وابووە کە دەبێت دەوڵەتە دراوسێکانی دۆستی ڕووسیا بن و، ئەگەر دۆست نەبن، ئەوا مایەی هەڕەشە و مەترسین.

**حوکمڕان و بڕیاربەدەستانی ڕووسیا هەمیشە باوەڕیان وابووە کە دەبێت دەوڵەتە دراوسێکانی دۆستی ڕووسیا بن و، ئەگەر دۆست نەبن، ئەوا مایەی هەڕەشە و مەترسین**

*** هەر لێکدانەوەیەك بۆ ئەم شەڕە بکرێت هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ڕووسیا نەیتوانی وەك پێویست پێشڕەوی بکات و ئامانجە ڕاگەیاندراوەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. ئایا پێت وایە تا چەند کاردانەوە و بەرگری گەلی ئۆکرانیا و هاوکارییە سەربازی و داراییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی**

**ئەمریکا مایەی سەرسوڕمان بوون بۆ ڕووسیا؟**

- لە ڕاستیدا ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە ڕووسیا تووشی سەرسوڕمانێکی گەورە بووە، چونکە ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین بەو شێوەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان دەڕوانی کە هەڵوێستێکی نەرم دەگرێتەبەر و، لە بارێکی لاوازی سەربازیدایە، کە زۆرجار ئەمە کێشەی وڵاتانی دیکەیە لە ئاست ئەمریکادا، کە هەندێ جار ئەو تێڕوانینەیان بۆ دروست دەبێت کە ئەمریکا وەك پێویست جددی نییە، لەم ڕووەوە ڕووسیا پێشبینیی ئەو بەرهەڵستی و بەرگرییەی نەکرد، تەنانەت پێی وابوو بایدن کە کەسێکی بە تەمەن و بەساڵاچووە، بەو شێوەیەی ئێستا پشتیوانی و هاوکاریی وڵاتی ئۆکرانیا بکات، واتە بایدن ڕووسیا و پوتینی تووشی سەرسوڕمان کرد لەم ڕووەوە.

*** کەواتە چۆن لە ئەدای ئیدارەی سەرۆك جۆزێف بایدن دەڕوانیت لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، کە تا ئێستا ئەمریکا خۆی بەدوور گرتووە لەوەی بکەوێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕووە لەگەڵ ڕووسیادا، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك ستراتیژیەتێکی سەرکەوتوو و ژیرانە بووە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەوەی تا ئێستا ئیدارەی سەرۆك بایدن ئەنجامی داوە، یان پیادەی کردووە، ئەو سیاسەتە بووە کە گەلی ئەمریکا ویستوویانە و خوازیاری ئەوە بوون ئیدارەی وڵاتەکەیان بیگرێتەبەر، واتە ئەم ئیدارەیە ئەو ڕاستییەی لەبەرچاوە کە گەلەکەی نایەوێت وڵاتەکەی تووشی شەڕ ببێت، بە تایبەتی لەگەڵ ڕووسیادا، دواتر هەر خودی ئەم ئیدارەیەش نایەوێت بکەوێتە شەڕێکی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕووسیادا، بەڵکو ئەم ئیدارەیەی سەرۆکی ئەمریکا بە چەشنی سەرۆکەکانی پێش خۆیان خوازیاری پشتیوانیکردنن لەو نەتەوانەی کە خۆیان ئامادەن شەڕەکە بکەن، پوختەی وەڵامەکە ئەوەیە کە سەرۆك بایدن هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی ڕاست و دروستی کردووە بۆ خواستی گەلی ئەمریکا لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، خواستی گەلی ئەمریکاش ئەوەیە کە ڕێگە بە ڕووسیا نەدرێت دەست بە سەر وڵاتی ئۆکرانیادا بگرێت و داگیری بکات، لەم ڕووەوە هاوسۆزییەکی زۆریان بۆ خەڵك و گەلی ئۆکرانیا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نایانەوێت سەربازانی سوپای وڵاتەکەیان بچێتە ئۆکرانیا و لەوێوە شەڕی ڕووسیا بکەن.

*** ئێمە لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەمان بەوە کرد کە شەڕەکە درێژەی کێشاوە، لەم ڕووەوە دەمانەوێت بزانین پێشبینیی ئێوە چییە بۆ بەردەوامبوونی هاوکارییە سەربازی و داراییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا، مەبەستمان ئەوەیە ئایا ئەگەر شەڕەکە بەردەوام بێت، پێت وایە ئەم هاوکارییانەش بە هەمان ئاست و ئەندازەی پێشوو بەردەوام بن؟**

- من خۆیشم بیرم لەم پرسە کردووەتەوە و ئەو پرسیارەم لا دروست بووە، ئایا تا چەند ئەم هاوکاری و پاڵپشتییانە بەردەوام دەبن، ئەگەر ئێمە نموونەی چەند وڵاتێك وەربگرین لە پەیوەندی بەم پرسەوە، ئەوا وەڵامی جیاوازمان دەست دەکەوێت، چونکە ئێوە بڕوانن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ماوەی ٧٠ ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیادا ماوەتەوە و بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی، بەڵام لە ئەفغانستاندا نزیکەی ٢٠ ساڵ مایەوە و دواتر بەپەلە و بە خێرایی پاشەکشەی کرد و ئەو وڵاتەی جێهێشت. کەواتە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بمانەوێت وەڵامی پرسیارەکە بدەینەوە، ئەوا من پێم وایە بەندە بەوەی تا چەند ئەم شەڕە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەمریکا ناچار بێت سەربازی خۆی بنێرێت، ئەو کاتە ئەگەر تەرمی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکە ئەوا ئەمە کاردانەوە لای خەڵکی ئەمریکا و ڕای گشتی دروست دەکات، ئەمە دەرئەنجامێکە کە خودی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن خوازیاری ئەوە نییە ڕوو بدات. لەم کاتەدا پرسی بەردەوامبوونی ئەم هاوکاری و پاڵپشتییانە هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، کەواتە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی لە دۆخێکدا بینییەوە کە ناچار بوو ڕاوێژکار و سەربازی خۆی بنێرێت، ئەو کاتە پێم وایە مەودا و ماوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا زۆر درێژە ناکێشێت.

*** هەروەك ئاشکرایە لەم شەڕەدا تەنیا چەك و ئامرازە سەربازییەکان بەکار نەهێنران،**

**ئەوەی تا ئێستا ئیدارەی سەرۆک بایدن ئەنجامی داوە، ئەو سیاسەتە بووە کە گەلی ئەمریکا ویستوویانە و خوازیاری ئەوە بوون ئیدارەی وڵاتەکەیان بیگرێتەبەر**

**ئەم ئیدارەیەی سەرۆکی ئەمریکا بە چەشنی سەرۆکەکانی پێش خۆیان خوازیاری پشتیوانیکردنن لەو نەتەوانەی کە خۆیان ئامادەن شەڕەکە بکەن**

**ئەمریکا بۆ ماوەی ٧٠ ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیادا ماوەتەوە و بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی، بەڵام لە ئەفغانستاندا نزیکەی ٢٠ ساڵ مایەوە و دواتر بەپەلە و بە خێرایی پاشەکشەی کرد**

**ئەگەر ئەمریکا خۆی لە دۆخێکدا بینییەوە کە ناچار بوو ڕاوێژکار و سەربازی خۆی بنێرێت، ئەو کاتە پێم وایە مەودا و ماوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا زۆر درێژە ناکێشێت**

**بەڵکو وڵاتانی ڕۆژئاوا بە گشتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تایبەتی چەندین ڕێکار و سزای دارایی و ئابووریی قورسیان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، لە بەرانبەریشدا ڕووسیا هەوڵی داوە وزە (نەوت و غاز) وەك چەکێك بەکار بهێنێت بۆ ناچارکردنی وڵاتانی ئەورووپا و، بە دیاریکراوی بۆ گۆڕینی هەڵوێست و سیاسەتەکانیان، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و تا چەند ئەمە حیساباتی ئەورووپای لە پەیوەندی بە وزە و ئاسایشەوە گۆڕیوە؟**

- شتێکی ڕوونە کە ئەم دەرئەنجامە و بە دیاریکراوی پرسی پەیوەست بە نرخی وزە، یان بەرزبوونەوە و هەڵکشانی نرخی وزە مایەی نارەحەتی و نیگەرانیی وڵاتانی ئەورووپایە، کە لەم زستانەدا دەبێت خەمی ئەوە بخۆن چۆن وزەی پێویست دەستەبەر بکەن، بۆ ئەوەی هاووڵاتییەکانیان بتوانن خۆیان لە سەرماوسۆڵە بپارێزن، مەبەستم ئەوەیە کە پێویستیان بە کەرەستە، یان پێداویستیی خۆگەرمکردنەوە هەیە و ئەم وڵاتانەش دەیانەوێت ئابوورییەکانیان بەردەوام بێت و تووشی سستبوون و پووکانەوە نەبن، لەم ڕووەوە پشت بە نەوتی هاوردەکراو لە ڕووسیاوە دەبەستن. لەلایەکی دیکەوە ئەورووپا نایەوێت ڕووسیایەکی زۆر بەهێز بێتە ئاراوە و ئەم ترس و نیگەرانییە لە وڵاتانی بەڵتیکدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، هەروەها ئەڵمانیاش بە ڕادەیەکی گەورە پشت بە نەوتی هاوردەکراوی ڕووسیا دەبەستێت، ئەگەرچی ڕەنگە لە ئێستادا خوازیاری ئەوە نەبێت کە ئەم کارە بکات، کەواتە لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا خاڵی وەرچەرخانەکە چییە؟ مەبەستم ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەم وڵاتانە ئامادەن و دەتوانن دژی ڕووسیا بوەستنەوە لەم ڕووەوە. دواتر ئێمە بینیمان لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا سەرۆکی فەرەنسا (ئیمانوێل ماکرۆن) سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد و خواستی خۆی دەربڕی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕووسیادا، کە ئەمەش پێمان دەڵێت کە چۆن وڵاتانی ئەورووپا لە ڕوانگە و گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە لە پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم شەڕە دەڕوانن.



**ئەورووپا نایەوێت ڕووسیایەکی زۆر بەهێز بێتە ئاراوە و ئەم ترس و نیگەرانییە لە وڵاتانی بەڵتیکدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت**

**لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا سەرۆکی فەرەنسا (ئیمانوێل ماکرۆن) سەردانی ئەمریکای کرد و خواستی خۆی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕووسیادا دەربڕی، ئەمە پێمان دەڵێت کە چۆن وڵاتانی ئەورووپا لە ڕوانگە و گۆشە نیگایەکی جیاوازەوە لە پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم شەڕە دەڕوانن**

# بازاڕی کار ڕووی لە بووژانەوە کردووە، بەڵام پێویستی بە ڕێکخستنەوە و بەرزکردنەوەی بەهای کار هەیە

دۆزینەوەی هەلی کار و بەشداریکردنی گەنجان بە هەر دوو ڕەگەزی ئافرەتان و پیاوان بە یەکێك لە پێوەرەکانی حوکمڕانیی باش دادەنرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گرنگییەکی زۆری بە سەرمایەی مرۆیی داوە، بەتایبەتی دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ گەنجان لە کەرتی تایبەتدا، کە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و زیادبوونی کۆمپانیاکانی نەوت و غاز و کارگە پیشەسازییەکان ئومێدێکی زۆر بە زیادبوونی هەلی کار دروست بووە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی ئەو گەنجانەی ڕوو لە هەندەران دەکەن، لەبەر نەبوونی هەلی کارە، کە تەنیا لە ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی ٢٥ هەزار کەس کە زۆربەیان گەنجن کۆچیان کردووە. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: لێرەو لەوێ بازاڕەکان جموجووڵێکی زۆریان تێ کەوتووە و بە سەدان کرێکار و کارمەند لە عێراق و ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و وڵاتانی دیکەی ئاسیایی بۆ کارکردن ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، کەواتە کێشەکە لە چیدایە؟ گەنج لە قۆناغی ١٨- ٤٠ ساڵیدا ڕێژەی هەرە زۆری دەستی کاری کوردستان پێك دەهێنێت. لە ١٥ ساڵیدا کە یاسای ژمارە ٧١ی کارپێکراوی ساڵی ١٩٨٨ دەڵێت دەستی کار لە ١٥ — ٦٣ ساڵ دەست پێ دەکات، لە هەرێمی کوردستان ئامارەکان دەری دەخەن نزیکەی ٣،٥ ملیۆن کەسی لە ١٥-٦٣ ساڵدا کار دەکەن، واتە لە ٦٠٪ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەستی کارن، لەم ڕێژەیەش زیاتر گەنجەکان لە قۆناغی ١٨-٤٠ ساڵیدا دەگرێتەوە. بە واتایەکی دیکە گەنجەکان زۆرترین ڕێژەی کار پێك دەهێنن، بۆیە کۆمەڵگەی کوردستانی بە کۆمەڵگەیەکی گەنج دادەنرێت.

ئەو یاسا کۆنەی عێراق کە لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت، هیچ هەلێکی تێدا نییە بۆ هاندانی گەنج بۆ کارکردن، یان بەدەستهێنانی هەلی کار لە کەرتی تایبەت، خۆشبەختانە لە ئێستادا لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای نوێی کار دەکرێت و گفتوگۆیەکی جددی و گرنگ بەڕێوەدەچێت، تاوەکو پێش هاتنی ساڵی نوێ — یاسای کاری نوێ پەسەند بکرێت، وێڕای هەموو ئەو بۆچوون و سەرنج و تێبینییانەی لەسەر ڕەشنووسی پرۆژە یاسای کار لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەڵام یاسای نوێی کار یاسایەکی زۆر مۆدێرنە و هاندان و پاڵپشتییەکی زۆری تێدایە بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت و پاراستنی زەمانەتی کرێکار و مافی خاوەن کاریش، بگرە یاسای نوێی کار، دامەزراوە و کۆمپانیا و کەرتی تایبەت بەگشتی هان دەدات بۆ گرنگیدان بە هەلی کار، بەتایبەتی بۆ گەنجەکان (بە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ).

**لەگەڵ دەستپێکردنەوەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و زیادبوونی کۆمپانیاکانی نەوت و غاز و کارگە پیشەسازییەکان ئومێدێکی زۆر بە زیادبوونی هەلی کار دروست بووە**



## دکتۆر ئەحمەد میران

سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەریی یاسا –IOL

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ستراتیژیەتی پەرەپێدانی بەردەوام لە ٢٢-٣٠ی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا گرنگییەکی زۆر بە دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و پەرەپێدانی مرۆیی و تواناکان دراوە، بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی تایبەتی بۆ بووژانەوە و گرنگیدان بە دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان داوە. جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە و زاڵبوون بە سەر هەموو لەمپەر و کۆت و بەربەستەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ستراتیژیەتەکە لە گرنگترین هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە هاوکات لەگەڵ بەرزیی نرخی بەهای نەوتی خاو و چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکانی دارایی و جووڵاندنی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی و هەنگاوەکانی فرەچەشنکردنی ئابووری بەرەو کەرتەکانی (کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری)، هەلێکی زۆری کارکردن بۆ گەنج دەستەبەر بووە، بەڵام هاتنی بە لێشاوی کرێکارانی عێراقی و بیانی و دابەزینی نرخ و کرێی کارکردن کێشەی بۆ گەنجەکانی خۆمان دروست کردووە، چونکە بێ بەهابوونی کار لەگەڵ هەڵکشانی نرخ و هەڵاوسان گرفتێکی گەورەیە بۆ بێ بەهابوونی کارەکەش.

لە ساڵی ٢٠٠٦ ـەوە دوای دەرچوونی یاسای وەبەرهێنانی کوردستان تا ساڵی ٢٠٢١ نزیکەی ٥٢ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی بیانی لە کوردستان بوونی هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم وەبەرهێنانە لەو سێکتەرانەدا بەگەڕ نەخراوە کە ڕێژەی هەلی کاری زۆر و بەردەوامی تێدا بێت، بۆیە بەپێی پێویست سوودی بۆ دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ گەنجان نەبووە. لەم کابینەیەدا ئەو هەڵە ئابوورییە ڕاست دەکرێتەوە و وێڕای ئاستەنگ و بەربەستەکان هەوڵەکان بەردەوامن. ئەوەتا سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەچێت، کە زۆرترین هەلی کاری تێدایە، خۆ ئەگەر سنوورێك بۆ بەلێشاو هاتنی دەستی کاری عێراقی و ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و باکوور و ئاسیایی و ئەفریقایی دانرێت، ئەو کات جوانترین کۆنترۆڵی هەلی کار دەکرێت لە هەرێمی کوردستان.

**به سەدان کرێکار و کارمەند لە عێراق و ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و وڵاتانی دیکەی ئاسیایی بۆ کارکردن ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە**

من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم کە دەوترێت بوونی کرێکاری بیانی بۆ دابەزینی نرخ و بەهای کار گرنگە، کار کە بێ بەها کرا، گەنجی خۆمان کە باج و ڕسومات و خەرجییەکانی خۆی و خێزانەکەی زۆرە، ئامادە نییە لە کارێکدا کار بکات لانی کەمی پێداویستییەکانی ژیانی پڕ نەکاتەوە، لە کاتێکدا گەنجێکی وڵاتانی ئاسایی و ئەفریقی و پارچەکانی دیکەی کوردستان و شارەکانی عێراق ئامادەن بە پارەیەکی کەم کار بکەن، چ بە هۆی پێویستییان بە کار و چ



**ئەو یاسا کۆنەی عێراق کە لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت، هیچ هەڵێکی تێدا نییە بۆ هاندانی گەنج بۆ کارکردن، یان بەدەستهێنانی هەلی کار لە کەرتی تایبەت**

**یاسای نوێی کار یاسایەکی زۆر مۆدێرنە و هاندان و پاڵپشتییەکی زۆری تێدایە بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت و پاراستنی زەمانەتی کرێکار و مافی خاوەن کاریش**

بە ناچاری بێت، یان بە هۆی گۆڕینەوەی دراوی دینارەوە بێت بۆ دراوی ئەو وڵاتانە کە لە جیاوازییەکەیدا قازانجێکی باش دەکەن، بەڵام ناردنە دەرەوەی ئەو پارە زۆرە زیانێکی گەورە بە بەهای دینار و ئابووریی وڵات دەگەیەنێت. جاران پەرەپێدانی مرۆیی و بەرزکردنەوەی توانا و کارامەیی لە ڕێگەی سەندیکاکانەوە کرێکار و پیشەوەر و پسپۆڕایەتییەکانەوە بوو، کە بەردەوام خولیان بۆ ئەندامەکانیان دەکردەوە.

گرفتێکی گەورە لە نێوان پڕۆگرامەکانی خوێندن و بازاڕی کار هەیە، تەنانەت وای لێ هاتووە، زۆر بەشی خوێندن ماوەیەکی دیکە دەبێت داخرێت، چونکە قوتابی دەزانێت چوونی بۆ ئەو بەشە هەلی کار و دامەزراندنی لە دوای دەرچوونی دەست ناکەوێت. وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێت بە وردی توێژینەوەی لەسەر ئەم بابەتە هەبێت، تەنانەت دەبێت بەردەوام پڕۆگرامەکانی خوێندن گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، بۆ نموونە جاران خوێندن لە بەشی ژمێرکاری بە کۆمپیوتەر و سیستەمە پێشکەوتووەکان نەبوو، ئێستا گەورە کۆمپانیاکان هەموویان کاری ژمێرکاری بە کۆمپیوتەر دەکەن. ئایا دەزانیت لە هەرێمی کوردستان چەند پیشە و کار هەیە کە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە؟ کەچی توانای قوتابیانمان بە هۆی نەگۆڕینی پڕۆگرامەکانەوە هەر وەکو خۆیەتی، ئەوەندە سەرقاڵیان دەکەین بە هەندێك وانە و شێوازی فێربوون کە دەرچوون و چوونە ناو بازاڕی کار کەس ئەو شێوازە تەقلیدی و کۆنەی ناوێت.

وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانیەوە (تایبەت بە کار) هەنگاوی جددی بنێت بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و ڕاهێنان و پەرەپێدانی دەستی کاری خۆماڵی. خۆ ناکرێت کۆمپانیایەکی نەوت، یان تەکنەلۆژیا و پیشەسازی لەم وڵاتەدا وەبەرهێنان بکەن، بەڵام بە بیانووی ناشارەزایی کرێکارانی ناوخۆوە بچن کرێکارانی بیانی یان کرێکارانی وڵاتەکەی خۆیان بەگەڕ بخەن. پێویستە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی خولێکی خێرای مەشق و ڕاهێنان و پەرەپێدان بۆ گەنجە بێکارەکانی خۆمان بکاتەوە و توانا و کارامەییان بەرز بکاتەوە. بۆ نموونە سێکتەری نەوت و پاڵاوتگە و پیشەسازیی نەوتی ڕوو لە بووژانەوە دەکات و هەلی کاری باشی تێدایە. ڕاستە پەیمانگەی نەوتی و بەشی نەوت و غاز



لە کۆلێژەکان بوونیان هەیە، بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نییە، دەبێت گەورە کۆمپانیاکانی نەوتی و پیشەسازی و کارەبا هان بدرێن خولی خێرا بۆ ئەو گەنجانەی کوردستان لە هەردوو ڕەگەز بکەنەوە. گەنجێك بزانێت دوای خولێکی ڕاهێنان کارێکی بە مووچە و کرێیەکی باش دەست دەکەوێت، گرنگییەکی زۆر بە خۆپێگەیاندنی دەدات. ئەمە ڕێك پێچەوانەی ئەو گەنجەیە کە لە کۆلێژێکدا دەخوێنێت و دەزانێت دوای دەرچوونی لەو بوارەدا هەلی کاری دەست ناکەوێت، بۆیە گرنگی بە تواناکانی نادات.

کاتی ئەوە هاتووە هەرچی نەخۆشخانە و کۆلێژ و قوتابخانەی ناحکوومی و تایبەت هەیە، بخرێنە ژێر باری بەگەڕخستنی هەلی کار و زەمانەتکردنی کرێکار و کارمەند و فەرمانبەر و مامۆستا و پزیشکەکان، تەنانەت ئەم حاڵەتە دابەزێنرێتە خوارەوە بۆ نۆرینگە و دەرمانخانە و کۆگا و مۆڵ و مارکێتەکانیش. لە ئێستادا زیاتر لە ١٧ زانکۆی تایبەتمان هەیە و ساڵانە بە هەزاران گەنج کە پێشتر ئەو هەلەی خوێندنی نەبووە، ئێستا دەخوێنێت و لە دوای دەرچوونی پێویستی بە کار هەیە.

ڕێگا پێدان بە هێنانی کرێکاری بیانی دەبێت تەنیا بۆ ئەو بوارانە بێت کە کرێکاری خۆمان ئامادە نین کاری تێدا بکەن، وەکو کرێکارانی بیانی لەناو ماڵان، من پێم باشە کۆمپانیای تایبەت بە دۆزینەوەی هەلی کاریش دابمەزرێت.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کەمبوونەوەی هەلی کارە لە قەزا و ناحیە و دەرەوەی شارە گەورەکان، ئیٚ خۆ گەنج ناچێت بە کرێیەکی زۆر خانوویەك بگرێت و لە ناو شارە گەورەکان کار بکات. دەزانیت لە ڕاپرسییەکدا چەند زانیارییەك ئاشکرا بووە کە دەکرێت بە جددی کاری لەسەر بکرێت، ئەویش بیٚ بەهابوونی کار و نادادپەروەریی لە هەلی کار و جیاوازیی چینایەتی و نەبوونی کارە لە ناوچە دوورە دەستەکان و تەنانەت لە قەزاو ناحییەکان. خۆ ئەگەر لە هەرێمی کوردستان هێڵی مترۆ، شەمەندەفەڕ و هۆکاری گواستنەوەی باش و سەلامەت و خێرا هەبووایە، بە هاوشێوەی زۆر وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، گەنجی ئەو شوێنە دوورە دەستانە دەیانتوانی بە تێچوونێکی کەم لە ناو شارە گەورەکان و شارە پیشەسازییەکان کاریان دەست بکەوتایە. ئەمڕۆ لە هەولێری پایتەخت زۆرترین هەلی کار هەیە، بەڵام تا بەرەو ناوچە سنوورییەکان و قەزاو ناحییەکان بڕۆیت، ئەم هەلی کارە کەمتر دەبێتەوە.

**سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەچێت، کە زۆرترین هەلی کاری تێدایە**

**پێویستە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی خولێکی خێرای مەشق و ڕاهێنان و پەرەپێدان بۆ گەنجە بێکارەکانی خۆمان بکاتەوە و توانا و کارامەییان بەرز بکاتەوە**

غەفوور ئەحمەد مەلا سوار
قائیمقامی مێرگەسۆر بۆ گوڵان:

# بە بڕی نزیکەی ٧ملیار دینار پرۆژەی ڕێگاوبان لە مێرگەسۆر جێبەجێ کراوە

**قــەزای مێرگەســۆر تایبەتمەندیــی خــۆی هەیــە لــە ڕووی هەڵکــەوت و سرووشــتی ناوچەکــەوە و بــۆ تیشــك خستنەســەر ئــەو پرۆژەیانــەی بــۆ ئــەم قەزایــە جێبەجــێ کــراون و ئــەو پــرۆژە و خزمەتگوزارییانــەش کــە زۆر پێویســتن جێبەجــێ بکرێــن، گــوڵان دیمانەیەکــی لەگــەڵ غەفــوور ئەحمــەد مــەلا ســوار قائیمقامــی مێرگەســۆر ئەنجــام دا.**

*** ئایا قـەزای میرگەسـۆر بـە چی بەناوبانگە و لـە ڕووی کارگێڕییـەوە چەنـد ناحیـە و گونـد لەخـۆ دەگرێت؟**

- قــەزای مێرگەســۆر لــە ســەنتەری قــەزا و ناحیەکانــی (مەزنــێ، پیــران، گۆڕەتــوو، شــێروان مەزن و بارزان) دایە و ١٦٥ گوند پێك دێت. لە ئێســتادا تەنیــا ١٠٠ گونــد ئاوەدانــن و ٦٥ گونــد لەبەر بوونی پەکەکە و تۆپبارانی تورکیا ئــاوەدان نەکراونەتــەوە و چەنــد کیلۆمەترێك لەگــەڵ وڵاتــی تورکیــا هاوســنوورین و ناوچەیەکــی شــاخاوی و ســەختە و خەڵکــی ئــەو ناوچەیــە بەشــێکی بــە ئاژەڵداری و هەنگەوانــی و ڕەز و باخــەوە خەریکن و بەشــێکی کاســبی ڕۆژانــە دەکــەن و بەشــی زۆریشــان فەرمانبــەر و پێشــمەرگەن.

*** وەك دەزانیـن دەڤەری مێرگەسۆر ناوچەیەکی ڕەنگیــن و ســەرنجڕاکێش و شــاخاوی و ســەختە، ئایـا ڕێگاوبانەکانــی چۆنــە و لــە چەنــد ســاڵی ڕابــردوو بەتایبەتی لەکابینــەی نۆیەمــدا چی بــۆ کــراوە؟**

- قــەزای مێرگەســۆر بــە هەمــوو ســنوورەکەیەوە یەکێــك لــەو شــوێنانە بــووە کــە لــە ســەردەمی ڕژێمــی بەعــس وێــران کرابــوو، بــەڵام لــە دوای ســاڵی ١٩٩٢ لەســەر دەســتی حکومەتــی هەرێــم ئەو ناوچەیە ئــاوەدان کراوەتەوە، بێگومــان گرنگی بە ڕێگاوبان دراوە، بەڵام ناوچەیەکی شــاخاوی و ســەختە و پێویســتی بــە گرنگیدانــی زیاتــر هەیــە لــە ڕووی پــرۆژەی ڕێگاوبــان بەتایبەتــی و لــە کابینەکانی ڕابردوو و لەو کابینەیەش بەتایبەتی زۆر گرنگــی بــە بــواری ڕێگاوبــان دراوە، کــە چەندیــن پــرۆژەی گرنــگ و پێویســت ئێســتا لــە



بەرنامە و لەژێر جێبەجێکردندان، لەوانە ڕێگای سێرکە مێرۆز کە ١٢ کیلۆمەترە تەواو بووە و ڕێگای بارزان بۆ باڵندا لە قۆناغی کۆتایی و قیرتاوکردندایە و پڕۆژەی ڕێگای پیران بۆ مێرگەسۆر کە ٨ کیلۆمەترە ئەو ڕێگایەش بە شێوەیەکی سەردەمیانە چاك دەکرێتەوە، هەروەها ڕێگای گوندی باپکێ کە ئێستا قیرتاو دەکرێت و ڕێگای گوندی بنێبیاو ناو کۆڵانی گوندەکە ئێستا پڕۆژەی قیرتاوکردنی بۆ دەرچووە و چەندین پڕۆژەی دیکە لە بەرنامە و لەژێر کارکردندان. پڕۆژەی ڕێگاوبان لە دەڤەری ئێمە لە بەر شاخاوی و سەختی گوژمەی زیاتری پێویستە و چەندین پڕۆژەی ڕێگاوبانی دیکە بۆ ساڵی داهاتوو بە هاوکاری جەنابی مەلا مستەفا کە ڕەزامەندی لە ڕێزدار سەرۆکی حکومەت وەردەگرێت، لە بەرنامەدایە، لەوانە جووت سایدی گۆڕەتووە و ئەو بودجەی لە چەند ساڵی ڕابردوو لە ڕێگاوبانی دەڤەرەکە خەرج کراوە نزیکەی ٧ ملیار دینار بووە.

*** ئایا بۆ ئاوی خواردنەوە چ کار و پڕۆژەیەك جێبەجێ کراوە؟**

- لە بواری ئاوی خواردنەوە کاری باش کراوە، پڕۆژەی ئاوی بەرگەری کە ئاو بۆ زیاتر لە ٩١ گوند دابین دەکات لە کابینەی پێنجەم جێبەجێ کراوە لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە تەواو بووە و پڕۆژەی ئاوی باڵندە – بارزان کە لە ساڵی ٢٠١٣ بڕیار و ڕەزامەندی لەسەر درابوو، کە گوژمەکەی ١١٠ ملیۆن دۆلار زیاترە،٧٠٪ی پڕۆژەکە جێبەجێ کراوە، بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی و شەڕی داعش و هاتنی پەتای کۆرۆنا کارکردن تێیدا وەستابوو و ئەمساڵ بە هاوکاریی جەنابی مەلا مستەفا و کۆبوونەوەی زۆر لەگەڵ چەندین لایەنی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی بڕیاری دەستپێکردنەوەی ئەو پڕۆژەیە درا کە لە ماوەی ساڵێك و نیو بۆ دوو ساڵ تەواو بێت و بکەوێتە خزمەتی خەڵکی دەڤەرەکە، هەروەها پڕۆژەی ئاوی گوندی کەونەگوندمان هەبوو، کە ئەویش حەوت گوند لێی سوودمەند دەبن، کە ئەو پڕۆژەیەش تەواو بووە، هەروەها پڕۆژەی ئاوی گوندی بیوو و کانی بۆت و چەندین گوندی دیکە ئەوانەش کەوتوونەتە خزمەتی خەڵکی گوندەکان و چەندین

**لە ئێستادا تەنیا ١٠٠ گوند ئاوەدانن و ٦٥ گوند لەبەر بوونی پەکەکە و تۆپبارانی تورکیا ئاوەدان نەکراونەتەوە**

**پرۆژەی ئاوی بەرگەری کە ئاو بۆ زیاتر لە ٩١ گوند دابین دەکات لە کابینەی پێنجەم جێبەجێ کراوە لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە تەواو بووە و پرۆژەی ئاوی باڵندە – بارزان کە لە ساڵی ٢٠١٣ بڕیار و ڕەزامەندی لەسەر درابوو، کە گوژمەکەی ١١٠ ملیۆن دۆلار زیاترە،٧٠٪ی پرۆژەکە جێبەجێ کراوە**

**ئەمساڵ زیاتر لە ٣٢ بینایەی قوتابخانە لە سنوورەکە نۆژەن کراونەتەوە و چەندین قوتابخانەش لەلایەن خێرخوازانەوە بەتایبەت لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی دروست کراون**

**هۆی جموجوڵی پەکەکە و فڕۆکە و تۆپبارانی تورکیا جگە لەوەی ٦٥ گوند ئاوەدان نەکراونەتەوە، مەترسیی زۆر لەسەر ئەو گوندانە هەیە و تا ئێستا لە سەرووی ٢١ هاووڵاتی لەو سنوورەدا شەهید بوون**

پرۆژەی ئاوی دیکە ڕەزامەندییان هەیە، بەڵام وەرزی زستانە و ناتوانرێت کاریان تێدا بکرێت، تا دەگەینە وەرزی بەهار و هاوین و بە تەواوبوونی ئەو پرۆژەیانە ٩٥٪ی کێشەی ئاو لە سنوورەکە چارەسەر دەبێت.

*** ئایا لە بواری خزمەتگوزاری و پرۆژەی بواری تەندروستی چیتان بۆ کراوە؟**

- لە بواری تەندروستی هەنگاوی باش نراوە و نەخۆشخانەی باش لە سنوورەکە هەیە کە لە ئاستی تمووحی خەڵکەکەشدایە، بەتایبەتی نەخۆشخانەی گشتیی بلێ و مێرگەسۆر و چەندین بنکەی تەندروستییش لە سنووری قەزاکەدا هەن کە خەڵکەکە ڕۆژانە سەردانیان دەکەن و سوودی باشی لێ وەردەگرن.

*** ئایا لە کەرتی پەروەردە پێویستتان بە بینایەی زیاتری قوتابخانە و میلاکات نییە؟**

- ئەمساڵ زیاتر لە ٣٢ بینایەی قوتابخانە لە سنوورەکە نۆژەن کراونەتەوە و چەندین قوتابخانەش لەلایەن خێرخوازانەوە بەتایبەت لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی دروست کراون، چەند پرۆژەیەکی دیکەش لە بواری پەروەردە لە بەرنامەدایە و بە تەواوبوونی ئەو پرۆژەیانەش کێشە و گرفتی پەروەردەمان زۆر کەم دەبێتەوە. لە ڕووی میلاکاتەوە لەبەر ئەوەی دامەزراندن نییە، هەموو میلاکاتەکان بە مامۆستای وانەبێژ پڕدەکرێتەوە، هەر بۆیە ئێستا ژمارەی مامۆستای وانەبێژمان زیاترە لە میلاکاتی مامۆستای دامەزراو. لەلایەنی خوێندی باڵاوە پەیمانگای تەکنیکی مێرگەسۆر کراوەتەوە و لە هەوڵی ئەوەشداین کە کولێژێک لە سنووری قەزای مێرگەسۆر بکرێتەوە.

*** ئایا بە هۆی هەبوونی پەکەکە و تۆپبارانی تورکیا لەو سنوورە چەند گوند ئاوەدان نەکراوەتەوە و تا چەند مەترسی لەسەر ژیانی گوندنشینەکانی سنوورەکە بە گشتی هەیە؟**

- بە هۆی جموجوڵی پەکەکە و فڕۆکە و تۆپبارانی تورکیا جگە لەوەی ٦٥ گوند ئاوەدان نەکراونەتەوە، مەترسیی زۆر لەسەر ئەو گوندانە هەیە و تا ئێستا لە سەرووی ٢١ هاووڵاتی لەو سنوورەدا شەهید بوون و کەس بۆی نییە لەو گوند و سنوورانە نزیک ببێتەوە، چونکە بەر گوللە و تۆپباران دەکەون و زەرەر و زیانی زۆری لە خەڵکی ئەو گوندانە داوە لە ڕووی ئابوورییە کە ناتوانن کاری کشتوکاڵی و باخداریی خۆیان بکەن و خەڵکی ئەو گوندانە هانایان بردووەتە بەر کۆمەڵگە نیشتەجێبووەکانی شاری سۆران و هەولێر و شوێنی دیکە، لە کاتێکدا گوندەکانیان ئاوەدان بکرێتەوە و ئەو بارودۆخەکە ناسەقامگیرە نەمێنێت، دەتوانن بۆ گوندەکانیان بگەڕێنەوە و خەریکی پیشە و کاری خۆیان بن. لە هەقیقەتدا پەکەکە بەهانەیەکی سەرەکییە و کارتێکی گوشارە لە دەستی تورکیا و بارودۆخێکی زۆر خراپیان بۆمان دروست کردووە، کە گۆڕەپان و خەباتی ڕاستەقینەی خۆیان باکووری کوردستانە کە بەجێیان هێشتووە و هاتوونەتە باشووری کوردستان و سەرئێشە بۆ حکومەتی کوردستان دروست دەکەن.

*** وەک دیارە دەڤەری مێرگەسۆر بە گشتی بۆ گەشتیاری گونجاوە، ئایا هیچ پرۆژە و ماستەرپلانێک بۆ گەشتوگوزار لە ناوچەکە هەیە؟**

- پرۆژەی گەشتیاری کەمن و دەتوانین بڵێین پرۆژەی گەشتیاریمان تا ئێستا نییە، ئەگەرچی شوێنی گەشتیاریمان لە هەموو وەرزەکان زۆرە، بەتایبەت لە بەهار و هاویندا و لە وەرزی دیکەش دەتوانرێت شاخەوانی تێدا ئەنجام بدرێت، بەڵام پلان هەیە کە کەرتی گەشتیاری ڕێک بخەینەوە و چەند پرۆژەیەکیش جێبەجێ بکەین کە خزمەت بە گەشتیاران بکات و دەبێت ئەو گەشتیارانەی دێنە ئەو سنوورە، ڕێز لە ڕێسا و یاسای سنوورەکە بگرن، بەتایبەت لە ڕووی ژینگەپارێزی، ئەگەرچی زۆربەی گەشتیارەکان هۆکاری پیسکردنی ئەو ژینگەیەن کاتێ سەردانی دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەو گوند و شوێنانەی کە جموجوڵی پەکەکەی لێیە، شوێنی زۆر باش و گونجاوی گەشتیارین کە بە هۆی ئەوانەوە ناتوانرێت هیچ پرۆژەیەکی گەشتیاری لەو گوند و سنوورانە جێبەجێ بکرێت.

*** یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە دەڤەری بارزان و مێرگەسۆری پێ ناسراوە و کاریگەری لەسەر تەواوی گەلی کورد و کوردستانیش هەیە، ژینگەپارێزییە، ئایا بۆ ڕێزگرتن لەو لایەنە پیرۆزە و پابەندبوونی خەڵک چی کراوە؟**

- ژینگەپارێزی لە سنووری بارزان و مێرگەسۆر مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە

و لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی درێژ دەبێتەوە بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی و بارزانیی نەمر و ئێستاش کە جەنابی سەرۆك بارزانییە، گرنگییەکی زۆر و تایبەت بە ژینگە و پاراستنی ژینگە دراوە. ژینگە و مرۆڤ لەو دەڤەرە بوونەتە دۆستی یەکتر و ژینگەپارێزی بووەتە کەلتوور لەلای خەڵکی دەڤەری بارزان و لە کاتی خۆی لەلایەن ڕژێمی بەعس چۆن جینۆساید بەرانبەر بە مرۆڤەکان کرا، بە هەمان شێوە بەرانبەر بە ژینگەکەشی کرا، کە کانییەکان پڕکرانەوە و دار و درەخت سووتێنران و بڕدرانەوە و ئاژەڵە کێوییەکان هەمووی کوژران و نەمابوون، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا ژینگەکە لە قۆناغێکی زۆر باشدایە و پارێزگاری لە هەموو شتێك دەکرێت و ئاژەڵە کێوییەکان جۆراوجۆریان زۆر بوون و پارێزگارییان لێ دەکرێت و لە ئەمن و ئاماندان و بۆ کەس نییە ڕاویان بکات. بە دروستکردنی ناشناڵ پارکێك لەو سنوورەدا لەسەر چیای شیرین ئەوە ناوچەکە تۆمار دەکرێت لە ڕیزبەند و ئاستی یەکەمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو لەو بارەشەوە ئێستاکە کار دەکرێت.

*** ئایا بۆ وەرزی زستان کە لە سنوورەکەتاندا زۆر سەخت و قورسە و داربڕینیش قەدەغەیە؟ ئایا پرۆسەی دابەشکردنی نەوت هەیە و لە چ قۆناغێکدایە تاوەکو خەڵك بۆ خۆگەرمکردنەوە سوودی لێ وەربگرن؟**

- بێگومان وەرزی زستان لەو دەڤەرە زۆر سەخت و ساردە و بەفر زۆر دەکەوێت و داربڕین ڕاستە قەدەغەیە، بەڵام ئەو دار و درەختانەی وشك بوون، خەڵك دەتوانێت بیانبڕێتەوە و بەکاریان بێنێت. پرۆسەی دابەشکردنی نەوتیش بۆ ئەمساڵ زۆر باش بەڕێوەچووە و زۆربەی خەڵکەکە بەشە نەوتی خۆی وەرگرتووە و ئەوەی ماویشە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نەوتەکەیان وەردەگرن.

*** ئایا لە سێکتەری کارەبا چیتان بۆ کراوە و پێویستتان بە چی هەیە؟**

- وێستگەی وەبەرهێنانی کارەبامان نییە، بەڵام وێستگەی ١٣٢ و ٣٣ی گواستنەوەی کارەبامان هەیە کە کارەبا لە وێستگەکانی سۆران و هەولێر دێتە ئەو وێستگانەی دابەشکردنی سنوورەکەمان و لەوێشەوە دەگاتە ماڵەکان، ئەگەرچی وەك هەموو کوردستان لە کارەباکەدا کێشەی ڤۆڵتییەمان هەیە و ئەو ماوەیەی کارەباکەمان پێ دەدرێت، باش نییە و زۆر کەمە، بۆیە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لەسەر هێڵین و دەمانەوێت بۆمان چارەسەری بکەن، بەتایبەت ماوەی پێدانی کارەباکەمان بۆ زیاد بکەن.

*** ئەو پرۆژانە چین کە زۆر گرنگن لە ماوەی داهاتوو بۆتان جێبەجێ بکرێن؟**

- پرۆژەی بارزان – باڵندە کە پرۆژەیەکی ستراتیژییە بە جێبەجێکردن و تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە کێشەی ئاوی خواردنەوەکە تا ئاستێکی زۆر چارەسەر دەبێت و کردنەوەی دەروازەی زێدی لە باکوور لە نێوان کۆماری تورکیا و هەرێمی



کوردستان کە ڕەزامەندی لەسەری دراوە، بە کردنەوەی ئەو دەروازەیە کە دەبێتە شادەمارێکی ئابووری بۆ دەڤەری مێرگەسۆر و هەموو هەرێمی کوردستانیش و جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی ڕێگاوبان کە زۆر پێویستن و لە بەرنامەشدایە بۆ ناوچەکە بەرەوپێشەوەچوونێکی دیکە بۆ گەشەکردنی سنوورەکە بەدەست دەهێنێت و داواکارین وێستگەی دیکەی ١٣٢ و کەی ڤی و ٣٣ کەی ڤی لە دەڤەرەکە بۆ باشترکردنی کارەبا دابمەزرێنن، ئەو پرۆژانە و چەندانی دیکەش لە هەموو سێکتەرەکان بۆ سنوورەکە پێویستە ئەنجام بدرێن.

**ئەو گوند و شوێنانەی کە جموجووڵی پەکەکەی لێیە، شوێنی زۆر باش و گونجاوی گەشتیارین کە بە هۆی پەکەکەوە ناتوانرێت هیچ پرۆژەیەکی گەشتیاری لەو گوند و سنوورانە جێبەجێ بکرێت**

**دابەشکردنی نەوتی ئەمساڵ زۆر باش بەڕێوەچووە و زۆربەی خەڵکەکە بەشە نەوتی خۆی وەرگرتووە و ئەووشی ماوە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا نەوتەکەیان وەردەگرن**

# ئەجر و پاداشتی لە خۆگرتنی منداڵی نازدار (بێ باوک - یەتیم)

ناسناوی یەتیم بۆ ئەو منداڵە بەکار دێت کە باوکی لە ژیاندا نەماوە، خۆ ئەگەر دایکی وەفاتی کردبێ، ئەویش یەتیم دەبێ، بەڵام پێی ناگوترێت یەتیم، ئەمەش وا باوە لە ناو کۆمەڵگەمان .

گەورەیی کەفالەتکردنی نازداران (یەتیم)

پاداشتێکی زۆر گەورەی هەیە لە دونیا پێش قیامەت، یەکێك لەو پاداشتە گەورانە، هاوڕێیەتیکردنی پێغەمبەرمانە (د.خ) لە بەهەشت، کە دەفەرموێ: قال علیه الصلاة والسلام: (وَأنا وكافِلُ اليَتِيم في الجَنَّةِ هَكَذا وأَشارَ بالسَّبَّابَةِ والوُسْطَى، وفَرَّجَ بيْنَهُما شيئًا). واتە: ئەمن و ئەو کەسەی کەفالەتی نازدارێك (یەتیم)ێکی کردبێ، ئەوهاین لە بەهەشت، دەفەرموون ئاماژەی بە پەنجەی شەهادە و پەنجە گەورەکەی تەنیشتی کردووە.

هاوڕێیەتیکردنی پێغەمبەر (د.خ) گەورەترین نیعمەتەکانی بەهەشتە.

بۆ بەدەستهێنانی سەدەقە و جێبەجێکردنی سیلەی ڕەحم، ئەگەر نازدارەکە (یەتیم) خزمی خۆی بوو، یان لە ڕووی خزمایەتی لێی نزیك بوو، ئەوە پیاوەتی و مەردایەتی و خزمایەتی و چاکە و سیلەی ڕەحم و ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە. دەستی خۆش بێ . ئەگەر لە خزمان و کەسوکاری نەبوو، هاوکاری کردن و کەفالەتی کردن، ئەوە هەمووی بە چاکە و سەدەقە حیسابە.

کەفالەتکردنی یەتیم، دەرخستنی بەرزیی ڕەوشت و بەخشندەییە و دڵی مرۆڤە ئارام دەکاتەوە، بەرەکەتیش دەکەوێتە ماڵیەوە و ماڵ و سەروەت و سامانیشی خاوێن دەبێتەوە و بەرەکەتی زیاتریشی تێ دەکەوێت.

**کەفالەتکردنی یەتیم، دەرخستنی بەرزیی ڕەوشت و بەخشندەییە و دڵی مرۆڤە ئارام دەکاتەوە، بەرەکەتیش دەکەوێتە ماڵیەوە و ماڵ و سەروەت و سامانیشی خاوێن دەبێتەوە**

**هیچ کەس تەنانەت دایکیشیان ئەو دەسەڵاتەی نییە ماف و ماڵی منداڵە یەتیمەکانی بە هەدەر بدات**

**● بە هاوکاریکردنی نازداران (یەتیم) دڵ ئاسوودە دەبێت**


بێگومان هاوکاریکردنی دایکی خاوەن یەتیم خێر و پاداشتێکی ئێجگار زۆری هەیە. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: قال النبي صلى الله عليه وسلم: (السَّاعِي علَى الأرْمَلَةِ والمِسْكِينِ كالْمُجاهِدِ في سَبيلِ اللَّهِ، أوْ: كالَّذِي يَصُومُ النَّهارَ ويقُومُ اللَّيْلَ). واتە: ئەو کەسەی دەست باری (هاوکاری) دایکی منداڵی یەتیم (الارملة - بێوەژن) و هەژاران دەبێت، لە پاداشتدا وەکو ئەو کەسە وایە کە لە پێناو خودای گەورە دەجەنگێ، یان ئەو کەسەی کە بە شەو شەونوێژ دەکات و بە ڕۆژەکەشی بەڕۆژوو دەبێت.

یەکێکی دی لەو خاڵە گرنگانە، ئەوەیە کە دەبێت زۆر ئاگادار بین ماڵ و سەروەت و سامانی یەتیم نەخۆین. خودای گەورە دەفەرموێ: «فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۗ وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَىٰ ۖ قُلْ إِصْلَاحٌ لَّهُمْ خَيْرٌ ۖ وَإِن تُخَالِطُوهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ ۚ وَاللَّهُ يَعْلَمُ الْمُفْسِدَ مِنَ الْمُصْلِحِ ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَأَعْنَتَكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ» البقرة:٢٢٠. واتە: ئەی محەمەد (صلی اللە علیە وسلم) کاتێك دەر بارەی یەتیم لێت دەپرسن، پێیان بڵێ: چاکەکردن لەگەڵیان خێرە، ئەوانیش برای ئێوەن، خوا ئاگەداری خەراپە و چاکەکانە .

ئەوەی لەم ئایەتە تێبگەین، لەگەڵ یەتیم دەبێ تەنیا چاکە بکەین و خودا ئاگەداری چاکە و خەراپەکانمانە کە لەگەڵ یەتیمەکان دەیکەین . ئینجا لە کاتی دابەشکردنی میرات خودای گەورە دەفەرموێ :

«إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا « سورة النساء (١٠)

واتە: ئەو کەسانەی ماڵ و سامانی یەتیم بە ستەم (بە زۆر، یان فرت و فێڵ ) دەیخۆن و دەیدزن، ئەوە ئاگریان خواردووە و چووەتە زگیان و لە ڕۆژی دوایی سزایەکی قورسیان بۆ دانراوە .



**مەلا رەعد نووری ئۆمەربلی**

**بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوان وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی**

**● یەکێکی دی لەو ستەمانەی لە یەتیم دەکرێت:**
کاتێك کەسێك لە ڕووداوێك گیان لەدەست دەدات و دەبێت کەسی بەرانبەر خوێن بدات (دیة الدم) فیدیەی خوێن، کەسانێك دێن بۆ ئاشتەوایی (صلح) بە ناوی (مەلا و شێخ و ئاغا و بەرپرس و ڕیش سپی و موختار و مام و خاڵ و باب و برا و هیتر)، دەکەنە پیاوەتی خۆیان و کەسی بەرانبەر عەفو دەکەن و سوڵح دەکەن، لەوە بێ ئاگان خوێنی مردووەکە میراتی ئەو کەسانەن کە لە دوای ئەو بەجێ ماون، میراتیش بە تایبەتی منداڵی یەتیم تا گەورە دەبن، هیج کەسێك ناتوانێ ماڵیان بەهەدەر بدات، دەبێ کاری پێ بکەن، یان بۆی هەڵبگرن و نابێ بەفیرۆی بدەن و سەرفی بکەن، هیچ کەس تەنانەت دایکیشیان ئەو دەسەڵاتەی نییە ماف و ماڵی منداڵە یەتیمەکانی بە هەدەر بدات.
خۆشەویست دەفەرموێ: عَنِ النَّبِيِّ - صلي الله عليه وسلم - قَالَ (اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ) قَالُوا: يَا رسُولَ اللَّهِ وَمَا هُنَّ؟ قَالَ (الشِّرْكُ بِاللَّهِ وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إلا بِالحَقِّ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ اليتيم، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ، وَقَذْفُ المُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ الغَافِلَاتِ) متفق عليه .
فەرمووی : لە حەوت شت خۆتان بپارێزن، یەکێك لەو شتانە (خواردنی ماڵی یەتیمە) کە ئەمە زۆر زۆر مەترسیی بۆ دونیا و قیامەت هەیە .
ئینجا یەکێك لەو دوعا و نزایانەی لە لای خودای گەورە ڕەتکردنەوەی نییە و ڕاستەوخۆ خودای گەورە گوێبیستی دەبێت و وەڵامی دەداتەوە، دوعا و نزا و پاڕانەوە و نووزەی یەتیمە، بۆیە ئاگەداری دوعای یەتیم بن و ئازاریان مەدەن، خودای باڵادەست لە سەریان بەجوابە .

**● خاڵێکی دی کە زۆر گرنگە باسی بکەین:**
وا باوە لە ناو خەڵکی کە نابێت نان و چا و ئاو لە ماڵی یەتیم بخۆی، یان نابێت لەژێر سێبەری دیواری ماڵەکەی دانیشی. ئەم بیرکردنەوەیە هەڵەیە، بۆچی؟
ئەگەر نان و ئاو و چای ماڵی یەتیم نەخۆین و نەوێرین سەردانیان بکەین و لە ماڵیان دانەنیشین، ئەوە هەڵەیە، واتە دەبێت سەردانیان بکەین و نان و چاو ئاویشیان بخۆین، بەڵام لەگەڵ دەستی خۆمان خواردن و ئازوقە و دەست و دیارییان بۆ ببەین و دڵخۆشیان بکەین و نابێت هەست بە بێباوکی و بێکەسی بکەن، ئەمە قەرەبووی خواردن و سەردانەکە دەکاتەوە و بگرە دڵخۆشیش دەبن .
أَتَى النَّبِّي صَّلى اللهُ عليه وسلَّم رجلٌ يشكو قسوةَ قلبِه قال أتحِبُّ أن يلينَ قلبُك وتُدرِكُ حاجتَك ارحَم اليتيمَ وامسَحْ رأسَه وأطعِمه من طعامِك يلِنْ قلبُكَ وتُدرِكْ حاجتَك) .
واتە: پیاوێك دێتە خزمەتی پێغەمبەر (د. خ) سکاڵا لە دڵڕەقی خۆی دەکات، ئینجا خۆشەویست پێی فەرموو: دەتەوێ دڵنەرم بێت و پێداویستییەکانت جێبەجێ بێت؟ ڕەحم و بەزەییت بۆ یەتیم هەبێت، دەست بە سەریدا بێنە و خواردنی پێ ببەخشە لەو خواردنەی کە بە خۆت لێی دەخۆیت، دڵت نەرم دەبێت و پێداویستییەکانت جێبەجێ دەبێت .
سەبارەت بەو کەسانەی مووچە و هاوکاری بۆ یەتیمان دەبرنەوە بە بەردەوامی کە پێی دەگوترێت کەفالەتکردنی یەتیم.
ئینجا خودای گەورە مەدحی مرۆڤی سەخی و ناندەر دەکات، بە تایبەتی هاوکاریی یەتیم بێت: (وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِيناً وَيَتِيماً وَأَسِيراً) (الإنسان ٨)
واتە: ئەوانەی خواردن دەبەخشنەوە لە پێناو خۆشەویستیی خودای گەورە، ئینجا دەیبەخشنەوە بە سەر هەژاران و یەتیم و ئەسیرەکان.

**یەکێک لەو دوعا و نزایانەی لە لای خودای گەورە ڕەتکردنەوەی نییە و ڕاستەو خۆ خودای گەورە گوێبیستی دەبێت و وەڵامی دەداتەوە، دوعا و نزا و پاڕانەوە و نووزەی یەتیمە**

**پێغەمبەر (د. خ) فەرموویەتی: من و ئەو کەسەی کەفالەتی یەتیمی کردووە لە بەهەشت ئەوهاین پێکەوە (ئاماژەی بە پەنجەی شەهادە و پەنجە گەورەکەی تەنیشتی کردووە)**

## سنوور کەریم:

# پەیامم بۆ هەموو خاوەن پێدوایستییەکان ئەوەیە متمانەیان بە خۆیان هەبێت و لە هەوڵەکانیان بۆ داهاتووی باشتر بەردەوام بن

سنوور کەریم، خانمە دەسترەنگینێکی خاوەنپێداویستیی تایبەتە، بە هاوکاری و پاڵپشتیی ڕێکخراوێکی مرۆیی بۆ بەهێزکردنی تواناکانی کەسانی خاوەنپێداویستیی تایبەت، لە خولێکی فێرکاری بەشداری دەکات و لە ماوەیەکی کەمدا توانی چەندین کاری دەستی هەمەجۆر نمایش بکات و لە بەرانبەردا ببێتە خاوەنی بڕوانامەی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی بۆ کاری دەستی و دیزایین. لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان بەمجۆرە باس لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ خوێنەران دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





سنوور کەریم ساڵی ١٩٩٢ لە باریکەی سەر بە قەزای سەیدسادق لە دایکبووە، وەك خۆی باسی دەکات، لە خانەوادەکەی تەنیا ئەو کورتەباڵایە و لە ئێستادا ئەو ئەندامی کۆمەڵەی کورتە باڵاکانی کوردستانە، هەروەها بە هۆی بارودۆخی تەندروستی لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بە ناچاری وازی لە خوێندن هێناوە. لە بارەی ژیانی تایبەتیی خۆشیەوە دەڵێت: « ژیانی منداڵیم وەك باسی دەکەن، منداڵێکی زۆر جوان بووم، خێزانەکەم هیچ کات هەستیان بەوە نەکردووە کە خاوەن پێداویستی تایبەتم، تەنانەت کاتێك کە بچووك بووم دکتۆرێکی ئەمریکی کە پزیشکی خێزانی بووە، داوای لە خێزانەکەم کردووە کە هەموو ڕۆژ من ببینێت، زۆریشی لە دایك و باوکم کردووە، من بدەن بە ئەو، بەڵام ماڵەوەمان ڕەتیان کردووەتەوە. لە کاتێکدا ئەو دکتۆرێکی گەورە و بەئەزموون بوو، کەچی ئەویش هەستی بەوە نەکردبوو، کە من خاوەن پێداویستی دەبم». گوتیشی: «لە دوای ئەوە من تووشی چەند نەخۆشییەك بووم و بریکی زۆر دەرزی و دەرمانیان بۆم بەکار هێنا. بە بۆچوونی ماڵەوەمان بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە گەشەم وەستاوە و بووم بە خاوەن پێداویستیی تایبەت لە جۆری کورتەباڵا»، سەبارەت بە خوێندنیشی گوتی: «تا پۆلی چواری ئامادەییم خوێندووە، ئەویش بە هۆی ئەوەی ژیانی خوێندن و چوونە قوتابخانە بۆ ئێمەی خاوەن پێداویستیی تایبەت زۆر قورس بوو، بە تایبەت لە رووی کورسیی دانیشتن زۆر زەحمەت بوو، زۆرجار قوتابخانەکان دووقات بوون، دەبوو چەندین پلیکانە ببڕی تا دەچیتە سەرەوە. بەداخەوە لە ڕابردوودا ئێمەی چینی خاوەن پێداویستییەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە زوو ئازار و نارەحەتیمان چەشتووە. بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێستا زۆربەی خەڵك هۆشیار بوونەتەوە».

سنوور کەریم لە درێژەی باسکردنی ژیانی تایبەتی خۆیدا، باسی خاتوونێك دەکات، کە کاریگەری بەرچاوی لەسەر سەرکەوتنەکانی بووە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بە هۆی شارا خانەوە توانیم تێکەڵ بە دونیای دەرەوە ببم، ئەو خاتوونە بەرێزە کار لەسەر تواناکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکات و، جار جار کۆمان دەکاتەوە و دەمانبات بۆ گەشت و سەیران. لێرەوە زۆر سوپاسی خاتوو شارا دەکەم کە هەمیشە هاوکارمان بووە، ئەو لە هەموو کاتێك لە خۆشی و ناخۆشییەکانیشمان بەشدارە، لەگەڵ ئێمەی خاوەنپێداویستی زۆر ماندوو دەبێت و عەزیەتمان پێوە دەکێشێت، هیچ کاتێکیش دڵی نەشکاندووین، ئەوەی ئەو بۆ ئێمەی خاوەن پێداویستی دەیکات، هیچ کەس تائێستا بۆی نەکردووین و هەموو بۆشاییەکانی ڕۆحی و دەروونیی ئێمەی پڕ کردووەتەوە، تەنانەت بۆ کارە دەستییەکانمان زۆر هاوکار بووە، کارئاسانیمان بۆ دەکات بۆ بەشداریکردنمان لە خولەکان و پیشانگەکان تەنانەت بۆ ساتێکیش بە تەنیا جێی نەهێشتووین». گوتیشی: «شارا خان لە کارکردنم هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرم بوو، هەوڵی زۆری دا و پێی گوتم دەبێت کارێك بکەیت، ئیتر دەستم کرد بە کاری دەستی و تا ڕادەیەك بەهرەکانی خۆمم تێیدا دۆزییەوە، هەر لێرەوە زۆر سوپاسی کاك شاسوار دەکەم بەڕێوەبەری پرۆژەی یەکسانی جێندەری و بەهێزکردنی ژنان لە چاودێریی کۆمەڵایەتیی سلێمانی، سوپاسی کاك هێمن محەمەد بەرپرسی نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتیی چاودێریی کۆمەڵایەتیی سلێمانی دەکەم».

سنوور کەریم لەبارەی هەنگاوەکانی بەرەوە سەرکێشی و تەسلیم نەبوون گوتی: «لە ڕێگەی مۆبایلەکەمەوە توانیم بەرنامەی کارە دەستییەکان و نەخش و نیگار و دروستکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ بدۆزمەوە و خۆم لەگەڵ ڕەنگ و بەرد و شووشە و دروومان ڕابهێنم، پاشان لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی مرۆیی لە خولێکدا بەشداریم پێ کرا، دەرەنجام توانیم چەندین کاری دەستی نمایش بکەم و شان بەشانی کۆمەڵێك خانمی دیکە کە ژمارەیان ١٥ کەس بوو، کە ئەوان بە جەستە ساغ و سەلامەت بوون، تەنیا من لە ناویاندا خاوەن پێداویستیی تایبەت بووم، توانیم ببمە خاوەنی بڕوانامەی باوەڕپێکراوی نێودەوڵەتی بۆ کاری دەستی و دیزاین، ئەوەش بۆ من هەنگاوێکی گەورە بوو».



لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا لە ڕابردوودا خێزانەکەی تا چەند هاوکار و یارمەتیدەری بوون؟ گوتی: «خێزانەکەم هەموو هاوکارمن و تا ئێستاش لە هەموو هەنگاوەکان لەگەڵمدان و لەگەڵ خوشك و براکانم هیچ جیاوازیم لەگەڵ نەکراوە، منیش هەر وەکو ئەوان کاری ڕۆژانەی خۆم ئەنجام دەدەم، بەداخەوە ژیانی منداڵی ئێمەی خاوەن پێداویستیی تایبەت وەك ژیانی منداڵێکی جەستە ساغ نییە، ڕۆژانە ڕووبەڕووی توانج و ناو و ناتۆرە دەبووینەوە و تووشی نارەحەتی دەبووین. هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزم لە وەرزشکردن بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی خاوەنپێداویستی تایبەت بووم، ئەو یارییە بۆ من نەدەگونجا، چونکە شوێنێك نەبوو، بۆ ئێمە گونجاو بێت».

سنوور کەریم لە بەشی کۆتایی وتەکانیدا هێمای بۆ ئەوە کرد کە «هەموو کەس ئاواتی جوان لە ناخیدا هەیە، هەیە بە ئاواتەکانی دەگات، هەشە پێیان ناگات، بەڵام بە هەوڵدان هەمووان دەتوانن بە ئاواتەکانیان بگەن»، گوتیشی: «ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوودا ببمە خاوەن کاری خۆم و بتوانم لەسەر پێی خۆم بوەستم و تەنانەت هاوکاریی کەسانی خاوەن پێدواویستیی تایبەت بکەم، پرۆژەی ئەوەشم هەیە لەگەڵ شاراخان هەوڵی ئەوە بدەین کارە دەستییەکانم بخەینە بازاڕ بۆ فرۆشتن. پەیامیشم بۆ هەموو خاوەن پێداویستییەکان ئەوەیە متمانەیان بەخۆیان هەبێت و لە هەوڵەکانیان بۆ داهاتووی باشتر بەردەوام بن».

# کاریگەریی خوێندنەوە لەسەر ڕۆشنبیری و هۆشیاریی تاکەکانی خێزان

زۆرن ئەو مرۆڤە بەرز و ناودارانەی کە لە ڕووناکیی کتێبەوە پێگەیشتوون و گۆڕانکاریی گەورەیان لە خۆیان و دەوروبەر و کۆمەڵگەدا دروست کردووە. هەمیشە گوتراوە کتێب باشترین هاوڕێی مرۆڤە، کەواتە خوێندنەوە پرسێکی گرنگە و ناکرێت لەو بوارەشدا ڕۆڵی خێزان فەرامۆش بکرێت، لەبەر ئەوەی خێزانی هۆشیار پێویستی بە بوونی کتێبخانە لە ماڵەکەیدا هەیە و ئەوەش دەبێتە سەرەتایەکی باش و مرۆڤ ئاشنا دەبێت بە کتێب و خوێندنەوە و وردە وردە خوێندنەوە دەبێتە کەلتوور و بە خوێندنەوەش کەسێتی بەهێز بۆ تاك دروست دەبێت. کەچی لە ئێستادا خوێندنەوە لای زۆربەی تاکەکان بە تایبەت گەنجان فەرامۆش کراوە، لەم ڕوانگەیەوە دەپرسین: ئایا تا چەند گرنگە خوێندنەوە لە ناو خێزانەکان بە کەلتوور بکرێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



سەرەتا هونەرمەند و کەسایەتیی ناسراو حەمەڕەشید هەرەس باسی ئەوە دەکات کە «خوێندنەوە پتەوترین کەرەسەیە، لەناو بناغەی بنیاتنانی تاک و کۆمەڵدا. بەرانبەرەکەشی کە تەمبەڵییە لە خوێندنەوەدا، دەستەبەری دواکەوتن و بە لاڕێداچوون و تەنانەت نەخوێندەواری و هەناسەساردیی نەوە دوای نەوەی کۆمەڵگایە». هاوکات دەڵێت: «خوێندەوار کەسێك نییە تەنیا بتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە، خوێندەواری بڕەودانە بە خوێندنەوەی بابەتی جیاواز، بۆ والاکردنەوەی ئاسۆی مێشکی ڕووناك و هاندان و هەڵوەدای دەوڵەمەندکردنی خود، دۆزینەوەی ڕێگایە و سەرەدەرکردن لە ناو تاریکایی ژیاندا ڕێکردن بەرەو ڕووناکی»، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «بە لای هەموو توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە، خوێندنەوە پیرۆزترین و کاریگەرترین چالاکییە، کە تاك دەستی دەکەوێت، بۆ پاراوکردنی زمانی ئاخاوتن و دەستخستنی زانیاریی هەمە جۆر کە بە مێشکی ڕۆشنەوە گەشت بەم جیهانە فراوانەوەدا بکەیت و، ڕوو لە ژیانێکی شایستە بکەیت». گوتیشی: «خوێندنەوە ئەو بارە گرانە نییە، تاك هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخان بکات و، ببێت بە کۆیلەی کتێب و چالاکییەکانی دیکەی بۆ ئیفلیج بکات. خوێندنەوە دەکرێت ببێت بە خوویەکی چێژبەخش و بە سوود لەو کاتەی بێ ئیشی خۆتی پێ پڕ دەکەیتەوە».

هەرەس لە درێژەی وتەکانیدا تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە «تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیار و پێشکەوتووەکان هەمیشە کتێبیان کردووە بە هاوڕێ و هاودەمی خۆیان، لە شەمەندەفەردا، لە فڕۆکەدا، لە پاسدا، لە چاوەڕوانیی دکتۆر و سەرتاشخانە و لە زۆر بواری دیکەدا، کات بە فیڕۆ نادەن و بە خوێندنەوە پڕی دەکەنەوە. ئەوە خوێندنەوەیە، تاك بیرتیژ دەکات و، پێشبینیی بۆ داهاتووی بەهێزدەکات و، ئەو توانایەی پێ دەبەخشێت لە هەموو بارودۆخێکدا، ڕێگاچارەی دەرچوون و سەرفرازی بدۆزێتەوە». گوتیشی: «هەموو خەمخۆرێك لەم کوردستانەی خۆماندا، بە ئاگایە لەوەی خوێندنەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، پشتگوێ خراوە و، تیراژی کتێب کەمی کردووە، لە کتێبخانەکاندا سەربەیەك خراون و بێ ناز کەوتوون، چ جای ئەوەی زیانێکی زۆر لە چاپی کتێبدا بەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە دەکەوێت، کە دەیانەوێت شیلەی مێشک و ئەزموونیان پێشکەش بە نەتەوەکەیان بکەن».

د. ناز فەلەکەدین کاکەیی بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «خوێندنەوە دەرگای کەلتوور و فەرهەنگ و ئەندێشە بە ڕووماندا دەکاتەوە و کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ژیانمان هەیە. زۆر کەس هەست بە ئەنجامی خوێندنەوەی کتێب لەسەر مێشك و هزری دەکات و کاریگەری ئەرێنی لەسەر دادەنێت. زانایان لەو باوەڕەدان کە کاتێك دایك و باوك بۆ کۆرپەلەیەکی تەمەن شەش مانگی کتێب دەخوێننەوە، کاتێك گەورە دەبێت لە تەمەنی چوار ساڵیدا زۆر بە باشی دەتوانێت فێری خوێندن و نووسین بێت». گوتیشی: «گومانی تێدا نییە کەوا هیچ ئامێرێکی دیجیتاڵی ناتوانێت جێگەی خوێندنەوەی کتێب بگرێتەوە. کتێب (چ ئەلیکترۆنی بێت، یان کاغەز بێت) شاکاری گرنگی فێربوونە و وەرزشێکی سوودبەخشی ڕووحە، خوێندنەوە ئیسترێس و نیگەرانی لەناو دەبات. زانایان دەڵێن تەنیا شەش دەقە خوێندنەوە وادەکات ٦٨٪ی دڵەڕاوکێ و پەرێشانی و دڵتەنگیی کەسەکە کەم ببێتەوە، دیارە ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە کتێب دەخوێننەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆشەویستترن لەو کەسانەی کە ناخوێننەوە و دوورەپەرێزی لە کتێب دەکەن، چونکە لە کاتی گفتوگۆکردن و ئاخافتن زانیاری و مەعریفەی زۆریان نییە و ناتوانن سەرنجی بەرانبەر بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و سوودێکیش بە بەرانبەر بگەیەنن».

بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی هەولێر جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کتێب ئامرازی گۆڕینی شێوەی بیر و بۆچوون و تێڕامانی مرۆڤە، هەروەها جوگرافیا و مێژوو و کەلتووری خەڵکانی جیاواز لە وڵاتانی دی لەناو لاپەڕەکانی کتێب دەدۆزرێتەوە». هاوکات دەڵێت: «بە خوێندنەوەی کتێب دەتوانرێت وشەی تازە فێر ببین، چونکە بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی هەست و هزر وشەی جوان و بەهێزمان پێویستە، قسەکردن بە شێوەی زانستی و سەرەدەمییانە وادەکات ڕۆڵی سەرکردەبوون و حوکمڕانیمان هەبێت، خوێندنەوە ڕێگری لە نەخۆشی لەبیرچوونەوە لە کاتی هەڵکشانی تەمەن دەکات. بۆ ئەوەی هەموومان خوێندنەوەمان لەلا خۆشەویست بێت، پێویستە سەرەتا لەو کتێبانەوە دەست پێ بکەین کە حەز و ئارەزووی خوێندنەوەی دەکەین. تۆی مرۆڤ ئەگەر بە دوای ئارامیی دەروونیدا دەگەڕێیت، لە ناو کتێبەکاندا ئارامی دەدۆزیتەوە، ئەگەر حەز بە شیعر و ڕۆمان و چیرۆك و شانۆ دەکەیت، ئەوا لە کتێبخانەی شارەکەت دەستت دەکەوێت، لە کەشێکی ئارام و بێدەنگی کۆلیدۆری کتێبخانە، یان تەلاری تایبەت بە خوێندنەوە دابنیشە و میوانی کتێبەکان بە».

کامەران ئەبابەکر خدر مامۆستایە لە کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە و ڕای وایە: «خوێندنەوە لە هەر بابەت و کایەیەك بێت، سوودی خۆی هەیە، بۆیە بە یەکێك لەو ڕێگایانە دادەنرێت کە ئاستی ڕۆشنبیریی مرۆڤ پێش دەخات و دەروونی ئارام دەکاتەوە و چەندین کاریگەریی ئەرێنی لە سەری بەجێ دەهێڵێت، لەوانە کەسایەتیی بەهێز و باوەڕبەخۆبووی بۆ دروست دەکات، دووری دەخاتەوە لە کاری نابەجێ و سەرەڕۆیی و ئەنجامدانی توندوتیژی، بۆیە خوێنەری ڕاستەقینە ئەوانەن کە دەرفەت و کات بە شتی بێسوود بەفیڕۆ نادەن و هەمیشە لە خەمی پرۆسەی خۆڕۆشنبیرکردندان، لەمەشدا چێژێکی تایبەت وەردەگرن، ئەمە جگە لەوەی وشیاری و ئاگامەندی زیاد دەکات و وادەکات لە ئاست پرس و ڕووداوە هەنووکەییەکان هەمیشە وەستاو و خاوەن هێزی متمانە و باوەڕبەخۆبوون بێت، ئەمەش دواجار هەم بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگەی سوودی دەبێت.» گوتیشی: «لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان تاکەکانی بایەخێکی تایبەت بە خوێندنەوە دەدەن، تەنانەت خوێندنەوە بووەتە کەلتووریان، بۆیە تاوەکو خوێندنەوە نەبێتە کەلتوور لە وڵات مەحاڵە تاکێکی ڕۆشنبیر و پێگەیشتوو و تێگەیشتوو بەرهەم بێت.



حەمە رشید هەرەس:

**هەموو خەمخۆرێک لەم کوردستانەی خۆماندا، بە ئاگایە لەوەی خوێندنەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، پشتگوێ خراوە و، تیراژی کتێب کەمی کردووە**



د. ناز فەلەکەدین کاکەیی:

**خوێندنەوە دەرگای کەلتوور و فەرهەنگ و ئەندێشە بە ڕووماندا دەکاتەوە و کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ژیانمان هەیە**



کامەران ئەبابەکر خدر:

**خوێندنەوە لە هەر بابەت و کایەیەک بێت، سوودی خۆی هەیە، بۆیە بە یەکێک لەو ڕێگایانە دادەنرێت کە ئاستی ڕۆشنبیریی مرۆڤ پێش دەخات و دەروونی ئارام دەکاتەوە**



## نیشتمان هەڵەبجەیی:

# سەرکەوتنەکانم بە هۆی هاوسەرەکەم بووە، بەتایبەت لە بواری خوێندن پاڵپشتێکی باشم بووە

کۆڵنەدان و نەترسان لە دۆڕان، ڕەنگ و بۆییەکی جوانتر بە ژیان دەدات و، ڕێگە دوورەکان نزیك دەکاتەوە. بمانەوێ و نەمانەوێ ژیان هەوراز و نشێوی زۆری تێدایە و ئەو کەسە براوەیە کە لەگەڵ ئاستەنگەکان دەجەنگێت و گرەوی خۆی لە ڕۆژگار دەباتەوە. نیشتمان حەمەدەمەین، ناسراو بە نیشتمان هەڵەبجەیی بە هۆی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەوە لەخوێندن دادەبڕێ و لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبن. دوای گەڕانەوەشیان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاریشە و ئاستەنگ دەبێتەوە، بەڵام وەك خۆی باسی دەکات، هەمیشە بە ئومێدەوە هەنگاوی بەرەو داهاتوو هەڵگرتووە. هەر لەو بارەیەوە باسی ژیانی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

نیشتمان حەمەدەمەین، ناسراو بە نیشتمان هەڵەبجەیی ساڵی (١٩٧٨) لە هەڵەبجە لە دایك بووە. ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و دایکی چوار منداڵە، بەڵام بە هۆی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەوە لە خوێندن دادەبڕێت و لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی وڵاتی ئێران دەبن. وەك خۆی باسی کرد، تەمەنی منداڵی وەك هەر منداڵێکی ئاسایی بەڕێ کردووە و لە تەمەنی شەش ساڵی نێردراوەتە قوتابخانە و تا قۆناغی سێی بنەڕەتی بە شێوەیەکی ئاسایی درێژەی بە خوێندن داوە، پاش گەڕانەوەیان لە ئێران تا پۆلی پێنجی بنەڕەتی دەخوێنێت، بەڵام بە هۆی سەختی و دژواریی دۆخی ژیان و کاریگەریی دوای جینۆسایدی هەڵەبجە و لەدەستدانی ئازیزانی، نیشتمان بە یەکجاری لە خوێندن دابڕاوە.
هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «بە ناچاری لە قۆناغی پێنجی بنەڕەتی جارێکی دی لە خوێندن دابڕام. لە ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانە وەك هەر کچێك هاوکاری خێزانەکەمم دەکرد، پاش تێپەڕاندنی تەمەنێك و هاوسەرگیری و بوونم بە دایك، دەرفەتی دووبارە خوێندن لە بەردەمم ئەستەمتر بوو، ئەویش بە هۆی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزان و ئەرکی دایکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوماڵ، بەڵام هەموو ئەو ئاستەنگانە نەیانوەستاندووم و توانیم پەرە بە تواناکانم بدەم و پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆیی و مەدەنییەکان دروست بکەم، دەتوانم بڵێم لە ئێستادا چالاکێکی مەدەنی پڕ وزە و چالاکیم، لەپاش گەورەبوونی منداڵەکانم بیرم لەوە کردەوە دووبارە درێژە بە خوێندن بدەمەوە، بۆ ئەوەی ئەو خەون و خولیایەی لە ڕابردوودا هەمبوو، جێبەجێی بکەم و درێژە بە هەنگاوەکانی گەیشتن بە ئامانجەکەم بدەم. بۆیە دووبارە گەڕامەوە بەر خوێندن و لە ئێستادا دەتوانم بڵێم یەکێکم لە قوتابییە ئاست باشەکان، سەرەڕای ئەوەی کە دەخوێنم، هاوکات وەك خۆبەخشێك بەشداری لە زۆربەی چالاکییەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەکەم و دەیان خولی گەشەپێدانی مرۆیی و ژینگەیی و کۆمەڵناسیم ئەنجام داوە.
نیشمان پێمان دەڵێت: «هەرگیز تەمەن ڕێگر نییە لە بەردەم گەیشتن بە خواست و ئاواتەکان و تەنیا یەکەم هەنگاو زۆر گرنگە، ئەگەر دەتانەوێت بە ئامانجی خۆتان بگەن، خشتەی کاری ڕۆژانەتان پشتگوێ مەخەن و پلان بۆ داهاتووتان دابنێن». داوا لە گەنجانیش دەکات: «کە لە ژیاندا هەرگیز بێ هیوا نەبن و بخوێنن و هەوڵی خۆپێگەیاندن بدەن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیر پێك بهێنن». هاوکات دەڵێت: «من جیا لە خولیای خوێندن و خوێندنەوە و کاری خۆبەخشی حەز بە کاری ڕاگەیاندنیش دەکەم، بەشداری زۆرێك لە کەناڵەکانم کردووە، لە بوارە جیاجیاکاندا گفتوگۆ و لێدوانم داوە، ئەمە لە کاتێکدا لە ئەکاونتی تایبەتیشم گرنگی زۆرم بەنووسین داوە و بەردەوامم، هەروەها لە ڕیگەی بەرنامەیەکی تایبەت هەر جارەو باس لە بابەتێك دەکەم و تیشك دەخەمە سەر پێویستییەك و خاڵێکی گرنگ و پەیامم دەگەیەنمە هاوڕێیان و دۆستان و لایەنی پەیوەندیداریش. ئومێد دەکەم هەمووان لە خەمی خزمەتکردن و گرنگیدان بە خود و کۆمەڵگەدا بین، ماوەتەوە بڵێم ژیان ناوەستێ و بەردەوامە، ئومێد دەکەم پاش نەمانمان نموونەیەکی جوانمان بەجێ هێشتبێ و سوودبەخشێکی پێویستی کۆمەڵگە بووبین و ناوهێنانمان وانە و هیوا بێت بۆ چوار دەورمان و منداڵەکانیشمان بتوانن نموونەگەلێکی باش بن بۆ کۆمەڵگە و شوێن پێ تەواونەکراوەکەی ئێمە هەڵگرن».

> **پاش تێپەڕاندنی تەمەنێک و هاوسەرگیری و بوونم بە دایک، دەرفەتی دووبارە خوێندن لە بەردەمم ئەستەمتر بوو**


نیشتمان هەڵەبجەیی لە درێژەی وتەکانیدا پەنجە لەسەر هاوڕێیەتی وەك خاڵێکی جەوهەری دادەنێت و دەڵێت: «گرنگیی زۆر دەدەم بە هاوڕێیەتی، هەر لە منداڵییەوە کەسێکی کۆمەڵایەتی بووم و حەزم بە هاوکاریکردن کردووە. قۆناغی منداڵی هاوڕێیەتی سادە و جوان بوو، لە تەمەنی ئێستاشماندا هاوڕێیەتی واتە تەواوکەر و هاوڕازی و گوێگرتن بۆ یەکدی. من وەك خۆم ئەگەر کەسێك خەونەکانی بۆ باس کردبم، یان پێویستی بە هاوکاریی من بووبێ» ئامادەییم هەبووە، هەتا ئەگەر نەمتوانیبێت هاوکاری بم، توانیومە کێشەکەی لەگەڵی دابەش کەم، ئەگەرچی لە ئێستادا هەموو شتەکان و پەیوەندییەکان بە هاوڕێیەتیشەوە نیشانەی پرسیان لەسەرە و بە دەگمەن دەتوانی متمانە بە کەس بکەیت. بەڵام سپاس بۆ خوا من لە هاوڕێی باش هیچ کات بێبەش نەبووم».

> **توانیم پەرە بە تواناکانم بدەم و پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆیی و مەدەنییەکان دروست بکەم**

لە وەڵامی دواپرسیاری گۆڤاری گوڵاندا کە چ کەسێك زیاتر پاڵپشتی بووە؟ نیشتمان هەڵەبجەیی گوتی: «زۆر سوپاسی خێزانەکەم دەکەم و دەستخۆشیی تەواو لە هاوسەرەکەم دەکەم، چونکە بەڕاستی نیوەی سەرکەوتنەکانم بە هۆی هاوسەرەکەم بووە، چونکە لە ژیاندا زۆر هاوکارم بووە، بە تایبەت لە خوێندن پاڵپشتێکی باشم بووە، هەمیشە سوپاسی هاوسەرم و کچە نازدارەکەم و هەموو ئەو هاوڕێ و مامۆستایانە دەکەم کە بەردەوام هاندەر و هاوکارمن لە بەرەوپێشچوونی خوێندن و تەواوی کارەکانمدا».

> **سەرەڕای ئەوەی کە دەخوێنم، هاوکات وەک خۆبەخشێک بەشداری لە زۆربەی چالاکییەکانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەکەم و دەیان خولی گەشەپێدانی مرۆیی و ژینگەیی و کۆمەڵناسیم ئەنجام داوە**

> **حەز بە کاری ڕاگەیاندنیش دەکەم، بەشداری زۆرێک لە کەناڵەکانم کردووە، لە بوارە جیاجیاکاندا**



## پۆرترێتی نیشتمان..

# سێ هونەرمەندی ناودار (فوئاد ئەحمەد، شەماڵ سائیب و تەحسین تەها)

لەم یادەوەرییەدا، بە کورتی باس لە سێ چرای رۆشنی نیشتمان دەکەین، کە ئەگەرچی لە ناوماندا نەماون، بەڵام هێشتا دەنگیان لە گوێچکەماندا زایەڵەی دێت و قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵمان دەمێننەوە، ئەوانیش رەوانشادان (فوئاد ئەحمەد، شەماڵ سائیب، تەحسین تەها)ن، کە هەر یەکەیان لە یەکێ لە شارەکانی کوردستاندا لەدایکبوون و دواتر بوون بە سەرمەشقی گۆرانی و ئاوازی رەسەن و، چەندین کاری هونەرییشیان لە هەولێر پێشکەش کردووە.

ئەم سێ هونەرمەندە ناسراو و ناودارە رەسەنەی کورد، لە هەولێری ماڵە گەورەکەی هونەرمەندان چەندین خزمەتی جۆراوجۆری هونەری و فێرکاری و پەروەردەییان پێشکەش بە رۆڵەکانی کردووە و، وەك مامۆستا و پێشەنگ لە یادەوەریماندا دەمێننەوە.

فوئاد ئەحمەد سلێمان، لە هۆزی نانەکەلییە، (ئەحمەد تەبیب)ی باوکی، خوا لێی خۆشبێت، یەکێك بووە لە کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەو ناوچەیە و هەولێر بەگشتی. هونەرمەند (فوئاد ئەحمەد)



**نیشتمانی ئێمە، چەند جوانە بە گوڵ و گوڵزار و چیای سەرکەش و پێدەشتی سەوز و رووباری بەخوڕەوە، چەند خۆشە بە هەوای پاك و نەسیمی بەرەبەیان و چریکەی مەلانەوە، چەند دەوڵەمەندە بە دیوانی پڕ شیعری بەرز و داب و نەریتی شایان، هێندەش جوانە بە هونەر، بە هونەرەکان، بە تەواوی هونەرە جوانەکان.**
**هونەری گۆرانی یەکێکە لەو هونەرانەی لە سەردەمی زووەوە و بە شێوازی جیاجیا لە کوردەواریدا پەرەی سەندووە و، توانیویشیەتی فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردەواری زارەوزار بێنێ و بەزیندوویی بهێڵێتەوە.**
**لەو کاروانسەرا دووروودرێژەی هونەری گۆرانیدا، چەندین چرای گەش بوون بە رێنوێنی رێگە و هێشتاش نەکوژاونەتەوە و هەروا دادەگیرسێن.**

لە ساڵی ١٩٣٢ لە گوندی (عەوێنە)ی سەر بە شارەدێی گوێڕ لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٠ چووەتە قوتابخانە، پاشان خانەی مامۆستایانی لە دهۆك تەواو کردووە، سەرەتا لە گوندی عالآ و گردعازەبان و چەند شوێنێکی دیکەش، بووە بە مامۆستا و دەرسی داوەتەوە.
هونەرمەند شەماڵ سائیب، هونەرمەند و موزیکژەن و مامۆستایەکی دیار و ناسراوی کوردستانە، بە پێشەنگی نوێکردنەوەی گۆرانیی کوردی دادەنرێت و خاوەنی دەنگێکی خۆش و بەسۆزە.
ئەم هونەرمەندە وەرچەرخانێکی گەورەی لە بواری هونەری کوردیدا کرد و، یەکەم کەس بوو لە دەرەوەی ستۆدیۆ گۆرانی و کلیپی تۆمار کرد.
شەماڵ جەلال سائیب، کە بە شەماڵ سائیب ناسراوە، لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ لە باوەشی خێزانێکی رووناکبیری شاری سلێمانی لەدایکبووە.
لە سەرەتای ژیانی لاویدا خولیای هونەری مۆسیقا و گۆرانی بووە و لەو بوارەدا خزمەتێکی گەورەی

پێشکەش کردووە و، شوێنپەنجەی بە نوێکردنەوە و گەشەپێدانی هونەری گۆرانیی کوردییەوە دیارە.
هونەرمەند تەحسین تەها، هونەرمەندێکی دیار و ناسراوی کوردستانە و لە چەند بوار و رشتەیەکی جیاوازدا خزمەتی بە هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی کردووە، رۆڵی دیار و بەرچاوی لە نوێکردنەوەی هونەری گۆرانی لە ناوچەی بادینانـدا هەبووە.
تەحسین تەها محەمەد سەلیم ئامێدی، ناوی تەواوی ئەم هونەرمەندەیە و بە تەحسین تەها ناسراوە.
ساڵی ١٩٤١ لە ناوچەی بیبۆی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لە سنووری پارێزگای دهۆك لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مانگێش و باتووفە و دهۆك تەواو کردووە.
هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، ئەو چریکەیەی لە دەشتی پان و بەرینی هەولێر، لە ساڵی ١٩٥٩ تاکو ١٩٧٠ لێپرسراوی جووڵانەوەی هونەری بووە، بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٥٥ چووەتە ئێزگەی بەغدا، یەکەم سروودی بەناوی (نەورۆز) تۆمار کردووە، لە ساڵی ١٩٥٩ گۆرانیی (ئەمیرەکەم)ی تۆمار کردووە، ئینجا گۆرانیی (نامەکەت گەیشت) و (سروەی بەیان) و چەند گۆرانییەکی دیکە. لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ یەکەمجار بە ڕەش و سپی، یەکەم گۆرانیی بە ناوی (ئەی بووکی تازە) تۆمار کرد. لە سەردەمی شۆڕشدا سروودی (ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لە ژین. نیشتمان ئازاد دەکەین لە خوێن مژین)ی لە شیعری شاعیر (مەدحەت بێخەو) کردە مارشی شۆڕشی ئەیلوول و، تا ئێستا و تا هەتایە ئەو سرووده ئاوێزانی پێشمەرگەیە و لەگەڵیدا دەمێنێتەوە.
مامۆستا شەماڵ سائیب، لە سلێمانی و بەغدا و ئەمریکا خوێندوویەتی و بڕوانامەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و بەکالۆریۆسی مێژووی کۆلێژی ئادابی بەغدا و ماستەری ئەدەبی لە ئەمریکا بەدەست هێناوە.
وەك مامۆستای ئەدەب و هونەر لە زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەدین خزمەتی کردووە.
شەماڵ سائیب وەك موزیکژەن و گۆرانیبێژ و مامۆستای زانکۆ و نووسەر خزمەتی کردووە و کەسێکی دڵسۆز و بەئەمەك بووە بۆ وڵاتەکەی.
هەرچی هونەرمەندی رەوانشاد تەحسین تەهایە، لەبەرئەوەی هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەری گۆرانی بووە، دوای قۆناغی ناوەندی، چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا و لە ساڵی ١٩٦٤ قۆناغی خوێندنی ئەو پەیمانگەیەی تەواو کردووە.
ئەو ماوەیەی لە بەغدا بووە، هەلی بۆ رەخساوە و چووەتە رادیۆی کوردیی بەغدا و گۆرانییەکانی بۆ ئەو رادیۆیە تۆمار کردووە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بە دەنگە بەسۆزەکەی ئاشنا بن و بیناسن.
بەپێی هەندێ ئامار، نزیکەی ١٢٠ گۆرانیی لەو ئێزگەیە تۆمار کردووە و بەگشتیش خاوەنی نزیکەی ١٥٠ گۆرانییە.
جگە لە گۆرانی، مامۆستا تەحسین تەها لە بواری ئۆپەرێتیشدا خزمەتی کردووە و لە ئۆپەرێتەکانی (داستانی شۆڕش و رووباری ژیان و دەرگاکانی ژیان) وەك ئەکتەر بەشداریی کردووە و رۆڵی دیار و سەرەکیی بینیوە.
تەحسین تەها وەك مامۆستای هونەریش خزمەتی زۆری بە هونەرەکانی موزیك و سروود و گۆرانی کردووە و، لە مەخموور و هەولێر مامۆستای هونەر بووە و شوێنپەنجەی بە خزمەتکردنی هونەر و پەروەردەی هونەری دیار بووە.
ئەم هونەرمەندە گەورەیە، بەشی زۆری ژیانی بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی تەرخان کرد، بەرهەم و بەخششە هونەرییەکانی وەك سەرمایەکی هونەری بە نەمری دەمێننەوە.
سەبارەت بە کار و بەرهەمەکانی هونەرمەند فوئاد ئەحمەد و کۆچی ماڵئاوایی، ئەوا فوئاد ئەحمەد تا ساڵی ١٩٨٦ نزیکەی ١٠٠ گۆرانیی لە ئێزگە و ٥٠ گۆرانییشی لە تەلەفزیۆن تۆمار کردووە.
دوای تەمەنێکی دوورودرێژ لە خزمەتی هونەری کوردی، مخابن لە رۆژی سێشەممە رێکەوتی (١٧ی ٨ی ٢٠٠٤ ) ماڵئاوایی لە ئازیزان و هاوڕێیان و هونەرەکەی کرد و چووە بەر دلۆڤانیی خودا، دوای پێنج رۆژ لە کۆچی دوایی، لە ڕێککەوتی ٢٢ی ٨ی ٢٠٠٤، لە ریوەڕەسمێکی شکۆداردا لە شاری هەولێر، تەرمی پیرۆزی هونەرمەند گەیشتەوە خاکی کوردستان و لە گۆڕستانی (مەعمەل قیرٍ) بەخاك سپێردرا.
هەرچی هونەرمەندی رەوانشاد شەماڵ سائیبە، بەداخەوە کە ئەم مامۆستای هونەرە و ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کورد، لە رۆژی ٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦ بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد و، لە گردی سەیوان بەخاك سپێردرا.
تەحسین تەهای بولبولەکەی بادینانیش، ئەم کەسایەتییە مەزنە هونەرییە، لە ئاوارەیی و لە غەریبی و لە وڵاتی هۆڵەندا، لە رۆژی ٢٨ی ئایاری ١٩٩٥ بۆ دواجار ماڵئاوایی لە جیهانی هونەر کرد و چووە دنیای نەمرانەوە و، لە ٤ی حوزەیرانی هەمان ساڵ، تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ کوردستان و لە زێدی خۆی لە شاری ئامێدیی دڵگیر بە خاك سپێردرا.

# مۆندیال و قەتەر و کولتوور



فەرهەنگ غەفوور

لەم سەردەمەدا مۆندیال لە رێی کولتوور و داب و نەریت و هونەر و شارستانییەت و پێشکەوتنەکانیانەوە، وێستگەیەکی گرنگی ناساندنی وڵاتان و گەلەکانیانیانە، لە مۆندیالەکاندا سیما و رۆحی وڵاتەکە و خەڵکەکەی بۆ گەلانی دیکەی دونیا دەردەکەوێت و دەبێتە هەنگاوێکی گرنگی خۆناسین.

ئەم مۆندیالەی ئەمساڵ، کە وڵاتی قەتەر میوانداریی کردووە، یەکەم مۆندیالە لە وڵاتێکی کەنداوی عەرەبیدا بکرێت، وڵاتێك، کە تا سەردەمێکی دوور نا، بەڵکوو سەردەمێکی نزیك، بیابانێکی کاکی بە کاکیی رووتەن بوو، کە کاتێ باهۆز تۆز و لمی هەڵدەگرت، خەڵك چاوەکانیان دەنووقان و هیچ شتێکیان نەدەدی، کەچی ئێستا بووە بە بووکی کەنداو و چاوی جیهانی لەسەرە و خەڵکی وڵاتان، چ ئەوانەی سەرمایەیان هەیە، چ ئەوانەی کرێکار و دەستی کاریان هەیە، بۆ ژیان و خۆشگوزەرانی رووی تێ دەکەن.

قەتەر، کە تا دوێنێ ناوی لە ناو ناواندا نەبوو و کەس لەسەر نەخشەش پێی نەدەزانی، ئێستا لە رووداوێکی گەورەی وەك مۆندیال و هەمیش لە راکێشانی سەرمایەداران و حەوانەوەیان لەو وڵاتەدا، بووە بە چەقی کۆکردنەوەی جیهان.

لە مێژووی وڵاتانی عەرەبیدا چەند وڵاتێك ناوبانگی شارستانی و پێشکەوتنیان هەبووە، لەوانە (میسر، مەغریب، لوبنان، عێراق و سعوودیە) هەر یەکەیان بە هۆکارێك و بە شێوازێك، بەڵام ناوی قەتەر هێشتا لە ناو لانکیشدا نەبووە، کە ئەوان ناودار بوون. میسری عیملاق و خاوەن شارستانییەتی دێرین، خاوەن هزر و بیر و هونەر، لوبنانی بووکی جوانیی جیهان و وڵاتی گەشتیاری و پێکەوەژیان، عێراقی داروسەلام و پێشکەوتوو.


پێشان دەگوترا، بیرمەندان و نووسەران لە میسر دەنووسن و بەرهەمەکانیان لە لوبنان چاپ دەکرێ و لە عێراقیش دەخوێنرێنەوە، ئەمانە ئەو وڵاتە عەرەبییانە بوون، کە کولتوور و نەریتەکانیان ناوبانگیانی گەیاندبووە ئەوپەڕی دونیا، کەچی ئێستا بەهۆی تیرۆر و گەندەڵی و دەستی دەرەکی ئەو وڵاتانە بوونەتە وێرانە و پاشکۆی وڵاتان، کەچی لەولاوە قەتەری تازە ساوا سەری بەرز کردووەتەوە و بەسەر هەموویاندا بانگ دەدا و، بەسەر هەموویاندا دەنازێ.

قەتەر لەم مۆندیالەدا کولتوور و روانگە و جوانییەکانی خۆی پیشانی هەموو جیهان دا، هەر لە مەراسیمی کردنەوەی مۆندیال، سەرەتا بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لەلایەن مێرمنداڵێکی پەککەوتەی نیوە جەستە، پاشان بەو دیمەنە کولتووری و سەما و گۆرانییە میللییانە بە جیهانی گوت، من هەر لە بواری بیناسازی و دروستکردنی شاری جوان و خاوێندا پێش نەکەوتووم، بەڵکوو خاوەن رەسەنایەتییەکی عەرەبییم و ئەمە کولتوور و هونەر و دیدگامە، فەرموو ببینن، کە بە هەق، دیمەنێکی زۆر باڵا و جوانی خستە ناو زاکیرەی ئامادەبووانی مۆندیال و ناو زاکیرەی هەموو جیهان.

ئەمە بۆ ئێمەی کوردیش وانە و پەندە، کە پێویستە قاچێکمان لەسەر شارێی پێشکەوتن بێت و قاچەکەی دیکەمان لە ناو کولتوور و رەسەنایەتیدا بێت و بە هەردوو قاچەوە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێین و، رۆژێك دابێت کە سەربەست و ئازاد ببین و وەك ئەو گەل و وڵاتانە، ئێمەش کێبرکێ لە هەموو بوارەکاندا بکەین، نەك هەر لە مەیدانی بەرگری و فیداکاریدا، بەڵکوو لە تەواوی کایەکانی دیکەی ژیاندا خۆمان بسەلمێنین.»

## دۆتمیر بۆ گوڵان:

# ئەو تێکستانە هەڵدەبژێرم کە خۆمی تێدا دەبینمەوە



دۆتمیر نازێ یەکێکە لەو کچانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سەرەڕای بچووکیی تەمەنی، بەڵام بەو کارانەی پێشکەشی کردوون، شوێنپەنجەی دیارە و ئەگەر بەردەوام بێت، لە داهاتوودا دەبێتە یەکێك لە ئافرەتە هونەرمەندە گەورەکانی کورد و، دەتوانێت خزمەتێکی زۆر بە هونەری ڕەسەنی کوردی دەکات.

دوتمیر کە خەڵکی شاری ئورمییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێستا لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبات، سەبارەت بە هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانییەکانی ئاماژە بەوە دەکات کە لە هەڵبژاردانی هەر کارێکدا، پرس و راوێژ بە کەسانی شارەزای بواری هونەری دەکات، لەم بارەوە دەڵێت: «من لە سەرەتای کاروانی هونەریدام و لە هەموو کاری هونەریمدا پرس بە کەسانی شارەزای بواری هونەری کوردی دەکەم سەبارەت بە هەر گۆرانییەك، کە لە چ ئاستێکدایە و تا چەند لەگەڵ دەنگی من دەگونجێت، بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنێکیان لەو بوارەدا بەسەر بردووە و شارەزایی تەواویان لە ئاوازدانان هەیە، سەبارەت بە تێکستی گۆرانییەکانیش، من ئەوانە هەڵدەبژێرم کە خۆمی تێدا دەبینمەوە و بزانم چۆن لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازیی لێ دەکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش راوێژ بە کەسانی شارەزا دەکەم».

سەبارەت بە پاراستنی مافی هونەرمەندانی کورد وەك هونەرمەندانی هەموو وڵاتان و پێشێل نەکردنی، دۆتمیر دەڵێت: «کەسانێك هەن ئەگەر بیانەوێت کەسێك پێش بخەن، ئەوا بە هەموو شێوەیەك یارمەتیی دەدەن و لە بەرامبەردا کەسانی دیکە ژێر دەخەن، من نازانم ئەمە لە بەرامبەر چیدایە، بەڵام ئەو جۆرە کارانە هەن، من وەك دۆتمیر تا ئێستا نەپێشخراوم و نەدوا کەوتووم، بەڵکو لە قۆناغێکی دیاریکراوی هونەریدام».

دۆتمیر لە بارەی فۆلکلۆریشەوە دەڵێت: «من لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر و هونەردۆست گەورە بووم، بۆیە زۆر گوێم لە گۆرانییە کۆنەکان دەگرت، وەك کاوێس ئاغا و شاکرۆ و مریەم خان، ئەمانەش کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر من هەبوو، تەنانەت زۆر کەس پێیان دەگوتم تۆ لە ئەوروپا گەورە بووی، چۆن زانیاریت دەربارەی ئەم هونەرمەندە نەمرانە و گۆرانییەکانیان هەیە».

## نەوال ئەلزۆغبی:

# ئیرەیی بە ئەلیسا نابەم



خانمە هونەرمەندی ناسراوی لوبنانی نەوال ئەلزوغبی لە دیمانەیەکدا باسی لە چەد لایەنێکی ژیانی هونەری و تایبەتیی خۆی کرد و، چەند نهێنییەکی نوێی درکاند.

سەبارەت بە دایکایەتی و پەیوەندیی لەگەڵ تیای کچی، نەوال دەڵێت: «من دایکێکی میهرەبانم و گرنگی بە خێزانەکەم دەدەم، بەرپرسیارێتیم بەرامبەر منداڵەکانم چێژێکی تایبەتی هەیە، بەڵام نەبووە هۆی ئەوەی لە هونەری دابېڕێم، کچەکەم تیا زۆر حەزی لە مۆدەییە و لە نێوان من و باوکیدا هاتوچۆ دەکات و هیچ کێشەیەکم نییە کە لەگەڵ باوکیدا بژی».

ئەلزوغبی پەشیمانیی خۆی بۆ هەندێک هەل لە ژیانیدا دەربڕی و دەڵێت: «ڕەتم کردەوە لەگەڵ ئەحمەد زەکی ڕۆڵ بگێرم، چونکە نەمدەویست نواندن بکەم، بەڵام پەشیمانم لەوەی ئەو دەرفەتەم لەدەست دا، کە لەبەردەم ئەکتەرێکی گەورەی وەك ئەودا بوەستم، ئەگەر کات بۆم بگەڕێتەوە، ڕازی دەبم، چونکە شتێکە ئەرشیفەکەم دەوڵەمەند دەکات، بەڵام ئەو کات ترسام لە شکستهێنان لە نواندن، چونکە من ئەکتەرێکی سەرکەوتوو نیم».

سەبارەت بە دۆستایەتی و ڕکابەرێتی لە نێو هونەرمەنداندا نەوال گوتی: «هاوڕێیەتییەکی بەهێزم لەگەڵ وائیل کفووری هەیە، دەنگۆی پەیوەندیمان نادروستە، هەندێك لە پڕوپاگەندە نارەحەتکەر و زیانبەخشن، من لە ماوەی دووگیانیم بە دوانە، دەنگۆیەك بڵاوبووەوە کە من لە کاتی کوێربووندا منداڵم بوو، ئەمەش لە ڕووی دەروونییەوە ئازاری دام و بریندار کردم، ئەوانەشی کە ئەو کارە دەکەن لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆشن».

نەوال لە بارەی بە جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی ڕاشکاوانە گوتی: «ژیانی بێ هاوسەرگیریم خۆشدەوێت (هیچ شتێك لە ئازادی شیرینتر نییە)».

لەلایەکی دیکەوە تیشکی خستە سەر کێبڕکێ لەگەڵ ئەلیساو گوتی: «ئەلیسا ئەستێرەیەکە و بنکەیەکی جەماوەریی زۆری هەیە لە میسر، و ئەگەر لە یەك کاتدا دوو کۆنسێرتمان هەبێت، ڕەنگە بەشداریکردنی بینەران بۆیان یەکسان بێت، بەڵام من خەمی بەراوردکردنم نییە و هەست بە ئیرەیی بە هیچ هونەرمەندێك ناکەم».



دڵخۆش عەبدوڵڵا ڕاهێنەری لەشجوانی:

# خولیای سەرەکیم لەشجوانییە

*** بۆچی ڕووت کردە بواری لەشجوانی؟**

- لە بەر ئەوەی بە پێویستم زانی سوود و خزمەتێك بگەینم، بۆیە وەك ڕاهێنەرێك گرنگی بە بوارەکەم دەدەم، بۆ گەیاندنی زۆرترین خزمەت.

*** هەست ناکەیت وەرزشی ئاسن قورسە بۆ ئافرەتان؟**

-بێگومان هەموو وەرزشێك هیلاکی و کاتی تەرخانکراوی دەوێت، بەتایبەت لەشوانی، بەتایبەتتر بۆ ئافرەت، ئەگەر وەك خۆی ئەنجام بدرێت.

***دوو وەرزش ئەنجام دەدەیت، لەشجوانی و هێزی لەش، لە کامەیان سەرکەوتووتریت؟**

-ئەوەندی توانیبێتم هەم لەشجوانی و هەم هێزی لەش، لە هەردووکی ئامانجەکەم پێکاوە، بەڵام خولیای سەرەکیم لەشجوانییە.

*** هۆکاری چییە ئافرەتان گرنگی بەم یارییە نادەن؟**

- لەوانەیە هۆکارەکان زۆر بن، لەوانە خۆتەرخانکردن بە هەندێ شتی لاوەکی و نەبوونی متمانە بە خوود، ئەوانە هۆکارن.

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- ئەگەر گرنگی و حەقی تەواوەتی پێ بدرێت، بەدڵنیاییی ئاستی بەرەو پێشەوە دەچێت.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتانی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- دەبێت ڕۆشنبیریی تاك بەرز بکرێتەوە لە ڕووی تێگەیشتن و گرنگی و سوودی وەرزشەوە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

-هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی زیاتر.

*** ئامانجت لە نێو ئەم وەرزشە؟**

- گەیشتنم بە زۆرترین دەستکەوتی باش.

***گرفتی ئەم وەرزش لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**

- نەبوونی ستافێکی شارەزا لە بەڕێوەبەرانی ئەم وەرزشە و بێ پلانی و بەلاڕێدا بردنی.

***خەونت وەکو ئافرەتێکی وەرزشکار چییە؟**

- خەونم ئەوەیە بگەمە ئەو ئاستەی کە هەوڵی بۆ دەدەم.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن لە نێو یاریی لەشجوانی؟**

-خێزانەکەم بەشێکن لە پشتگیریم لەم وەرزشە.

*** بڕیارت نەداوە تیپێکی لەشجوانی لە کچان دروست بکەیت بۆ دەڤەری ڕاپەڕین ؟**

- دروستکردنی تیپ و گرووپ کارێکی ئاسانە، بەڵام گرنگ بەردەوامی و پێشخستنی ئەو تیپەیە لە بەدەستهێنانی ئەنجامی باش.

*** ئەگەر شتێکت مابێت لە کۆتاییدا؟**

- بەهیوام گرنگیی زیاتر بدرێت بە وەرزش بە گشتی و دانانی کەسانی شارەزا لە هەموو ئاستەکان و، سڕینەوەی هەر کەسێك کە وەرزش بۆ مەرامی تایبەتی و لایەنێك بەکار دێنێت، سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خەمخۆرییە بەردەوامەی بۆ سەرجەم وەرزشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هەیەتی.



**یاریی لەشجوانی بۆ ئاستی ئافرەتان تاکو ئێستا لە شارەکانی کوردستان نەگەیشتووەتە قۆناغێکی باش، بەڵام بەشێك لە ئافرەتانی شارەکانی کوردستان دەیانەوێت لە پاڵ وەرزشەکانی دیکە، گرنگیی زیاتر بە یاریی لەشجوانییی ئافرەتانیش بدەن، چەندین هۆڵیش لە شارەکانی کوردستان کراوەتەوە بۆ پەرەپێدانی زیاتری ئەم یارییە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی لە یاریی لەشجوانی و بەرزکردنەوەی هێزی لەش یاریزان (دڵخۆش عەبدوڵلا)یە، کە یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی و ڕاهێنەری لەشجوانییە لە قەزای ڕانیە، دڵخۆش لەدایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری ڕانیە و خاوەنی چەندین بڕوانامەیە لە بواری ڕاهێنەری لەشجوانی، لە دیمانەیەکدا بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**



## کیرۆش: خەونەکانمان کۆتایی هات

راهێنەری هەڵبژرادەی ئێران کیرۆشی پورتوگالی دوای دەرچوونی هەڵبژاردەی ئێران لە قۆناغی کۆمەڵەکان لە مۆندیال دڵتەنگی خۆی راگەیاند.

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی ئێران هەفتەی رابردوو لە قۆناغی کۆمەڵەکان بەرانبەر هەڵبژاردەی ئەمەریکا بەئەنجامی (١-٠) دۆرا وماڵئاوایی لە مۆندیال کرد. لە کۆنگریەکی رۆژنامەنووسیدا کارلۆس کیرۆش گوتی: خەونەکانمان تەواوبوو و هەڵبژاردەی ئەمەریکا شایستەی بردنەوە بوو و ئەمەش تۆپی پێیە.

کیرۆش بەرگری لە یاریزانەکانی کرد و گوتی: کەس درێغی نەکردووە بۆ ئەوەی باشترین ئاست لەگەڵ هەڵبژاردەی ئێران پێشکەش بکەن هەرچەندە بارودۆخێکی باش بۆ هەڵبژاردەکە دابین نەکرابوو وەك هەڵبژاردەکانی دیکە.

کیرۆش زیاتر گوتی: بەبۆچوونی خۆم تۆپی پێی ئێران داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانی دەکات و دەبێت باروودۆخێکی باشتر بە هەڵبژاردەکە دابین بکرێت.



## یانەی لیڤەرپوول چاودێری یاریزانێکی مەغریبی دەکات

رۆژنامەکانی ئیتاڵیا بڵاویانکردووە، کە یانەی لیڤەرپوول دەستی بەچاودێریکردنی ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوول و یانەی ڤیۆرنتینای ئیتاڵی سوفیان مورابت کردووە بەمەبەستی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵی لە گواستنەوەی زستانەدا.

یانەی لیڤەرپوول بەهۆی پێکانی زۆری یاریزانان لە هێڵی ناوەراست کێشەیەکی زۆری بۆ درووستبووە هەوڵ دەدات ئەم شوێنە بەمۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەم یاریزانە پربکاتەوە.


بەپێی رۆژنامەی (کۆریری دیللۆ سپۆرت)ی ئیتاڵی، یۆرگن کلۆپ راهێنەری یانەی لیڤەرپوول دەستی بەچاودێری کردنی ئەم یاریزانە کردووە لە خولی ئیتاڵیا و هەروەها لە یارییەکانی مۆندیال لەگەڵ هەڵبژاردەی مەغریب بەهۆی ئەو ئاستە بەرزی لەگەڵ هەڵبژاردەکەی پێشکەشی دەکات وایکردووە یانەی لیڤەرپوول و یۆرگن کلۆپ بایەخی زیاتر بەم یاریزانە بدەن.

بەپێی رۆژنامەکە یانەی لیڤەرپوول هەوڵ دەدات مووچەیەکی زیاتر بداتە یاریزانە مەغریبیەکە، چونکە ناوبراو بری (١.٨) ملیۆن یۆرۆ لە یانە ئیتاڵیەکە وەردەگرێت، لە بەرانبەردا یانە ئیتاڵییەکە هەوڵ دەدات گرێبەستی ئەم یاریزانە نوێبکاتەوە، کە لە هاوینی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت.

# گاریس بێڵ بەردەوام دەبێت

کاپتنی هەڵبژاردەی وێڵز گاریس بێڵ دوای ماڵئاواییکردنیان لە مۆندیال تەئکیدی لە دڵتەنگی خۆی و هاوڕێیەکانی کردووە.
هەڵبژاردەی وێڵز هەفتەی رابردوو لە قۆناغی کۆمەڵەکان ماڵئاوایی لە مۆندیال کرد دوای ئەوەی لە دواین یاری خۆی بەرانبەر هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بەئەنجامی سێ گۆڵی خاوێن دۆڕا.
گاریس بێڵ لە لێدوانێکی بۆ (بی بی سی)ی بەریتانی گوتی: هەمووومان شانازی بەگەیشتنمان بەم قۆناغە دەکەین و هەروەها هەمووومان هەست بەدڵتەنگیشین دەکەین دوای ماڵئاواییکردنمان دەبێت سەیری ئەو مەودایە بکەین، کە توانیمان بگەین تۆپی پێی ئەستەمە هەندێک تیپ بەقۆناغی سەخت تێپەرب دەبێت و نەگەیشتنە ئەو ئاستەی، کە لێمان چاوەڕوان دەکرا.

بێڵ زیاتر گووتی: پێش دوو ساڵ ئەگەر باسی گەیشتنمان بۆ مۆندیال بکردبایە، ئەوە کەس باوەڕی نەدەکرد هەست بەدڵتەنگی دەکەم، چونکە دەمانویست باشتر دیاربکەوین.
لە کۆتایی قسەکانیدا گاریس گوتی: لە یاریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی وێڵز بەردەوام دەبم ئەگەر بانگهێشت بکرێم یارییەکانی پاڵاوتنی یۆرۆ (٢٠٢٤)مان هەیە، کە لە مانگی مارس ساڵی داهاتوو یارییەکان دەست پێدەکات جارێکی تر هەوڵ دەدینەوە.





# دهۆک ئامانجی خۆی دەپێکێ

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك ئەم وەرزە دوای چەندین ساڵ لە چاوەڕوانی بۆ گەیشتنەوە بە ریزی یانە نایابەکانی عێراقی، ئەم ساڵیش ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست بووە و هاندەرانی یانەکەش چاوەڕوانی ئەنجامی دڵخۆشکەری لێ دەکەن لە یارییەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی عێراقی، هەر چەندە هەفتەی ڕابردوو یانەکە دووچاری شکست هات لە بەرامبەر یانەی تەڵبە، بەڵام ڕاهێنەرانی یانەکە جارێکیتر بەڵێنی گەڕانەوە و هەستانەوە دەدەن، لەم بارەشەوە کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپارێزی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەگەر سەیری یارییەکانی ئەم وەرزەی یانەی دهۆك بکەین، لە پلەی ئۆفەوە تاکو ئێستا هەشت یارییە، یەك یاریمان دۆڕاندووە دروشمی یانەی دهۆك ئەوە بووە ئەگەر نەشمان بردەوە کەس لێمان نەباتەوە، بەڵام ئەوە یاریی تۆپی پێیە، یەك گەڕمان دۆڕاندوە، بەڵام خولەکەمان نەدۆڕاندووە، ئامانجی یانەکەمان بۆ ئەم وەرزە تەنیا مانەوەیە لە خولی نایابی عێراقی، بەڵام یاری بۆ یاری ئامانجی خۆمان دەپێکین، لە یارییەکانی داهاتووش ئاستی باشتر پێشکەش دەکەین تا بتوانین لە خانەکانی سەروو بین»، لە بارەی ئاستی گۆڵپارێزەکانیش کاوە ئیبراهیم گوتی: «لە سەرجەم یارییەکانی تیپەکەمان لەم وەرزە ئاستی گۆڵپارێزەکان زۆر باش بووە، ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە لە ئەنجامەکانی یانەی دهۆك، یاری بۆ یارییش ئاستمان باشتر دەبێت و دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکەمان پلانی تۆکمەیان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی عێراقی».

# پاڵەوانێتی فوتساڵ بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان بەڕێوە دەچێت

بەمەبەستی زیاتر گرنگیدان بە یارییە وەرزشییەکان لە ناوەندەکانی خوێندن و بەرەوپێشبردنی وانەی وەرزشی وەکو سەرجەم وانەکانی دیکەی پسپۆڕی، بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزشی و دێدەوانیی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، پاڵەوانێتیی فوتساڵ بۆ سەرجەم قوتابخانە ناحکومییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر ئەنجام دەدات، ئامانج لەم پاڵەوانێتییە زیاتر گرنگیدانە بە چالاکییە وەرزشییەکان، لە بارەی ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش (بێجان ئیبراهیم) بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشی و دێدەوانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانجمان لە ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی فوتساڵی قوتابخانە ناحکومییەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، زیاتر خزمەتکردنی وەرزشە لە ناوەندەکانی خوێندن و بەرەوپێشبردنی ئاستی وەرزشییە لە قوتابخانەکان، بۆیە لەگەڵ سەرپەرشتیارانی وەرزشی هەڵساین بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی فوتساڵ بۆ بیست قوتابخانەی ناحکومی، کە قوتابیانی تاکو قۆناغی شەشی بنەڕەتی دەتوانن بەشداربن لەم پاڵەوانێتییە، یارییەکانیش بۆ ماوەی دە ڕۆژ بەردەوام دەبێت»، لە بارەی هەبوونی گرفت لە ناو یاریگاکان بێجان ئیبراهیم گوتیشی: «هیچ گرفتێکمان نییە و هەموو ئامادەکارییەکانمان تەواو بووە و یاریگای تایبەت و ستافی ناوبژیوانان و کەلوپەلی وەرزشیی ئامادەیە، بۆ ئەوەی بتوانین خولێکی سەرکەوتوو بەڕێوە ببەین، لە داهاتوودا هەوڵ دەدەین پاڵەوانێتی جۆراوجۆری وەرزشییان بۆ ئەنجام بدەین، سوپاسی هاوکاریی هەموو لایەك دەکەین بۆ سەرختنی ئەم پاڵەوانێتییە، خەونی ئێمە دروستکردنی یاریزان و دەستنیشانکردنی یاریزانی بەهرەمەندە، بۆ داهاتووی وەرزشی کوردستان و هەولێر بەتایبەت، هیواداریبن بتوانین پاڵەوانێتییەکی سەرکەوتوو ئەنجام بدەین، خولەکەش ڕۆژانە لە یاریگای قوتابخانەی کۆشش بەڕێوە دەچێت».







# ژمارەیەک کچە یاریزانانی دەربەندیخان وازیان هێنا

هەر چەندە تیپی باڵەی کچانی یانەی دەربەندیخان یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان، ساڵانەش لەگەڵ دەستپێکی یارییەکانی پاڵەوانێتییەکان ئاست و ئەنجامیان وەکو پێویست بووە، بەڵام بەهۆی گرفتەکانیان پێنج کچە یاریزان ریزی تیپی باڵەی یانەی دەربەندیخانیان جێهێشتووە و، چەند یانەیەکیش هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو یاریزانانە دەدەن، لەم بارەشەوە خەیاڵ حەمە یاریزانی پێشووی باڵەی یانەی دەربەندیخان لە بارەی وازهێنانیان لە یانەکە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکار ئەوە بوو کە نەگەیشتینە ئەنجام لەگەڵ یانەکە، وا باشتر بوو کە ریزی تیپەکە جێ بهێڵین و لە شوێنێکی دیکە خزمەت بکەین، گوتیشی: « هەریەك لە یاریزانان (شادان کامیل و خەڵات عومەر و نڤار نوری و دالیا جەلال، جگە لەم پێنج یاریزانە پێشتریش دوو یاریزانی دیکە ریزی تیپەکەیان جێهێشتبوو»، لە بارەی هۆکاری وازهێنانیش خەیال حەمە گوتی: «هەندێکیان شەخسی بوون هەندێکیش کەمتەرخەمی بووە لە هەندێك رووە وە، جگە لەوەش ئەنجامەکانیشمان وەکو پێویست نەبوو، ئێستاش چەند یانەیەك هەیە ئێمەیان دەوێت وەکو یاریزان، بەڵام لە ئێستادا هیچ خول و پاڵەوانێتییەك نییە، هەر کات خول و پاڵەوانی هەبێت، ئەوکات بڕیار دەدەین بۆ چ یانەیەك یاری دەکەین، ئێستا تەنیا دەمانەوێ ئامادەبین لە رووی مەشق و ڕاهێنانەوە، هەر کاتێکیش وەکو پێویست ئامادەبووین، سەرجەم یاریزانەکانمان دەچینە یانەیەك بۆ ئەوەی بتوانین خزمەت بە یاریی باڵە بکەین و ئاست و بوونی خۆشمان بسەلمێنن بۆ ئەوەی بتوانین باشترینی کوردستان و عێراق بین».



## زیانە تەندروستییەکانی خۆراکی خێرا

خۆراکی خێرا Fast food بە شێوەیەکی بەرچاو لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بووەتەوە، بەڵام بەگشتی سۆدیۆم و چەوری و کالۆری زۆر لەخۆدەگرن، لەگەڵ ڕێژەیەکی کەم لە مادده خۆراکییە گرنگەکان لە ڤیتامین و کانزا و مادده دژەئۆکسانەکان. زیاد خواردنی خۆراکی خێرا کاریگەریی نەرێنی دەکاتە نزیکەی هەموو بەشەکانی لەش، بۆنموونە: زیادبوونی ئەگەری سەرئێشە، سەرهەڵدان و وروژاندنی زیپکەی گەنجێتی Acne، زیادبوونی ئەگەری خەمۆکی، گرفتەکانی ددان بە شێوەی دروستبوونی چاڵی ددان Cavi-ties، زیادبوونی کێشی لەش، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ لە خوێندا، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن لەبەر ڕێژەی بەرزەکەی سۆدیۆم (خوێ) لە خۆراکی خێرادا، بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی شەکری خوێن و هۆرمۆنی ئینسولین، واتە گۆڕان لە کاردانەوەی سرووشتیی ئینسولین لە لەشدا، کە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم زیاد دەکات.



## چۆن هەوای سارد زیـ

هەوای سارد و وشك زیان بە چاوەکان دەگەیەنێت، بۆیە لەگەڵ دەستپێکی وەرزی زستاندا، پاراستنی چاوەکان لە بای سارد گرنگترە لە هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە کۆکە و هەڵامەت. هەوای سارد و وشك هۆکارە بۆ:



## سوودە تەندروستییەکانی هێڵ

هێڵ Cardamom چێژ و بۆنێکی تایبەتی هەیە، سوودی تەندروستیی زۆریشی هەیە کە بریتین لە: سیفەتی دژەئۆکسان کە هاندەرە بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن، خۆپاراستن لە تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە، کەمکردنەوە ئاستی هەوکردن لە لەشدا، باشترکردنی تەندروستیی کۆئەندامی هەرس، بەتایبەتی زووتر چاکبوونەوەی کولبوونی گەدە، نەهێشتنی بۆنی ناخۆشیی دەم و لەناوبردنی بەکتریای زیانبەخش لە بۆشایی دەمدا، ئەمەش ددانەکان لە کلۆربوون دەپارێزێت، رێگرتن لە چەند جۆرێکی هەوکردن بە کەرِوو، باشترکردنی کرداری هەناسە و هەڵمژینی ئۆکسجین لە سییەکاندا، دابەزاندنی ئاستی شەکری خوێن، پاراستنی تەندروستیی جگەر، بەتایبەتی رێگرتن لە کۆبوونەوەی چەوری لە جگەردا Fatty liver، سووککردنی پەستی، هەروەها لەوانەیە کە رۆڵی هەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش.



## ئاکامەکانی شیزۆفرینیا

شیزۆ فرینیا Schizophrenia نەخۆشییەکی گەورەی دەروونییە و کاریگەریی مەترسیدار دەکاتە سەر تەندروستی، شیزۆ فرینیا جگە لە نیشانە دەروونییەکان کە مایەی نارِەحەتین بۆ تووشبوو و کەسانی دەوروبەری، ئەگەری توندوتیژی و خۆکوشتنیش زیاد دەکات. شیزۆ فرینیا بەمەشەوە ناوەستێت، بەڵکو هۆکارە بۆ کۆمەڵێك گرفتی جەستەیی (فیزیکی) وەکو: زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی دڵ و سوورِان، نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشییە ڤایرۆسییەکان، لاوازبوونی ئێسك، هەروەها گرفتەکانی دەم و ددان. هۆکارەکانی کاریگەریی نەرێنی شیزۆ فرینیا لەسەر تەندروستیی جەستەیی دەگەرِێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسی تووشبوو لای قورس دەبێت کە پابەند بێت بە رێکخستنی خۆراك و پاکوخاوێنی و ئەنجامدانی مەشقی وەزرشی... تاد، هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی کۆرتیسۆڵ لە لەشی تووشبوواندا کە بە هۆرمۆنی سترێس Stress hormone ناسراوە، هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و زیادبوونی کێشی لەش و ئەگەری نەخۆشیی شەکرە. لە لایەکی دیکەوە زیانی لابەلای ئەو دەرمانانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی شیزۆ فرینیا بەکاردەهێنرێن، هۆکارن بۆ گەلێك گرفتی فیزیکی، بۆنموونە زیادبوونی کێشی لەش، بۆرژان، هەستکردن بە نارِەحەتی و نائارامی.

## ـــــــان بە چاوەکان دەگەیەنێت؟

وشکبوونی چاو، هەستکردن بە بوونی تەنی بیانی لە چاودا، زیاد فرمێسککردن، خورشتی چاو، هەستکردن بە ماندووبوونی چاوەکان، گرفت لەکاتی ئیشکردن و بەکارهێنانی کۆمپیوتەردا، هەروەها ئارەزوو بۆ داخستنی چاوەکان، هەستەوەریی چاو لە هەندێك کەسدا، کە دەبێتە هۆی هەوکردنی رووی چاو و ناوپۆشی پیڵووەکان، بە شێوەی ئاوسانی پێڵووەکان، خورشت و هەستکردن بە سووتانەوە، ئازار لە چاودا، لەگەڵ وشکبوونی چاو، هەروەها هەوکردنی رووپۆشی سپێنەی چاو بە ڤایرۆس، بەتایبەتی لە منداڵاندا، لێڵبوونی بینین Blurred vision کە لە ساردیی توند بەدی دەکرێت، کە پلەی گەرمی دەگاتە ژێر سفر و دەبێتە ئەگەری بەستنی ئاو لە چینی سەرەوەی خانە رووپۆشەکانی کۆرنیای چاودا Corneal freezing کە حاڵەتێکی کاتییە.

# نووستن بە ئارایشتەوە زیانی تەندروستیی هەیە



بۆ پاراستنی تەندروستیی پێست و چاو، پسپۆڕان ڕێنمایی دەکەن کە پێویستە هەموو ئافرەتێك پێش نووستن دەموچاوی بۆ ماوەی ٣٠ خولەك بە ئاو و سابون بشوات و، پێست لە هەموو ئاسەوارەکانی ئارایشت پاك بکاتەوە. کاتێك کە پێکهاتەکانی ئارایشت و چەوری لەسەر پێستدا کۆدەبنەوە، ئەوا کونەکانی پێست دادەخەن و گەشەی بەکتریا زیاد دەبێت، دەرەنجام دەبێتە ئەگەری پەیدابوونی زیپکە و زیادبوونی ئەگەری هەوکردنی بەکتریایی، هەروەها پەیدابوونی پەڵەی سووری پێست، گەورەبوون و بەرجەستەبوونی کونەکانی پێست، لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری لۆچبوونی پێشوەختە. ئاوێتەی بریقەی لێو Lip gloss و سووراوی لێو Lipstick هۆکارێکی هاندەرە بۆ پەیدابوونی زیپکە و زیوانی ڕەش لە دەوری لێوەکاندا، جگە لەمانە، جێهێشتنی ئاسەواری مەسکارا، یان قەڵەمی دەوری چاو Eyeliner لەکاتی شەو و نووستندا، لەوانەیە کە بگەنە ناو چاوەکان و ببنە ئەگەری هەوکردن.

# کە غەم بەردەوام دەبێت!



غەم یان هەستکردن بە دڵتوندی Sadness شتێکی ئاساییە کە هەندێك جار دوچاری هەموومان دەبێت، بەڵام کە ئەم هەستە درێژە دەکێشێت و بەردەوام و توندتر دەبێت بۆ ماوەی دوو هەفتە بەلای کەم و، کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر هەموو چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانە، ئەوکاتە حاڵەتەکە دەچێتە نێو سنووری خەمۆکی Depression کە هاوکات دەبێت لەگەڵ مەزاجی نزم و نەمانی ئارەزوو و وەرنەگرتنی چێژ لە زۆربەی چالاکییەکاندا. خەمۆکی گرفتێکی ترسناکە، هەرگیز نابێت فەرامۆش بکرێت. هەنگاوەکانی سووککردنی خەمۆکی بیتین لە: گۆڕینی چەند لایەنێکی ستایلی ژیان، بۆنموونە مەشقی وەرزشیی ڕۆژانە، باشترکردنی کوالێتیی خۆراك و ڕێکخستنی کاتی ژەمەکان، دوورکەوتنەوە لە نیکۆتین و خواردنەوە ئەلکهولییەکان، ڕێکخستنی خەو، پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ هەموو کەسە یارمەتیدەرەکاندا. پاشان ئەگەر حاڵەتەکە بەردەوام و توندتر بوو، ئەوا پێویست بە دەرمانی دژەخەمۆکی دەکات، بە چاودێری دکتۆری نەخۆشییە دەروونییەکان.

# پیسبوونی هەوا هۆکارە بۆ پەستی و خەمۆکی

ئایا دەزانی کە پیسبوونی هەوا جگە لە کاریگەریی نێگەتیڤی جەستەیی، کاریگەریی دەروونیشی هەیە بە شێوەی پەستی و خەمۆکی؟ توێژینەوەکان روونیان کردووەتەوە کە پیسبوونی هەوا، راستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر کۆئەندامی دەماری مەرکەزی بە شێوەی زیادبوونی هەوکردن لە مێشکدا، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی سایتۆکاینەکان Cyto-kines کە ئەگەری پەستی و خەمۆکی زیاد دەکات. تەنۆلکەکانی هەوای پیسبوو دەتوانن لە سییەکانەوە تێپەڕن و بگەنە ناو خوێن و دەماری بۆنکردن و، لەوێشەوە بۆ مێشك، لە توێژینەوەکاندا ئاماژە بەمەش کراوە کە پیسبوونی هەوا ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی ئەلزهایمەر و نەخۆشیی پارکینسۆن زیاتر دەکات، هەروەها تووشبوون بە گرفتی دووجەمسەرە Bipolar dis-order و خەمۆکی، لەبەر تێکچوونی گەلێك لە دەمارەخانەکانی مێشك بەهۆی هەڵمژینی هەوای پیسبوو. هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی ئەگەری گرفتە دەروونییەکانی پەیوەست بە پیسوونی هەوا: رۆژانە ئەنجامدانی مەشقی هەناسەی قووڵ، پەیڕەوکردنی خۆراکی هاوسەنگ و تەندروستییانە، ئەنجامدانی مەشقی وەزرشی، تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ خەو، لەگەڵ هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە (بە پێی توانا) لە هەوای پیسبوو.



# درۆنێکی بچووک بە پەنجەیەک کۆنترۆڵ دەکرێ



درۆن drone تەکنەلۆژییەکی نوێیە، نە تەنیا لە بواری سەربازی و سوپاییەوە سوودی لێدەبیندرێ بەڵکو بۆ زۆر بواری گرنگی دیکەی ژیانیش سوودی لێوەردەگیرێت، بەتایبەتی لە بواری بەرهەم هێنانی فیلمدا و بۆ فیلم هەڵگرتنەوە لەو شوێنانەی مرۆ ناتوانێ دەستی پێیان رابگا یا گرتنی وێنە لەبەرزاییەوە.

درۆنی جۆری Shift RED هەر بەقەد لەپی دەست دەبێت و بچووکتر لە مۆبایلێکی ئاسایی. کێشی تەنیا ٩٣ گرامە، ریمۆت کۆنترۆڵەکەی وەك ئەلقە لەدەست دەکرێ و کۆنترۆڵ دەکرێت. چوار جۆر شێوازی هەڵفڕینی هەیە ئارام و لەسەرخۆ تا خێراییەکی زۆر. کامێرایەکی فوول ئیچ دی لەسەرە، لەسەر دیمەنێك فۆکس دەکرێت و خۆی دوای دیمەنی جوڵەدار دەکەوێت. لەگەڵ مۆبایل هەر دوو سیستەمەکەی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس پەیوەند دەدرێت و دەکرێ بە مۆبایلیش کۆنترۆڵ بکرێت و دەستبەجێ فیلم و وێنەکان بۆ مۆبایل بەرێ دەکات. شەحنەکەی تەنیا ١١ خولەك دەخایەنێت. گرنگی درۆنەکە لە بچووکی دایە چونکە بۆ ئەو شوێنانەی درۆنی دیکە ناتوانێت تێیدا بفرێت، دەگونجێت.



## ئامێرێک بۆ کەمکردنەوەی ئازاری جیوب و پەسیو

بەهۆی سەرمابوون و یا هەر هۆکارێکی دیکە جیوب (گیرفانە هەواییەکان) ئەو بەشەی لە لووت و دەوروبەری چاو دەئاوسێن و وا لە مرۆڤ دەکات تووشی سەر ئێشە بێت بەتایبەتی لەو کاتەی لە خەوی بەیانیان هەڵدەستێت.

نەخۆشی جیوب پێویستی بە چارەسەری پزیشکییە، بەڵام پسپۆرانی تەکنەلۆژیای نوێ ئامێری ClearUP Product بەرهەم هێناوە کە بەبێ بەکارهێنانی هیچ حەب و دەرمانێك ئازاری نەخۆشییەکە کەم دەکاتەوە. بەهۆی تەزوویەکی بچووکی کارەبایی کە هەیەتی ئاوسانەکان کەم دەکاتەوەو ئازارەکە ناهێڵێ. ئەم ئامێرە بۆ ماوەی پێنج هەتا دە خولەك بەو شوێنە دادەنێی کە ئازاری هەیە و رۆژانە دوو هەتا چوار جار ئەمە دووپات دەکەیەو و لە ماوەی مانگێکدا ئاوسانەکە نامێنێت و نەخۆش چارەسەر دەبێت. لەکاتی بەکارهێناندا حاڵەتێکی وەك گەستن یا تەزوویەکی کارەبایی هەیە و بە بەکارهێنانی بەردەوام لەگەڵی رادێت.



## کیبۆردێکی ئـ

وشەی ئۆرگۆنۆمیك (ergonomic) بەو ئامێرانە دەگوترێن کە لەگەڵ بەکارهێنانیاندا کێشەی تەندروستیت بۆ دروست ناکەن و ئەوەی لە زمانی بازاڕیدا پێی دەگوترێت (طبی). بۆ نموونە کورسی ئۆرگۆنۆمیك و پێڵاوی ئۆرگۆنۆمیك و کیبۆرد و ماوسی ئۆرۆگۆنۆمیك و...تاد.

ئەوانەی ئاماژەمان پێدان بە جۆرێك بەرهەم هاتوون کە بەکارهێنەر لەکاتی بەکارهێنانیاندا کێشەی تەندروستیان بۆ نایەتە پێش.

کیبۆردی جۆری Angry Mia Anime-In-






## ـــــــۆرگۆنۆمیک

spired Keyboard کیبۆردێکی ئۆرگۆنۆمیکە بۆ ئەوانەیە کێشەیان لە پەنجەکانیاندا هەیە. کیبۆردەکە دیزانێکی ناوازەی هەیە و گلۆپە ئیل ئیدییەکانی کە کەوتوونەتە ژێر دوگمەکان و بە ویستی بەکارهێنەر و بە پرۆگرامێکی تایبەتی کۆنترۆڵ دەکرێن، جێگای سەرنجن. هەروەها لەناوەندی کیبۆردەکە بۆتە دوو بەش و بەکارهێنەر دەتوانێت هەر دەستەی لەسەر بەشێك دابنێت. کیبۆردەکە وایەرلەیسە و بەهۆی سیستەمی بلوتوسی ٥ لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەند دەدرێت.

## ماوسێکی پەڕۆکی زۆر ناوازە

ماوس (مشك) کلیلی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەر، لە دیزاین و شێوەشدا وەك مشك دەچێت. زۆربەی هەرە زۆری ماوسەکان دیزاین و شێوازیان وەك یەك دەچێت و کارکرد و توانایان جیاوازە، بەڵام ماوسی جۆری Air.0 لە گشت ماوسێکی دیکە جیاوازترە بەتایبەتی لە دیزایندا. ماوسەکە لە مادەیەکی سووك وەك پەڕۆ دروستکراوە، کێشیشی ئەوەندە سووك هەروەك پەڕۆ دەبێت. کێشی تەنیا ٤٠ گرامە. بەکەوتنە خوارەوە و لە بەرزترین شوێنیش هیچی لێنایەت. ماوسەکە تەواو ئۆرگۆنۆمیکە، لەکاتێکدا کە بەکار دەهێنرێت کۆدەکرێتەوە و وەك شێوەی ماوسی لێدێت، ئەگینا وەك پەڕۆکێك دەچێت. بارستاییەکەی نیو سانت نابێت. بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە لەگەڵ کۆمپیوتەر و مۆبایل پەیوەند دەدرێت. ماوسی ناوبراو چەندین رەنگی هەیە.






# کتێبخوێنێک کامێراشی هەیە

کتێبخوێن (Book reader) ئامێرێکی زۆر بە سوودە بۆ کتێبخوێندنەوە بە شێوەی دیجیتالی. کتێبخوێنەکان وەك تەبلێت دەچن و بەڵام شاشەکەیان بە جۆرێکە کە تایبەت بە خوێندنەوە دروستکراوە و کێشە بۆ چاو دروست ناکا و هەمان چێژی خوێندنەوەی سەر کاغەز دەبەخشێت.

کتێبخوێنی The BOOX Tab Ultra ePaper tablet PC زۆر شاز و ناوازەیە. یەکەم کتێبخوێنە کامێرای هەبێت و لە ویندۆز ١١ سوود وەربگرێت. کتێبخوێنەکە نزیکەی ٨ ئینجە. کیبۆردی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ نووسین یادداشت و بابەتی تایبەت. قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە دەکرێت هەم پەراوێز لەسەر کتێبەکان بنووسی و هەم یادداشت هەڵبگریەوە. لەمسیە و لە یەك کاتدا دەکرێت بە دە پەنجە کار بکەی. پشتیوانی لە هەموو جۆرە فۆرماتێکی کتێب دەکات و هەروەها کتێبی دەنگیش دەخوێنێتەوە. سیستەمی OCRی لەسەرە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کتێبە PDFەکان بکاتەوە دەق.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن فایلێکی PowerPoint بکەم بە فایلێکی Word و لە فایلە wordەکەدا هەر دەستکارییەك بکەم لە فایلە ئەسڵیەکەشدا گۆڕانکارییەکەی بێتە دی؟**

خوێنەری بەڕێز سەرەتا فایلە پاوەرپۆینتەکەت بکەوە پاشان لە بەشی file بچۆ سەر بەشی Export و کلیکی لەسەر بکە، لەوێدا پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و لەو بەشەدا Create Handouts هەڵبژێرە، ئەوکات پەنجەرەیەکی دیکە دەکرێتەوە و سێ فەرمانی تێدایە وەك ئەوەی فایلەکەت چۆن بێت و گۆڕانکارییەکان لە فایلە سەرەکییەکەدا بمێنن و پاش ئەوەی بە ویستی خۆت فەرمانەکانت هەڵبژارد، جارێکی دیکە کلیك لەسەر Create Handouts بکە. ئەوکات پەنجەرەیەکی دیکە دەکرێتەوە و لەودا حەزدەکەی فایلەکەت لە وۆردا چۆن بکرێتەوە وای دابنێی و بەو ئاسانییە فایلەکەت دەبێتە word وگۆڕانکارییەکان وەك خۆی دێنە دی.

# پرۆگرامێک بۆ فێربوونی گیتار

گیتار یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی مۆسیقی، بۆ ئەوەی کەسێك فێری گیتار بێت دەبێ بچیت بۆ خولی ڕاهێنان و لەلایەن فێرکاری ئەو بەشەوە فێربکرێت. لە دونیای ئینتەرنێتدا خولی مەجازی هەیە بۆ فێربوونی گیتار و ئامێرە مۆسیقییەکانی دیکە. ئەگەر بتهەوێ بەبێ مامۆستا و بەبێ بەشداری لە خولێکی حەقیقی یا مەجازی، فێری گیتار لێدان بی، دەکرێت سوود لە پرۆگرامی Guitar Pro وەربگری. ئەم پرۆگرامە زۆر پێشکەوتووە و سەرنجی ئۆگرێکی زۆری لەلایەنگرانی ئامێری گیتاری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. پرۆگرامەکە بەهۆی ئەوەی کە زۆر ئاسانە و گشت نۆتەکانی مۆسیقی لەخۆیدا جێکردۆتەوە، فێرخوازێکی زۆر بەخۆی ئەو ئامێرەوە فێری بەکارهێنانی گیتار بوونە. کۆمەڵێك نۆت و ئاوازیشی تێدایە دەکرێت بە سوود وەرگرتن لەوانە فێری گیتار لێدان بی. بەکارهێنەر دەتوانێ بەهۆی ئەو ئامێرەوە فێری دانانی ئاواز بێت لە گیتاردا. کۆمەڵێك ئامرازی تێدایە بۆ دەستکاریکردن و دروستکردنی ئاواز. بۆ هەموو تەمەنێکیش گونجاوە.






# سکاینەرێکی بچووک و توانایەکی زۆر

سکاینەر ئامێرێکی گرنگە بۆ ئەوەی داتاکانی سەر کاغەز بکات بە داتای دیجیتالی و لە ناو کۆمپیوتەر و مۆبایلدا هەڵیبگرێت. سکاینەرەکان قەبارە و توانا وکارکردیان جیاوازە. سکاینەری بچووکی جۆری کە هی کۆمپانیای ئیپسۆنە هەم دیزاینەکەی و هەم کارکردەکەی ناوازەیە.

سکاینەرەکە کێشی ٣٠٠ گرام دەبێت. شەحن دەبێتەوە و وایەرلەیسە واتە لە ڕێگای سیستەمی وای-فایەوە بە کۆمپیوتەر یا مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت. فایلەکان دوای سکانکردن دەیانکات بە فایلێکی PDF یا فایلێکی ئیکسێل ئەگەر فایلەکە پەیوەندی بە ژمێریارییەوە هەبێت. لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر و تەبلێت پەیوەند دەدرێت. لە چوار چرکەدا لاپەڕەیەك سکان دەکات واتە لە خولەکێکدا ١٥ لاپەڕە سکان دەکات. سایز و قەوارەی لاپەڕە لە ٨,٥ ئینجەوە بگرە هەتا ٧٢ ئینج سکان دەکات.




# ئامێرێک بۆ نەهێشتنی پرخەکردن لەخەودا

تەکنەلۆژیای نوێ ڕێگا چارەی بۆ زۆر شت دۆزیوەتەوە، یەکێك لەوانە کێشەی پرخە پرخ کردن لە خەودایە. زۆر کەس لەو خەودا پرخە دەکەن، نەك بۆخۆیان بە ئاسوودەیی ناخەون بگرە ناهێڵن خەڵکی دیکەش خەوی لێبکەوێ. ئامێری بچووکی Snore Circle بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە. ئەم ئامێرە بەکارهێنەر بە لەزگەیەکی تایبەت کە بە ئامێرەکەیەوە بە ژێر چەناگەیەوە دەنووسێنێت و کاتێك دەست دەکات بە پرخە کردن، زەختێك بۆ ژێر چەناگە دێنێت و بۆ ئەوەی زمان نەجولێت و پرخەکەی نەمێنێت. بەو هۆیەوە ئوکسجینی نۆرماڵ بۆ جەستە بێت. ئامێرەکە لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت و چۆنییەتی خەوتنی بەکارهێنەرەکەی تۆمار دەکات و لە سەر مۆبایلەکە نیشان دەدات کە بەکارهێنەر چەند جاران پرخە پرخی کردووە. کێشی ئامێرەکە کەمە تەنیا ١٢ گرامە. بەکارهێنەر کاتێك بەکاری دەهێنێ هەست بەوە ناکا ئامێرێك بە ژێر چەناگەیەوە.



## ماڵپەڕی بانکی زانیاری لە هەموو بوارێکدا

بەدوای بابەتێکدا دەگەڕێی لە ئینتەرنێتدا بۆ لێکۆڵینەوە یا توێژینەیەکی تایبەت، گەڕان بەدوای گەڕاندا دەکەی بۆ وەدەستهێنانی سەرچاوەی بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەت. ماڵپەڕی https://feedly.com بۆ ئەم مەبەستە داندراوە. ئەو ماڵپەڕە هەر زانیارییەك لە هەر بوارێکدا دابندرێ لە خۆیدا کۆیدەکاتەوە، ئیدی پێویست ناکات ماڵپەڕ بە دوای ماڵپەڕدا لە مەبەستەکانت بگەڕێی. سایتی ناوبراو بکەوە، مەبەستەکەی خۆت هەڵبژێرە، ئەوەی زانیاری هەیە لەبارەی مەبەستەکەت پێشکەشت دەکا. بۆ ئەوانەی توێژینەوە دەکەن یا باسی زانکۆ دەنووسن ماڵپەڕەکە زۆر گرنگە. پێویست ناکات ئینتەرنێت ماڵپەڕ بەدوای ماڵپەڕ بپشکنن. ڕۆژانە بەردەوام نوێدەکرێتەوە و بابەتی نوێتر دادەنرێت.

## پشتێن و قایش بۆ ناسک بوونی کەمەر و جەستەت

پشتێنەکان کار لەسەر توندوتوڵی جلوبەرگ و جوانیی کەمەر دەکەن، پێویستە لەم ماوەیەدا کە جلی زۆر دەپۆشی و جلەکانت نارێك دەردەکەون، چاکترە بە پشتێن چارەسەری ئەو نارێکییە بکەیت و جەستەشت توندوتۆڵ و ورگت بشاریتەوە، هەموو ئافرەتێك پێویستی بە دەستە جلێکە، مەرجە بزانیت چۆن ئەو دەستە جلە ڕێك دەکەیت، تا لەگەڵ لەشولارت بگونجێت، مۆدەکانی ئێستای جلوبەرگ، هەر هەموویان پێویستیان بە کەرەستەی دیکە و ئێکسسوار هەیە، بەتایبەت ئەو کەرەستانەی لەگەڵ جلەکە سەرەکین و لەگەڵ جلەکە بەکاردەهێنرێن، ئیدی تۆش دەبێ بزانی ئەو کەرەستانە کامەیان سەرەکین و کامەیان لاوەکییە، ئەوەتا پشتێن هەیە بە سەرەکیترین کەرەستە و ئێکسسواری جلوبەرگ دادەنرێت، چونکە پێویستە لەگەڵ هەموو ببەسترێ. پشتێن گرنگە، لەلایەکی دیکەش سەرنجراکێش و جوانە، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ پانتۆڵی جینز و قوماش، یان لەگەڵ تەنوورە لە پشتی دەکەیت، وێڕای ئەوەی بەشی ناوەڕاستی باڵات توندوتۆڵ دەکات. ئەوانەی جەستەیان نەرمە، بە پشتێن جەستەیان توندتر دیار دەبێت، لە بارەی ڕەنگی پشتێنەوە، ئەوە بۆ خانمان دەگەڕێتەوە لەوەی چ ڕەنگێکی پشتێنەکەیان بە دڵە و پێیان جوانە تا لە پشتی بکەن.



# سەرما پێویستی بە جلی خوری و ئەستوورە


سەرمای زستانە سەرەتا کاریگەری لە تەندرووستیی خانمان دەبێت و دواتریش جوانیان دەشێوێنێت، بەهۆی ئەوەی لەو کاتەی ئافرەتان سەرما دەیانگرێت، نەخۆش دەکەون و پێستییان تووشی چەندین گرفت دەبێت، و نەخۆش کەوتنیان وا دەکات کە بۆ ماوەیەك جوانییان فەرامۆش بکەن، بەمەش ماوەیەك قەشەنگییان پێوە دیار نامێنێت، جلی کاجواڵ، یان کاسواڵ بۆ دەرەوە و دەرچوون یەکێکە لەو بەشانەی کە جوانییەکی شەنگ و کارامەیی پێوە دیارە، تاوەکو دیمەنێکی بەرچاو و سەرنجڕاکێشت هەبێت، بەتایبەت لە دەرچوونی شەوانە، یان بۆ بۆنە و یادەکان پێویستت بە جلی تۆکمە و پتەو هەیە، تاوەکو لە سەرما بە دوور بیت، جلی پێکهاتوو لە خووری یەکێکە لەو جلە هەڵبژێردراوانەی کە گەرمونەرمی بە جەستە دەدات و لە سەرماشت دەپارێزێت، چەندین جلی جۆراوجۆر لە خووری هەن لەوانە: کراسی درێژ تاوەکو سەر ئەژنۆ، چاکێت، چاکێتی کورت، بلووز و بلۆڤەر، هەموو ئەوانەی لە خووری دروست کراون بەرگەی سەرما دەگرێت، لە بارەی ڕەنگەکانەوە دەتوانیت چەندین جۆر و ستایلی زستانە دیاری بکەیت لەوانە: کراسێکی درێژی خووری لە ڕەنگی مۆر و بێرگندی، لەگەڵ پشتێنێکی باریك، هەروەها کراسی زەردی قەیسی باو لەگەڵ چاکێتی ڕەساسیی خووری، لەگەڵ جووتێك پووتی کورت، بۆ ئەوانەی خولیای مۆدی کلاسیکن دەتوانن، کراسێکی درێژی لە ڕەنگی شینی تێکەڵ بە ڕەساسی، لەگەڵ پاڵتۆی قاوەیی و پشتێنێکی ئەستوور و پێڵاوی سپی وەرزشی یان ڕەش.







# گوارەی خنجیلانە و ورد لەگەڵ جلی زۆر لە گوێ بکە



خشڵەکانت مانای جوانی و ڕازاندنەوە و قەشەنگی دەگەیەنن، پێویستت بە کۆمەڵە خشڵێکە تاوەکو لە هەموو کات و شوێنێکدا بەرچاو و نازدار دەربکەویت، گوارەش ئێکسسوارێکی جوان و خنجیلانەیە، کچانیش لە هەر چوار وەرزەی ساڵدا بە گوێیانەوەیە، چونکە جوانیی ئەو ئێکسسوارە، بەندە بە شێوە و ناسکی شێوەی گوارەوە، بە تایبەت کاتێك کاتێ دەزانێت یەکێك لە جوانترین شێوەی ئێکسسواری گوارەی هەڵبژاردووە و لە گوێچکەی کردووە. گوارەی گەورە بۆ ئەوانەیە کە گوێچکەیان بچووکە، پێچەوانەش ڕاستە کاتێك خانمێك گوێچکەی گەورە بێت، وا چاکە گوارەیەکی بچووك لە گوێ بکات، تا هاوسەنگی لە نێوان شێوەی گوارە و گوێچکەیان ڕێك بکەوێت. ئێستا مۆدی باوی گوارەی ڕەنگ ئەڵماسە، ڕەنگێکی سەرنجراکێش و نایابە لە جوانیدا، هەروەها لەگەڵ ڕوخساری خانماندا شیاوە، بەتایبەت ئەگەر شێوەی گوارەکە گەورە و بازنەیی بێت، تا شەنگێك بن لە بەرچاوی هەمووان.



# قاوەی گەڕۆک لە کوردستان

قاوە و هەوادارانی قاوەخواردنەوە، ڕەنگە هەندێ جار لە شوێنی گشتی و لە کاتی دەرچووندا حەزیان بە کوپێك قاوە هەبێت، کە ڕەنگە بە ئاسانی دەستیان نەکەوێت، ئێستا لەسایەی (مام بەرەکات حوسێن)ەوە ئەو کێشەیەی هەوادارانی قاوە چارەسەر بووە، کە بە خۆی و کۆمەڵە فنجان و کترییە قاوەکانیەوە بە نێو شەقام و شوێنە گشتییەکاندا دەسووڕێتەوە، ژمارەشی لەلای زۆربەی هەواداران و خەڵکی نزیکی خۆی داناوە، تا کاتێك داوای قاوە دەکەن، تەلەفۆنێکی بۆ بکەن ئەویش خۆی دەگەیەنێتە لایان، بەرەکات ماوەی ٢٥ ساڵە کاری قاوە فرۆشتن دەکات، قاوەکەی هێندە بەتامە، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر قاوە بە خەڵك دەدات، تەمەتی ٥٥ ساڵە و خەڵکی قامشلۆیە، دوای شەڕی داعش هاتووەتە کوردستان و ئێستا ئەو کارە دەکات، وەك خۆی دەڵێت: ئەوەی جارێك قاوە بەتامەکەی من بکات، بێگومان دووبارەی دەکاتەوە، نرخی هەر قاوەیەکی (١٠٠٠) دینارە، ڕۆژانە زیاتر لە ١٠٠ بۆ ٢٠٠ قاوە بە هەوادارانی دەدات.


**فۆتۆ: دانا حەمە غەریب**



# مێشک و لووتی بەیەکەوەیە



پۆنۆچیۆ، ئەو ئەو چیرۆکە داستانەی باس لە منداڵێك دەکات کە لووتی درێژە و لە گەشە ناوەستێت، کەچی ئەو حاڵەتە ئەوجارە بە ڕاستی ڕووی داوە، حاڵەتە جیاوازەکان لە نێو جەستەی مرۆڤدا بە گشتی و منداڵان بە تایبەتی سەرهەڵدەدەن، هەندێك حاڵەت هەن کە زیانی نییە و بەڵام دیاردەیەکی سەیر دروست دەکات، وەك ئەو منداڵە ناوی (ئۆلی ترێزیسی) بە حاڵەتێکی زۆر دەگمەنەوە لەدایکبووە، ئەویش گەشەکردنی مێشکییەتی لە لووتیدا، ئەم حاڵەتە زۆر دەگمەنە لە دنیای پزیشکیدا، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دانەخرانی کەلێنەکانی کەللە سەری منداڵەکە، کە پێویستە لە ماوەی گەشەکردنی لە سکی دایکیدا نزیك بنەوە لە داخران، ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینێ بەشێك لە مێشکی بۆ لووتی و تا لەوێ گەشەبکات، بەهۆی بوونی کێشەی هەناسەدان چەند نەشتەرگەرییەکی زۆر قورس کراوە بۆ (ئۆلی) تا کەلێنەکانی کەللەی سەری دابخەن و تورەکە زیادەکەی مێشکی لە لووتی لابدەن، تاوەکو بتوانێت لەڕێگەی لووتییەوە هەناسە بدات، ئەم حاڵەتە زۆر دەگمەنە، لەبەر ئەوەش تەنیا لە چوار نەخۆشخانەی بەریتانیا چارەسەری هەیە.










# شاجوانی پشیلەکان

ئەو جۆرە پشیلە بە (کراکاڵ) ناسراوە، لە جۆری شیردەرەکانە و لە بەشی گۆشتخۆرەکاندایە، ئەو جۆرە پشیلەیە لە کیشوەری ئاسیا و ئەفریقیا و وڵاتی هیندستان دەژی، ڕەنگی قاوەیی یان کاییە، چاوێکی گەورەی شینی هەیە و زیاتریش گۆشتی گیانداری بچووک دەخوات، ناوی زانستی (Caracal) و درێژی تا (٧٥) سەنتیمەتر دەبێت، کێشی لە نێوان (١٢) بۆ (١٨) کیلۆگرامە، ددانەکانی تیژ و سپییە، ڕوخسارێکی کورت و وردی هەیە، بە قاچ درێژ ناسراوە، جوانیی ئەو پشیلە لەوەدایە کە لە بەشی دواوەی سەر گوێچکەکانیدا تەنێکی ڕەش هەیە لە گوێچکەکانی درێژترە، بەمەش بەشێکی لە دیوی پێشەوە دەردەکەوێت، وەك ئەوەی نەخشێکی دەستکراو بێت.



# یارییە ترسناکەکەی جیهان سەرسامت دەکات

کارگەی دروستکردنی شاری یارییەکان لە وڵاتانی جیهان لە پێشبڕکێی بەردەوامدان بۆ دانانی گەورەترین و بەرزترین و سەیرترین یارییەکان، دواجار شاری یاریی (سکسفلاگز) لە ویلایەتی تێکساسی ئەمریکا پێشەنگی جیهانیان لە دانانی بەرزترین یاریدا گرت، ئەو یارییە ناوی (ئاسمانی ترسێنەرە- SkyScreamer)، یەکێکە لەو یارییە بە جۆشانەی کە جەماوەرێکی زۆری هەیە، سەرەڕای ئەوەی بەرز دەبێت، پاشان دەجووڵێتەوە و لە شوێنی خۆشی جێگیر نییە و دەخولێتەوە، درێژی یارییەکە (٤٧) مەترە و دەتوانێت تا (١٢١) مەتر بەرز بێتەوە، خێراترین خولانەوەی دەگاتە (١٠٥) کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا، هەروەها بە خێرایی (٥٦) کیلۆمەتر دەجووڵێتەوە.



## کاریکاتێر

کاریکاتێرەکە باس لە توڕەبوونی کچە یاریزانی تێنسی سەر زەوی سیرینا ولیامز دەکات، کە لە زۆربەی یارییەکانی کاتێك هەڵە دەکات، توڕە دەبێت و ناڕەزایەتی دەردەبڕێت، لە کاریکاتێرەکەدا ناوبژیوان بە یاریزانی بەرامبەری دەڵێ: دەکرێ خۆت بە دۆڕاندن بدەیت هێندە نەماوە سیرینا خۆی بکوژێت.

## دەست و بازووی زەبەلاح



ئەو ئافرەتە خاوەنی دەست و بازوویەکی پۆلایین و گەورەیە، جگە لەوەی کاری دروستکردنی خواردن دەکات، بە دەستە گەورەکانیشی دەتوانێت زیاتر لە مرۆڤێکی ئاسایی کار بکات، داینگیا سماکسمام، لە ناوچەی (سۆرین) لە ولاتی تایلەند دەژی، ماوەی (٥٩) ساڵە بەهۆی نەخۆشییەکەوە دەست و مەچەکی هێندەی منداڵێکی لێهاتووە، ئەو نەخۆشییە بەناوی (lipomastosa)، لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە تووشی بووە و تا ئێستاش چارەسەری نییە، جگە لەوەی دەستەکانی گەورەن، هەروەها کەسێکی کۆمەڵایەتییە و خەڵکیش بە چاوێکی ترسناکەوە سەیری ناکەن.

## میوزیک

**سوپاس خودایە - Thank God**

یەکێکە لە گۆرانییە تازەکانی مانگی ١١ی ئەمساڵ، لەلایەن هەردوو گۆرانیبێژ (کەین و کاتلین براون)ی گۆرانیبێژی ئەمریکی و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣، لە ساڵی ٢٠١٤ دەستیان بە گۆرانی گوتن کردووە و یەکێکن لە تازە ئارتێستەکانی سەردەمی تازە، ئەو تراکە تازەیان لە ئەلبوومی پیاوی جیاواز - Different Man بڵاوکردووەتەوە لە جۆری (کاونتری میوزیك و R&B میوزیکە.

## یاسا



**مافی بینینی منداڵ (المشاهده)**

ماددەی (١) : بڕگەی (٤) لە ماددەی (٥٧)ی یاسای باری کەسیەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموارکراو: هەریەك لە دایك وباوك مافی بینین و مانەوەی منداڵەکانیان هەیە لە پاش جیابونەوە و نەمانی پەیوەندیی هاوسەرگیری و نەمانی یەکێکیان، ئەو مافە بنەچەکانیش دەگرێتەوە. تەنیا دایەنی منداڵ (دایك وباوك) لە دوای نەمانی ئەوانیش، ئەو کەسەی مافی دایەنی هەیە بەپێی یاسا بەرکارەکان سەرپەرشتی پەروەردە وفێرکردن وبواری کۆمەڵایەتی منداڵ دەکات تا تەمەنی (١٨)ساڵ، بینین لە ماوەی شیرەخۆریدا لە مانگێکدا دووجار دەبێت، لە شوێنیك کە لەسەری ڕێك دەکەون، لە حاڵەتی ڕێکنەکەوتنی دایك وباوك منداڵ لەشوێنێك دەبێت، کە دادگا بڕیاری لەسەر دەدات، لەپاش شیرەخۆری کات وشوێنی مانەوە بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا دەبێ، لەحاڵەتی ڕێکنەکەوتن مانەوە هەفتانە بیست وچوار کاتژمێر بەسەریەکەوە دەبێت، لە شوێنێك کە کەسی داواکار(غیر حاچن)دیاری دەکات، بەپێی بەرژەوەندی دایەنکراو، پاش کۆتاییهاتنی بینینەکە دەبێ دایەنکراو بدرێتەوە دەستی دایەن، بە پێچەوانەوە تا مانگێك مافی بینینی نابێت، ئەگەر دایەن ڕێگەی لە بینینی دایەنکراو گرت بەبێ پاساوی ڕەوا، لەلایەن جێبەجێکەری داد ئاگادار دەکرێتەوە، ئەگەر دووبارەی کردەوە بەپێی بڕیاری دادگای تایبەتمەند بۆ ماوەی مانگێك دایەنی دەگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە بەپێی یاسای بەرکار ئەو مافەی پێ دەدرێت، سەفەرکردنی دایەنکراو بۆ دەرەوەی وڵات تەنیا بە ڕەزامەندیی دایك وباوك دەبێ، لەکاتی نەمانیاندا کەسی دایەن بەپێی یاسا ئەو مافەی دەبێت، هەر لایەکیان سەفەریان پێکرد، دەبێت بەڵێننامەیەك بدات کەپابەندبێت بەگەڕاندنەوەی بۆ وڵات.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەهۆی ئەو هەڵانەی ئەنجامت داون توشی خەمباری دەبیت، بەڵام پێویست ناکات هێندە نیگەران بیت بۆی، وەکو ئەزموون لە هەڵەکانت بڕوانە و ئەوەت لەبیربێت کە هەموو کەسێ هەڵە دەکات، هەوڵ بدە تواناکانت لە کار و پرۆژەی نوێدا بەکاربهێنیت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هەندێك شت ڕوو دەدات کە دەبێتە هۆی زیادکردنی تواناکانت، پێویستە سوود لە ئەزمووی کەسانی دیکە وەربگریت، بۆ ئەوەی نەکەویتە هەڵەوە، شەرمێکی زۆر لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا هەیە، پێویست ناکات بەو شێوەیە بن و گرنگە باس لە ڕاستییەکانی ژیانتان بکەن.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەو بیرۆکانی کە بە مێشکتدا دێن، دەکرێت لە کارەکەتدا جێبەجێیان بکەیت، بۆ ئەوەی لە خزمەتی کارەکەتدا بەکاری بهێنیت، بەهۆی کەسانی چواردەورتەوە ژیانی تاکە کەسیی خۆتت فەرامۆش کردوە، لەپێناو جەستەیەکە تەندروست گرنگی بە ڕاهێنانی وەرزشی بدە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەلایەن بەرپرسی کارەکەتەوە ستایش دەکرێیت بەهۆی هەوڵ و ماندوبونەکانتەوە، وریای ئەو کەسانەبە کە دەیانەوێت پەیوەندیی تۆ و خۆشەویستەکەت تێك بدەن، بەردەوام پشتیوانیی خۆشەویستەکەت بکە، چونکە بە دڵ سەکوتنی تۆی دەوێت.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


ئەو خەونەی کە ماوەیەکی زۆرە هەتە لە داهاتوویەکی نزیکدا دێتە دی، تەنیا کەمێك ماندووبوونی زیاتری دەوێت، بیرۆکەکانت بەسوودن بۆ کەسانی چواردەورت و سودی لێ دەبینن، هەوڵ بدە بە پێی پیویست هاوکارییان بکە، ئەرکەکانت تەواو نابن و بەشێکی دەمێنێتەوە بۆ دواتر.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەم چەند ڕۆژە کار و ئەرکێکی زۆر لەسەر شانتە، پێویست دەکات پشوو وەربگریت و ئارام بیتەوە، هێندە لە ڕابردوی خۆشەویستەکەت مەکۆڵەرەوە و زیاتر گرنگی بە داهاتوتان بدەن، تەندروستیت فەرامۆش مەکە و گرنگی بەلایەتی دەروونی و جەستەییشت بدە.

بۆ زانیاریت

## پرۆسێسەر



پرۆسێسەر بە cpu ناسراوە، ڕێنماییەکان و توانای پرۆسەکردنی کۆمپیوتەرەکە دابین دەکات، کە پێویستە بەتواناتر و نوێکردنەوەی پرۆسەرەکەت، کۆمپیوتەرەکەت خێراتر کارەکانی ئەنجام بدات، خێراتر دەتوانێت ئەرکەکانی تەواو بکات. بە بەدەستهێنانی پرۆسێسەرێکی بەهێزتر، دەتوانیت یارمەتیی کۆمپیوتەرەکەت بدەیت کە بیر بکاتەوە و خێراتر کار بکات، دوو جۆر پرۆسێسەرمان هەیە، ئینتێل و ئەی ئێم دی: ئینتێل: ئینتێل دەوەستێت بۆ «ئەلکترۆنییە یەکخراوەکان» کۆمپانیای ئینتێل کۆمپانیایەکی فرە نەتەوە و کۆمپانیای تەکنەلۆجیای ئەمریکییە کە بارەگای سەرەکیی لە سانتا کلارا لە کالیفۆرنیایە لە سیلیکۆن ڤاڵیی لەلایەن ڕۆبێرت نۆیس داهێنراوە، ئەو پەرەپێدەری یەکەم پرۆسێسەری CPU ٨٠٨٦ی ئینتێلە و نزیکەی ( ٨٦بیت) ی یان هەیە، ئەگەر لەسەر پێوەری ١-١٠ قسە بکەین، پرۆسێسەرەکانی ئینتێل بە پێوەری ٤-١٠ دێن. ئەم پرۆسێسەرانە کارایی بە باش دێن، ئەم پرۆسێسەرە هەروەها کاتژمێری بەرزترە لە پرۆسێسەرەکانی ئەی ئێم دی، بە نرخی iGPU هەموو پرۆسێسەرەکانی ئینتێل لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی بەرزتر و ژیانی پاتریدان. بەم شێوەیە، بۆ لۆدەکانی کاری کورت و زیادکردنی یەك ناوکین، بەتایبەتی لە لاپتۆپەکاندا.

جۆری دووەم: ئەی ئێم دی، ئەی ئێم دی دەوەستێت سەر ئامێرە پێشکەوتووەکانی مایکرۆ. ئەمە کۆمپانیایەکی نیمچە گەیەنەری فرە نەتەوەی ئەمریکییە، کە لە سانتا کلاراڵە وەك دووەم سەرچاوەی بەرهەمهێنەر لە کالیفۆرنیا دامەزراوە. لە لایەن جێری ساندەرس، جاك گیفۆرد، جۆن کاری داهێنراوە و، بۆ دابینکردنی پرۆسێسەرەکانی ٨٦X. دەستی پێ کرد و ڕکابەرێك لەگەڵ ٣٨٦ لە پێوەری ١-١٠، پرۆسێسەرەکانی ئەی ئێم دی لە ٥-١٠ دا دێن.



## پەند و وتە

ئەلیزابیت کادی ستانتۆن، نووسەری ئەمریکی و چالاك لە بواری سەرکردایەتی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان دەکات، ئەلیزابیت لەساڵی ١٨١٥ لە شاری جۆنستۆن لە نیویۆرك لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٠٢ لە نیویۆرك کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پیاو و ئافرەت دەڵێ: «یاسا و نەریت و ڕەفتار و بیرکردنەوەکانمان وا دروست بوون لەسەر بیرۆکەی ئەوەی کە ئافرەتان دروستکراوێکن تەنیا بۆ پیاو و بۆ خزمەتکردنی پیاوان هەن».



## یاری وێنە

ئەم وێنەیەی پلیکانە و ناوەوەی باڵەخانەیەکە گیراوە، هەوڵدە زیرەکیی خۆت بزانە و لە ماوەی ٣٠ چرکەدا بزانیت وێنەکە لە سەرەوە، یان لە خوارەوە گیراوە، بە جوانی دیقەتی ناوەوەی وێنەکە بدە.

## فیلم




### ئینۆلا هۆڵمز - Enola Holmes 2

یەکێکە لە زنجیرە فیلمەکانی تاوانکاریی مایستری تایبەتە بە چیرۆکی ئەفسانەی شارلۆك هۆڵمزی ئینگلیزی، دوای نەمانی شارلۆك، ئەمجارەیان خوشکەکەی کە ئینۆلایە، ڕووبەڕووی ستەمکاری و کەسانی شەڕانگێز دەبێتەوە، دوای ئەوەی لە بەشی یەکەمی فیلمەکەیدا سەرکەوتنی بە دەست هێنا، ئەمجارەیان لە بەشی دووەمدا بە فیلمێکی دوو کاتژمێر و نۆ خولەکی، دەبێتە ئەفسەری لێکۆڵینەوە و یەکەم کەیس دەربارەی ونبوونی کچێك وەردەگرێت، جگە لەوەش لەلایەن برای خۆیەوە (شێرلۆك) هاوکاری دەکرێت، فیلمەکە لە دەرهێنانی هاری برادبێرە و لە مانگی ١٠ی ئەمساڵ فیلمەکە نمایش کراوە، لە نووسی گێلس نیوگێنسە، لە نواندنی: میللی بۆبی، لویس فۆرترایگ، هێنری کاڤێل، هانا دوود، هیلینا بۆنام دەڤید تیولیس.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

تواناکانت پەرەدەسێنن و ئەزموونی زیاتر پەیدا دەکەیت، خۆشەویستەکەت بە تەواوی هۆگرت بووە و دەیەوێت پەیوەندییەکەتان بەرەو بەهێزی بڕوات، ڕێگە مەدە ناکۆکی بێتە نێوانتانەوە، تەندروستیت زۆرباشە، وزەیەکی زۆرت هەیە بۆ جێبەجێکردنی کارەکانت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەم چەند رۆژە کارەکانت فەرمۆش مەکە و زیاتر گرنگیی پێ بدە، ئێستا کاتی گونجاوە بۆ ئەوەی تواناکانت دەربخەیت، هاورێی نوێ دەناسیت و بە کەسانی دیکە ئاشنا دەبیت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت، رۆژانە گرنگی بە خۆراکە کەم چەورییەکان بدە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە پیشەکەتدا بە وریاییەوە مامەڵە بکە و لەگەڵ کەسانی چواردەورتدا بە زویی بڕیار مەدە، هەبوونی خۆشەویستیی زۆر لە نیوان تۆ و خۆشەویستەکەتدا وادەکات پەیوەندییەکەتان سەرکەوتوو بێت، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ جیبەجێکردنی پرۆژەکانت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئەمرۆ دەرفەتی ئەوەت دەبێت کە لە ڕێگەی گفتوگۆوە هەستەکانت دەرببڕیت، لەگەڵ کەسێکی نوێدا یەکتر دەناسن و هاوڕێیەتی لە نێوانتان دروست دەبێت، هەوڵ بدە بە باشی بیناسیت و پاشان متمانەی پێ بکە، بۆ ئەوەی دواتر ڕووبەڕووی کێشە نەبیتەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


ئەم ڕووداوانەی ئەم چەند رۆژە ڕوویانداا، کاریگەریی لەسەر دەروونت کردووە و ماندوبوویت، لەلایەنی پیشەییەوە کارەکانت بەرزدەنرخێندرێت و شانازی بۆخۆتەوە دەکەیت، ئەگەر پەیوەندیی خێزانیت باش نییە، هەوڵبدە پەیوەندییەکەتان بەهێزتر بکەیت، چونکە لە کۆتاییدا ئەو کەسانەی لەگەڵت دەمێننەوە، خێزانەکەتن.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


هاورێکانت پرۆژەیەکی نوێ دەهێننە بەردەمت بۆ ئەوەی پێکەوە ئەنجامی بدەن، پێشتر هەرگیز ئەو کارەت تاقی نەکردووەتەوە، ئەمەش دەبێت بە ئەزمونێکی نوێ بۆت، خۆشەویستەکەت نیگەران بووە دەربارەی پەیوەندییەکەتان و بەپێی پێویست گرنگیی پێنادەیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly December 5, 2022 Issue,No.1344


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەڤینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626